گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ـ ساڵی یەکەم ـ ژمارە ٢ ـ هاوینی ١٣٦٤

سروە


ئەدەبی ـ فەرهەنگی

٢

١٣٦٣

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیوویی



مامۆستا حەقیقی :

(تەخمیسی)
موناجاتی حاجی قادر

ئەی پاک و تاک و تەنیا ، ئەی خێوی مەند و جاری
ئەی ئەو کەسەی کە هەر تۆ ، عاری لە عەیب و عاری
یاری نیازمەندی ، نیتە نیازی یاری
ئەی بێ نەزیر و هەمتا ، هەر تۆی کە بەرقەراری
بێ دار و بێ دیاری ، بێدار و پایەداری

* * * * *

خوای ئەرز و ئاسمانی ، رازی دڵان دەزانی
ئاوی گوڵان دەدێری ، مایەی بەری رەزانی
مێخۆش و مزر و شیرن ، تام و مەزەی مەزانی
بۆ باغی مەردی باغی ، سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعی فەقیران ، سەرمایەکەی بەهاری

* * * * *

شایانی تۆیە شایان ، بۆ سوژدە سەر دەکەن خەم
شایی شیاوی تۆیە ، تۆ یەم ئەوان لە نەم کەم
تۆی نازمی گەڕانی ، رۆژ و شەوی مونەززەم
تۆ پادشا نیشانی ، بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێ سەدر و شانشینی ، بێ پەردە پەردەداری

* * * * *

بینای نیزیک و دووری ، بەخشەندە و غەفووری
عیسیان بەوێ وفووری ، هەر تۆی کەلێ دەبووری
تۆ مالیکوڕڕیقابی ، مڵکت نیە سنووری
جەبباری بێ فتووری ، سوڵتانی بێ قسووری
رەززاقی مار و مووری ، ئاودێری دێمەکاری

* * * * *

ئەو ئاسمان و ئەرزەی ، پڕ تەنتەنە و شکۆیە
ئەو شەمسی عالەم ئارا ، ئەو کەهکەشان و کۆیە
ئەو دەشتی وەک بەهەشتی ،بەو شکڵ و رەنگ و بۆیە
فەیرووزە تەختی گەردوون ، مەسنووعی نەقشی تۆیە
یاقووت و لەعل رۆژە ، ئەستێرەکان دوراری

فەرمووتە "لەن تەرانی"، بەڵام بەوەی عەیانی
هەرچی لە ماسیوا دا ، تۆ خالیقی هەمانی
وەخت و زەمانی تۆیە ، بێ وەخت و بێ زەمانی
جێ و مەکانی تۆیە ، بێ جێ و بێ مەکانی
لەیل و نەهاری تۆیە ، بێ لەیل و بێ نەهاری

* * * * *

لەو رۆژە دا دەفەرمووی ،ئی کێ یە مڵک و بەرهەم
ئی تۆیە قەهر و قودرەت ، باکت نیە لەو و لەم
بێ نایب و وەزیری ، ناکەی پرس بەو و بەم
هەر ئەمری تۆ مەدارە ، بۆ کار و باری عالەم
هەر چەندە بێ وەزیر و ، بێ سەدر و کار و باری

* * * * *

عەقڵ سەری دەماسێ ، لە پەردە و حیجابان
باز و هەڵۆی تەفەککور ، مێشوولەیێکی بەربان
فەرمانبەر و موتاعن ، بەحر و بەڕ و بیابان
سەحرانەوەردی شەوقت ، خورشید و ماهی تابان
دوو جاریەن شەو و رۆژ ، بێ مەحمیل و عەماری

* * * * *

مەخلووقی زاتی تۆیە ، عالەم درشت و وردی
زەڕڕاتی کائیناتێ ، ئەڵڵایە زیکر و ویردی
تەنیا نە هەر " حەقیقی " حەمدی سیفاتی کردی
مەعلوومە بۆچی " حاجی " مەدحت دەکا بە کوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی . نەکراوە مەدحی باری

نێوەرۆک







وێنەی روو بەرگ : شوانێک لە هەورامان
وێنەی پشت بەرگ : بەندی ورمێ
وێنەی نێوەڕاست : ئاوایی میانە لە نێوان سنە و مەریواندا (سوپاس لە عەکاسی تیشکی سنە)

گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی
سروە
لە ژێر چاودێری دەستەی نووسەران
ناونیشان : ورمێ ـ خیابان شهید باکری ـ نبش کوی ساعد ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی (مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی) تلفن : ٣٥٨٠٠

سەروتار

وێڕای سڵاو
لە خوێنەرانی بەڕێز

کام ئینسانی خاوەن فیکر گومانی لەمەدا هەیە کە لەرێ لادانی کۆمەڵێک لە کوشتنیان دزێوترە؟ کێ بێ بڕوای بەمە نەبێ کە رێنموونی کردنی ئینسانێک لە زیندوو کردنەوەی مردووێک گرینگترە؟ ئاشکرایە کە یاریدەدانی سەر لێ شێواوێک،دەست گرتنی داماوێک، کۆمەک بە لێقەوماوێک نەک هەر دەبێتە هۆی رەزامەندی خوا، بەڵکوو کوڵ و کۆی دڵ و دەروونی تامەزرۆی ئەویندارانی سەربەستیش دادەمرکێنێ.

بۆ بەختەوەری هەرکەس تەعبیرێکی جیاوازی هەیە و ئەم تەعبیرە لێک جیاوازانە لە زۆر جێگادا ناتەبایی‌یەکی بنەڕەتی ئەوتۆ پێک دێنن، کە زاناکانیش سەرەدەری لێ ناکەن، ئێمەش نامانەوێ لێرەدا خۆی پێوە خەریک بکەین.

لەمێژ ساڵە هەر لەو کاتەڕا فاممان کردوتەوە باوباپیرانمان مانایەکیان لە دڵ و مێشک چەسپاندووین و تام و چێژەی ئەومانایان لەبنی ددان رۆکردووین. ئێستا کە هەموومان، چ پیر

چ لاو ، چ ژن چ پیاو ،دێنشین و خەڵکی شار خوێندەوار و نەخوێندەوار ،لەژێر دەسەڵاتی حاکمیەتی مەعنەوی فەرهەنگێکی هاوبەشدا ین ، هیچ پێویست ناکا لەسەر ئەم تەعبیرە کە هەموومان وەک یەکی بۆ دەچین بڕوێین . تەنیا مەبەستمان ئەوەندەیە ژەنگ و ژواری فەرامۆشی لەسەر ئاوێنەی دڵمان بسڕینەوە و خۆمان وەبیر بێنینەوە . ئەو ژەنگەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەری نیشتووە و لە زۆر جێگا بۆتە هۆی رێ هەتڵە بوونی میللەتان و کاڵ بوونەوەی رەنگی فەرهەنگەکەیان تا جێگایەک کە کەسایەتی نەتەوایەتی و ئینسانی و دینی خۆیان لەدەست داوە و بەوەی کە بوویان ناناسرێنەوە .

ئەرکی قەڵەم و قەڵەم بەدەست ئەوەیەکە تابلۆیەکی دروست لە واقیعیەت بکێشێتەوە و لە پەنای ئەودا حەقیقەتی مەکتەب و فەرهەنگی رەسەنی هەر میللەتێک نیشان بدا ، کە ئەوەش دەستەبەری سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەکە .

نووسەری ئێمە دوو ئەرکی گرینگی لەسەر شانە ، لە لایەک دەبێ پڕ و پووچی ، دزێوی و بێبایەخی ئەوخوو و خدە و ئاکارانەی کە دەستکردی فیکر و خەیاڵە باتڵەکانی داسەپاوی بێگانە و نەفسی ئەمماڕەی دەروونی خۆمان نیشان بدا و لەلای ترەوە پەردەی فەرامۆشی لەسەر نرخ و پلەی واقیعی بایەخە رەسەنەکان هەڵداتەوە و بە بووژاندنەوەی فیترەتی پاک و خاوێنی ئینسانەکان جم و جوولێک بخاتە ئەندامی سست و بێهێزی کۆمەڵ وتوولە نەمامی ژیانی کۆمەڵ لە گێژە لووکەی خەیاڵاتی باتڵ رزگار بکا .

لێرەدا دەردەکەوێ کە جەوهەری قەڵەمی زانا لە خوێنی شەهید پڕبایەخترە . ئەگەر خوێنی شەهید ناپاکی دەسڕێتەوە ، خوێنی قەڵەم جگە لەوەش پاکی دەخوڵقێنێ. خوێنی قەڵەم خوێنێکی گەش و پاک داژوێتە دەماری کۆمەڵ ، هەرکات پێویست بێ بۆ دیفاع لە شەرافەت و ئینسانیەت ، پاکی و سەداقەت برایەتی و عەدالەت ، چەوساوە و زۆر لێکراو ، بەکورتی بڵێین لە هەموو بایەخە رەسەنەکانی ئینسانی و مەکتەبی خۆ تەیار دەکا . ئەڵبەت هەروەک لە ژمارەی پێشوودا گوتمان تەنیا مەرجی گەیشتن بەو ئامانجە تەعەهوودی قەڵەمە ،دەنا لە دونیای ئیمڕۆدا بە میلیۆن و بە میلیارد قەڵەم بەسەر لاپەڕەی کاغەزدا دەگەڕێ و جگە لە گەمە پێ کردن و خافڵاندن و لەخەوکردنی خەڵک چی دیکەیان نەکردووە .

بە کورتی دەبێ سنووری تەعەهوود و بێ قەیدی بناسرێتەوە و شێوەیەکی ئوسوولی و لەبار بۆ ناساندنی دیاری بکرێ .

ئەم باسە بەرێکی درێژی هەیە و لەم ژمارەدا ناتوانین لەمە زیاتر لەسەری بڕۆین ، هیوادارین بتوانین لە ژمارەکانی داهاتووشدا درێژەی ئەم زنجیرە باسەتان پێشکەش بکەین .

لێرەدا لە درێژەی باسی پێشوومان لەسەر پێویستی کوردیبوون و ئەدەبی ـ فەرهەنگی بوونی "سروە" بە پێویست دەزانین چەند مەسەلەیەکی دیکەش بێنینە گۆڕێ ، تا بەڵکوو بە هاوکاری و هاوفیکری ئێوەی بەڕێز لە ڕێگایەکی باشتر و کورتترەوە بە ئاکامێکی دڵخوازتر بگەین. دڵنیاین کە بە یارمەتی خودای مەزن و ڕێنوێنی ئێوەی خۆشەویست بەو ئامانجە دەگەین .

وێڕای سوپاس لەو خۆشەویستانەی کە بە پشتگرتن و بەرەو پێش هاندانی ئێمە و هەروەها بە رەخنە و پێشنیاری بەجێ و بە کەلک بۆ پێشکەش کردنی گۆوارێکی پڕ نێوەرۆکتر دڵگەرمیان کردووین ، بۆ دەربڕینی ڕێز و حورمەتی خۆمان بەرانبەر بەو هەموو پەیامە گەرم و

گورانەی کە لێکدا لێکدا بەرەوڕوو یا بە نامە و تەلەفوون دەگەیشتنە دەستەی نووسەرانی سروە ،بە باشمان زانی چەند خاڵێکی گرینگ لەسەر ئەو پرسیار و پێشنیارانەی هاتبوونە گۆڕێ، روون بکەینەوە :

دەستەیەک لە خوێنەرانی بەڕێزی سروە ویستوویانە لەسەر بابەتەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و...یش بنووسرێ ، لە وەڵامدا دەبێ عەرزتان بکەین کە :

لە حاڵی حازردا بۆمان ناگونجێ هەموو پێداویستییەکان دابین بکەین.بەڵام سەرەڕای بەرتەنگی لاپەڕەکانی گۆوارەکەمان تێدەکۆشین بەرەبەرە بەهێنانە گۆڕێ ئەو باسانە ویست و داخوازی ئەم خوێنەرە بەڕێزانە بەجێ بێنین ، هەڵبەت لە گەڵاڵەی درێژ خایەنی خۆماندا پاشکۆی تایبەتی منداڵان ، مێر منداڵان،ژنان ،ئابووری ، ئاینی و...مان دەبێ، کە بە مەرجی هاوکاری ئێوە دەست بە بڵاوکردنەوەیان دەکەین . (انشاءا ...)

دەستەیەکی دیکە لەو بەڕێزانە داوایان کردبوو کە لە گۆوارەکەدا بە لەهجە جۆراوجۆرەکانی کوردی شت بڵاو بکرێتەوە تا بەم شێوەیە هەموو بتوانن کەلکی لێ وەرگرن .لە وەڵامدا **دەڵێین: ئێمەش وەک زۆربەی ئەدیبەکان بڕوامان بە یەکەتی زمانی ئەدەبی کوردی هەیە .هەر بەم پێیە شوێنە تا ئەو دەم کە کۆنگرەیەکی ئەدەبی ـ فەرهەنگی پێک دێ و رای زۆربەی قسەزانان و پسپۆڕانی ئەدیبمان دێتە دەست ،ئێمە لە لەهجەی نێوەراست کەلک وەردەگرین. دیارە تێدەکۆشین لە هەر ژمارەیەکدا چەند شیعر و باسی فۆلکلۆری جنووب و شمال بە لەهجەی تایبەتی خۆی بڵاو بکەینەوە .**

روونە کە ئەم کارە تەنیا لەبەرویست و داخوازی خوێنەرانی سروە نیە ،بەڵکوو بەڕاستی بە پێویستی دەزانین چون لە لایەک سەرنج دانە بە ئەدەبی عامیانەی تەواوی مەڵبەندە کوردنشینەکان و لەلای دیکەشەوە جوانی و رێک وپێکی و پوخت و پاراوی هەموو لەهجەکانی کوردی دەپارێزێ.

ئەم باسە لە بابەت رێنووسیشەوە بەدی دەکرێ. سەرەڕای ئەوە کە لە ژمارەی پێشوودا چۆنیەتی پێویستی ئەم رێنووسەمان راگەیاندووە و زۆربەی ئەدەبدۆستان و مامۆستایانیش پشتیوانییان لێکردووە ، دیسان هێندێک لە خوشک و براکان لەسەر ئەم مەبەستە پێ دادەگرن کە نووسراوەکانیان بە شێوە نووسینی تایبەتی خۆیان چاپ بکەین،ئەم کارە سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ و یەک پارچە بوونی گۆوارەکە تێک دەدا ئێمە لەو بارەدا ئەزموونێکی تاڵمان هەیە کە نامانەوێ دووپاتی بکەینەوە.

ئێستاش بەپێی راونەزەری گشتی خوێنەرانی سروە ، هەروا بەم رێنووسە نووسراوەکان چاپ دەکەین . بەڵام ئەوەش رادەگەیەنین کە ئەگەر بێتوو چەند وتاری بەڕێ وجێمان بگاتە دەستکە چەند نەزەری تایبەتی لەباری رێنووسەوە تێدابێ،جێگایەکی تایبەتی لە گۆوارەکەدا بۆ لەبەر چاو دەگرین .تەواوی بیر و ڕا جۆراوجۆرەکان کۆ دەکەینەوە و رایان دەگرین بۆ ئەو کاتەی کۆنگرەی ئەدەبی پێک دێ.

بەو هیوایەی توانیبمان ئەم مەبەستە بە جوانی روون بکەینەوە.

لەسەر وتاری ژمارەی پێشوودا رچەمان شکاند بۆ چاپی وتاری تەحقیقی و... بەزمانی فارسی. ئەم باسە پێشوازییەکی شایەنی باسی لێکرا بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەوە کە بە تەواوی شارەزای خوێندن و نووسینی زمانی کوردی نین ، لێرەدا ئەم مەبەستە رادەگەیەنین : **کە ئەم خۆشەویستانە تەنیا چاویان لەوە نەبێ کە چەند**

وتاری فارسی‌یان بۆ چاپ بکرێ، دەبا قەدەرێک خۆ ماندوو بکەن و تێبکۆشن و زمان و ئەدەبی نەتەوەی خۆیان فێر بن. لەو کاتەدا دەتوانن لە تێکڕای بابەتەکانی گۆوارەکەش کەلک وەربگرن.

هاوکات لەگەڵ پێشنیاری ئەو ئازیزانە کەرایان لەسەر ئەمەیە سەروتار بە کوردی بێ پێویستە رابگەیەنین کە ئێمەش رەخنەمان لەوە هەیە و لەسەر ئەم باوەڕەین کە سەروتاری گۆوارێکی کوردی دەبێ بە کوردی بێ. جا هەر بەم پێ وشوێنە و هەر وەها لەبەر ئەو دەستە لە خوشک و برایانی کورد کە فارسی نازانن، سەروتارمان بە هەر دووک زمانی فارسی و کوردی لە چاپ داوە تا هەموو لایەک بتوانن کەلکی لێ وەربگرن.

لە کۆتاییدا شوکری خودا تەواو ناکەین کە ئێوەی خۆشەویست ئاوا دڵسۆزانە بەرەو پیرمان هاتوون، ئێمە دیسان دەستی یارمەتی بۆ لای ئێوە درێژ دەکەین، چون لەسەر ئەم بڕوایەین کە بێ یاریدە و پشتیوانی هەموو لایەنەی ئێوە، ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانە ئاکامی نابێ و ئەم سروەیەش دەکەوێ. جا کە وابوو لێرەدا دیسان دووپاتی دەکەینەوە کە سروە پێوەندی بە هیچ چین و توێژێکی تایبەتی‌یەوە نیە و لە تەواوی چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی موسڵمانی کورد بە تایبەتی عولەما و مامۆستایانی پایەبەرزی ئاینی، ئەدیبانی خاوەنڕا و فەرهەنگی‌یە بەڕێزەکان و خوێندکارانی زانستگاکان و قوتابیانی بەڕێز بە کورتی ئەدەبدۆستانی شارەزای فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی چاوەڕوانی هاوکارین.

" سروە " سروەی خۆتانە و بەهی خۆتانی بزانن و بە سەرنجەوە بڕواننە نێوەرۆک و شکڵ و تەرح و قیمەت و... بە کورتی لەهەر بارێکەوە کەم و کووڕیتان پێ شک دێ بە رەخنە و پێشنیار پێمانی رابگەیەنن، کە دەبێتە هۆی دڵگەرمی و هەوێنی هومێد و هیوای نووسەران و کاربەدەستانی سروە بو داڕشتنی گەڵاڵە بەنرخەکانی دیکە و هان دانیان لە رێگای خزمەت بە فەرهەنگی پاراوی کوردی. خۆشی و بەختەوەریتان لە خوای میری مەزن ئاواتە خوازین.

دەستەی نووسەران

سرمقاله

با سلام به خوانندگان عزیز مجلهٔ " سروه "

از نظر تمامی افراد اندیشمند و صاحب فکر، در اینکه گمراه ساختن از کشتن قبیح تر و هدایت از زنده ـ ساختن ارزشمندتر است، هیچ تردیدی وجود ندارد، روشن است که بر این اساس کمک به درراه‌ماندگان و گم‌گشتگان و یاریشان درطی طریق سعادت و رسیدن به وادی ایمن، امری بس والا و پسندیده و مرضیّ خاطر خالق و خلق است و آرام بخش درون متلاطم بی انتها طلب و سینه عطشان آزادگان.

هرچند که در تفسیر سعادت ممکن است اختلاف نظر (حتی اساسی) و آنهم تا بین دانشمندان بزرگ وجود داشته باشد که دارد، لیکن خود را درگیر این مقوله نمی‌کنیم، چراکه مردم ما، پیران زحمتکشیدهٔ ما، از اولین لحظاتی که فهمیدن آغاز کردیم، تفسیر آنرا در گوشمان زمزمه کرده و حقایق برینی را با گوشت و پوست و استخوانمان درآمیخته‌اند...

و خلاصه اکنون که در قلمرو نفوذ و حاکمیت معنوی فرهنگی واحد، قرار داریم، لزومی به طرح بحثی که تفسیر آن

وجه مشترک اعتقادات همگی ما، از پیر و جوان، زن و مرد روستائی و شهری، تحصیلکرده و درس ناخوانده است، نمی‌بینیم آنچه اکنون مورد نظر است تنها تذکر و یادآوری و زدودن زنگار غفلت و فراموشی از آئینهٔ تمام نمای دل است. همان آفتی که فراز و نشیب تاریخ و تنش زمان، بعضا تا مرز انحراف و خودباختگی فرهنگ و هویت ملی، انسانی و دینی قومی را دستخوش تغییر و دگرگونی می‌سازد.

رسالت قلم بدستان قوم در اینستکه با تصویر کردن واقعیات در کنار ترسیم حقایق فرهنگ و مکتب و تشریح هویت اصیل فرهنگی که بی‌شک شخصیت مستقل ملی را (تا مرز حفظ مفهوم مرز ناشناس انسانگرائی) متضمن است، جامعه را آگاهانه به پیراستن این غبارها دعوت نماید و با بیدار ساختن فطرتهای پاک و سالم، از طریق تبلیغ ارزشهای اصیل و تاکید بر قبح ضد ارزشهای خانه‌زاد نفس و اندیشه‌های تزریقی و تحمیلی بیگانگان، جهشی در اندام بیمار گونه اجتماع افکنده و کشتی توفانزدهٔ حیات را به ساحل سلامت و پاکی رسانند.

بدین جهت بروشنی می‌توان افضلیت مداد دانشمندان بر خون شهدا را دریافت. چراکه خون قلم هم نافی ناپاکیهاست و هم خالق پاکیهاست و این خون قلم است که خونهای پاکی را در رگها بجریان می‌اندازد، تا گاه لزوم و ضرورت، از انسانیت و شرف، پاکی و صداقت، صفا و اخوت، مظلومان و ضعفاء و خلاصه تمامی ارزشهای اصیل انسانی و مکتبی دفاع نماید. البته همچنانکه در شمارهٔ قبل یادآوری گردید، نیل به هدف فوق تنها به شرط تعهد قلم است وگرنه امروزه میلیونها قلم بر صفحات میلیاردها برگ کاغذ می‌رقصند تا مردم را بر صفحهٔ گیتی برقصانند، بخوابانند و بمیرانند.

فی‌الجمله باید مرز تعهد و بی‌قیدی را بازشناخت و شیوهٔ اصولی و متقن کاربرد آنرا بازشناساند....

نظر به تفصیل بحث از یکسو و محدودیت درج مطالب در نشریه، ادامهٔ بحث را بصورت سلسله‌وار در شماره‌های بعد، ادامه خواهیم داد.

اکنون در ادامهٔ بحث ضرورت کردی و ادبی ـ فرهنگی بودن "سروه" لازم می‌بینیم تا پاره‌ای دیگر از مسائل را با شما خوانندگان عزیز درمیان گذاشته، باشد که از این رهگذر با طی رهی کوتاهتر به کیفیت ایده‌آل در طرح مطالب و نتایج مطلوب نائل آئیم. چه اعتقاد راسخ داریم، با اتکال به امداد الهی و راهنمائیهای شما عزیزان تحقق این امر حتمی خواهد بود. در اینجا ضمن تشکر از همه عزیزانی که با تقدیر و تشکر و نیز انتقادات و پیشنهادات خود ما را در ارائهٔ کیفیت برتر دلگرمی و امید بخشیدند، یادآوری می‌کنیم که نظر به احساس مسئولیت و احترام و علاقه خود نسبت به سیل پیامهای تلفنی، نامه‌های کتبی و راهنمائیهای حضوری خوانندگان گرامی مناسبتر دیدیم تا حول نقطه نظرات، تاکیدات و سوالات مطرح شده، نکاتی را روشن سازیم:

گروهی از خوانندگان محترم، ضمن اظهار علاقه از چاپ مجلهٔ "سروه" خواسته‌اند تا مباحثی را به زمینه‌ها و موضوعات مختلف دیگر اجتماعی، اقتصادی و .... اختصاص دهیم. با این دسته از عزیزان باید عرض کنیم که:

در حال حاضر امکان برآورده ساختن تمامی انتظارات برایمان مقدور نیست. لیکن علیرغم محدودیت صفحات نشریه تلاش خواهیم کرد بتدریج با طرح مباحث مفیدی بدعوت این دسته از برادران و خواهرانمان

پاسخ مثبت دهیم . مضافا باطلاع میرسانیم که در برنامهٔ دراز مدتِ خود، طرح ضمیمه‌های ویژه‌ای در موضوعات مختلف کودکان، نوجوانان، زنان و اقتصادی ـ مذهبی و... را در نظر داریم، که در صورت فراهم آمدن امکانات لازم و همکاریهای شما عزیزان، بدان اقدام خواهیم کرد (انشاءا...).

جمعی از عزیزان نیز تقاضا کرده بودند که در نشریه از لهجه‌های مختلف کردی استفاده شود تا بدین ترتیب همگان بتوانند بنحو احسن از مطالب نشریه بهره‌مند گردند . در این رابطه متذکر می شویم که :

ما نیز همانند بسیاری از ادبا به وحدت در لهجهٔ کردی معتقد بوده و بر این اساس تا تعیین لهجه ادبی کردی که قطعا میباید در یک کنگرهٔ ادبی ـ فرهنگی و با اکثریت آراء ادبا و سخندانان کرد محقق گردد، از لهجهٔ میانی استفاده کرده‌ایم . البته سعی کرده و می‌کنیم که در هر شماره قطعاتی از اشعار و یا مباحث فولکلوریک جنوب و شمال را با لهجهٔ ویژه‌اش بچاپ رسانیم. روشن است که وجه اخیر نه بخاطر تقاضای "سروه خوانان" ارجمند و بلکه برا اساس دو ضرورت است ، نخست ضرورت توجه به ادبیات عامیانهٔ تمامی مناطق کردنشین و دیگر ضرورت حفظ ایجاز و بلاغت ، زیبایی و فصاحت ، مفاهیم سمبلیک و اصطلاحات منحصر بفرد هر نوع از لهجه‌های کردی . همین بیان در خصوص رسم‌الخط نیز جاری است و علیرغم آنکه در نشریه قبل ضرورت رسم‌الخط واحد را متذکر شدیم و بسیاری از ادبدوستان نیز از این موضع حمایت و تقدیر کرده‌اند، لیکن بعضی از دوستان اصرار دارند که مطالبشان را با رسم‌الخطهای خاص خود (که خواننده را با مشکلات زیادی مواجه و زیبایی و یکپارچگی نشریه را از بین می‌برد) چاپ نمائیم .

با توجه به نظرخواهی صورت‌گرفته از علاقمندان سروه کماکان مطالب را با رسم‌الخط فعلی چاپ کرده باطلاع میرسانیم که در صورت ارسال مقالاتی که بطور منطقی و مستدل نقطه نظرات خاصی را در مورد رسم‌الخط بیان دارد، ستون ویژه‌ای را برای این امر منظور میداریم ، تا هرگونه بحث لازم در این خصوص، در جای مشخص خود عنوان گردد ، بدیهی است رسم الخط کردی قطعی نیز باید از سوی کنگرهٔ مذکور معین گردد . امید است توضیحاتمان مقبول افتد .

"سرمقاله" شمارهٔ قبل پیرامون بازبودن باب چاپ مقالات تحقیقی و ... بزبان فارسی در "سروه" بحث شد . این امر با استقبال برادران و خواهران کردی که هنوز به ادبیات و خاصه نوشتن و خواندن کردی تسلط لازم را ندارند روبرو گردید . در اینجا تذکر می‌دهیم که :

این دسته از عزیزان باید در فراگیری زبان و ادبیات تلاش بیشتری بخرج دهند تا بتوانند از مجموع مطالب نشریه استفاده کرده و تنها به معدود مقالات فارسی که در صورت ارسال از سوی خوانندگان بچاپ میرسد اکتفا نکنند . همچنین لازم است در رابطه با پیشنهاد عده‌ای از عزیزان کردی بودن سرمقاله عرض کنیم که ما نیز اعتقاد داریم که سرمقاله نشریهٔ کردی باید بزبان کردی باشد . براین اساس و نیز بخاطر بهره‌مندی برادران کردی که فارسی نمی‌دانند در این شماره سرمقاله را بهر دو زبان کردی و فارسی چاپ کرده‌ایم تا همگان را سودمند افتد .

در پایان بار دیگر در راستای استعانت از خدای

ص ۹۸ ←

مامۆستا سەید تاهیری هاشمی

بۆ سروەی ئازیز

نووسەران و کاربەدەستانی سروە بە پیر و لاوەوە خۆیان سەربەرز دەزانن و شانازی بە کارەکەیان دەکەن ، کە مامۆستایەکی وا پیر و دڵتەڕ ، وا پاک و خاوێن، وادڵسۆز و نیشتمانپەروەر بەسەری کردوونەوە .

سەید تاهیری هاشمی ئەم کوردە مەزنەیە کە لەوەتی دەستی قەڵەمی گرتووە، بۆ بردنە پێش و پەرەدانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی تێکۆشاوە و هەوڵی داوە و سەریش کەوتووە. ئێستاش وازی نەهێناوە و ئەوەتا لاپەڕەکانی " سروە "ی رازاندۆتەوە .

هیوادارین خوای مەزن سێبەری ئەم پیرۆزە خۆشفەڕەمان لە سەر کەم نەکاتەوە .

ئەرێ سروەکەی تەوس لە دڵ دەرکەر
بۆی سمڵ و مێخک یەخەی دڵبەر دەر

بەربەیان لە زلف یاران تێ پەڕیو
عەتری شەمامە و کاڵەبەی کڕیو

نەفەس عەنبەر بێز بۆی مشک خاڵان
هاورێ لەگەڵ نازملّقی مندالان

رێی بەرۆک گرتوو هێمن بە کەم کەم
سەر کێشا و لە گەنج لیمۆ و سینەومەم

هاوڕاز تورڕەی گەردن بێ گەردان
هەتای عەبیرین سارا و سەر هەردان

کڵاو ئەوکڵاو راخ و زاخ و شاخ
لە بۆی هەناسەت یەکسەر وەپەرداخ

ئارامی دڵان گیان ئەفزای گیانبەخش
چڵە پۆپەی دار لە هاژەت نەلەخش

قاسپەی سوێسک وکەو، چریوەی مەلان
مەستی و پیرەی شۆخ نێچیری بەلان

پارێزی چالاک نێچیروانی شەنگ
وەبێ خشپەی پێ نیهان لە سای سەنگ

شنۆی شادی و شەوق بێ بایی و هەرزان
سڵەوینەوەی کەڵ لەسەر بەرزان

هەموو بە هەوای هیوای تاسەتە
لە بۆنەی شادی بۆی هەناسەتە

سروە ! چەن هاوین گەرمم رابوارد
ئاوی تاڵ و سوێر بن شیوانم خوارد

هوڕە و مێشوولە و تۆفانە و شەوکەز
بە سەرما بارین بێ پەروا و نەبەز

مەپرسە لە نێش زەنگنە وەمەی شەو
نەی دەهێشت بچێ ئەچاوانم خەو

هەتا کوو گەیی تەمەن بە پیری
سەری هەڵدالیم زاری و زویری

نەکا بێنی خۆش تۆ چوو بە سەرما
جوانی لە نوێ هاتۆ بە بەرما

لە بیرم نەما ژاراوانی تاڵ
فراق فرامۆش شیرینی وساڵ

باری پەژارە لە شانم داکەوت
راستیم دییەوە لە زەمانەی چەوت

گوڵی ئارەزووم رووی نواندەوە
تۆوی ئاواتم لە دڵ چاندەوە

خەم و مەینەت و سەخڵەت بوون بەرباد
دڵ شاد ، لاشە شاد،رۆح شاد، سینە شاد

یاخوا بەخێر بێی مایەی ژیانم
هێمن هێمنی ، بەسەر چاوانم


زوو زوو بێ و ، بێنە بۆ چاوانی من
جەواهێر سورمەی تۆزی پێی هێمن

٨ ١٣٦٤/٥/١٧

طاهرهاشمی

پێشوازی زانایان و ئەدەبدۆستانی کورد لە سروە

خودا یاریدەی داین. نەمردین و بە ئاوات گەیشتین. سروە هاتە دەر. دیاری یەکی خۆماڵی بوو. خەڵک بەرەو پیری هاتن. پێشوازییان لێ کرد. مامۆستاکان، زاناکان ئەدەبدۆستەکان پشتیان گرتین. ڕێنوێنی یان کردین. نووسەرەکان لەسەریان نووسی، شاعیرەکان خزینە سووچێکی ئارام و بێدەنگ شیعریان بۆ دانا. هونەرمەندی بەردبڕ ئارمی سروەی بۆ هەڵکەندین. ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتیش ناویان بیستبوو نامەیان بۆ ناردین، ئەوە گەورەترین پاداشی نزیک بە شەش مانگ حەول و تەقەلای دەستەی نووسەرانی سروە بوو. ئەوە ئێوە و ئەوەش بەشێک لە پێشوازی زانایان و ئەدەبدۆستانی کورد لە سروە.



بەشێک لە پەیامی مامۆستا مەلا ڕەشیدی قەرەنی زادە


ئیمام جومعەی مەهاباد

بەناوی پەروەردگاری زانا و توانا

دوای سوپاس و ستایشی کردگار

شادم لەوەی بۆ یەکەم جار گۆواری "سروە" لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا دەبینم.

... بە هەر حاڵ خۆش بەختیتان و هەروەها لەو کارە چاک و پاکەدا سەرکەوتنتان ئاواتە خوازم..



A. Mardukh,
Paris, France

دروست لەوەتەی بەتەصحیح ...

کاریکی دور حانە ... [illegible]

[illegible]

... هەر جاوانی پیشمان ناکن .

دلسۆزتان عبدالله مردوخ

[illegible]

بعد از سلام و دست بوسی استادان عالیقدر و کوشا و مجبوب مجلە (سروە)، توفیق همەتان را در راه نشر این گونە کارهای هنری و فرهنگی ارجمند از خداوند خواستارم . نامە ٤ مجلە سروە را دریافت نمودم و بسیار خوشوقت شدم ... ولی چون بواسطە پیری ... مطالعە و نوشتن سابق را ندارم ، فقط بدین عرض تبریک و تشکر از بندە خودتان قناعت بفرمائید . اگر حوصلە داشتم نظریە خود را تقدیم و بە خدمتتان ... وگرنە معذورم دارید ... اگرچە باوجود استادان دانا و مجرب زمین هیچ آوازی نیاید کە منم . نامرام را ببینید ... زبان روانتر بود . موفق و سرافراز باشید –

قربانتان نانع میلەکەر (ازشعرای کردستان)

٦٤/٤/١٩

بۆ سروە ی خوشەویس :

ئەی سروەکەی ناو ڕێی کوردان
پڕە هەنومای ئاوات . لە ناموراری
هەلێەپە . لە دلی پی ئەچم مبینی
ئارەزووم وایە ، کە شەوق بجیبی
یا خوا نەبینم هەرگیز تەرمی تۆ
سەر بە نرەمەت پێر حیزم هەلات
ئەی سروەکەی هەیوانی ژیان
دریژی عومرت لە سەر زیاری
دایم ماڵگەو رۆژ بە خوت ئەدوینی
لەم کورد بۆ ئەوکورد . پەیام گەیینی
ئافەرین لەبو حەیاو شەرمی تو
سەرمەرین لە باخ ئەفیرو ئابان
میرزا چاوەری سروەی حیمە
چون سروەی هێمن بەی دژمنە

میلەکەر

تەوریز : کاک قادری فەتتاحی قازی

... بە بۆنەی دەرچوونی گۆوارە جوانەکەتان ، گۆواری سروە ، بەڕاستی ناوەکەشی زۆر خۆشە ، لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەم ، هیچ چاوەڕوانی نەدەکرا لە هەوەڵی کاری، گۆواریکی وا – جوان و رێک و پێک دەربچێ ، ئومێدەوارم هەتا هەتایە گۆواری سروە بەرقەرار و راوەستاو بێ

[illegible]

قوم : خوشکە سروە بیکەس کوردی

...زانیومە نەک دیومە..... گۆواری (ئەدەبی – فەرهەنگی سروە) بە زمانی کوردی کەوتۆتە بازاڕەوە ،ئومێدەوارم ئەم گۆوارە وەک ناوەکەی سروەیەک بێ بۆ ژیانەوەی ئەدەب و فەرهەنگ و مێژووە شاراوەکەی گەلەکەمان.

مەهاباد : کاک ئەحمەدی بەحری

پاش چاوەنواڕی‌یەکی زۆر لە حەندە حەندی خەم و خەفەتدا ، ئەو کاتەی کە تینی تەوژمی خۆ لەبیر چوونەوە برستی لێ بڕیبووم " سروە " وەهانام هات و سوکنایی خستمە دڵ .

لە شایان بزم هاتێ و شانم بۆ هەڵتەکاند. لووشمەی سەر لێوم بارگەی تێک ناو کەس نەیگێڕاوە . چاوە برسی‌یەکانم دێڕ بە دێڕی نووسراوەکانیان وەرد داوە و کاسەی تاسەی تامەزرۆیی‌یان پڕ کردم و تینوویەتی یان شکاندم . هەوری گەواڵ گەواڵ کۆ بوونەوە و بەختە بارانەی بەهاری کێڵگەی رووتی بێ حاسڵیان ژیاندمەوە...

بوکان : کاک سمایلی قاسمی(هیوا)

بەڕاستی نازانم چۆن هەستی خۆم سەبارەت بە دەرچوونی ئەم گۆوارە بە نرخە (سروە) دەربڕم، کاتێکی سروەم بە شووشەی کتێب فرۆشی‌یەکانەوە دیت و بە تایبەتی کە دیتم لێی نووسرابوو ئەدەبی ـ فەرهەنگی هەر ئەوەندە بوو لە خۆشیان باڵم نەگرت و نەفڕیم . بەڕاستی ون بووی چەند ساڵەم بوو کە دیبوومەوە و ئەوەی لە عاسمانانی لێ دەگەڕام لە عەرزیم وەگیر کەوت ....

بروجرد : کاک مەسعوودی پاک نەهاد

بە بیری من سروە یەکەمین گۆواریکە کە پاش شۆڕش ، بەم شێوەیە و بەم نێوەرۆکەوە بڵاو دەبێتەوە .

سنە : کاک فەرەیدوونی

مەحموودی سروە بڵێسەی ئاوری هیوا و ئاواتی گەلەکەمانە ، کە وابوو دەبێ هەموومان لە ناخی دڵەوە تێبکۆشین و نەهێڵین ئەم کۆرپە ساوایە بەر لەوەی بە ئاواتی بگا بمرێ و وەجاخی فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەمان کوێر ببێتەوە .

چیە ئەم بایە وا فێنکی دڵانە
هەوێنی نەوبەهاری بولبولانە

زڕەی زەنگی سەلاحەددینی گوردە
ومیا " سروە"ی شەماڵی خاکی کوردە؟

چیە ئەم "سروە" وا دڵپێی گەشاوە
گڤەی وەک عوود و بێنی وەک گوڵاوە

مەکۆی دڵدارەکانی دڵبرینە
هەوایی شیعرە ، بەزمە ، پێکەنینە

شنەی با بۆچی هێندە دڵفەریحە
نەخێر ئەو سروە چەشنی فووی مەسیحە

خودا ئەم سروە تۆ نەبڕی لە دڵمان
بدا تین بۆ هەناوی پڕ لە کوڵمان

دەمبا "ئاسۆ" لە زەلکاوی تەم وبەند
وەدەر بێنێ بەرەو بەحری هونەرمەند

کورتە باسێک لە سەر ڕێنووسی کوردی

چەند خاڵێکی گرینگی‌تر لەسەر ڕێنووسی کوردی

١ ـ بە هاتنە سەرکاری کەمالیستەکان لە تورکیا و هاوکات دەگەڵ هەوڵدانی ڕەزا خان بۆ سڕینەوەی فەرهەنگی ئیسلامی و نەتەوایەتی لە وڵاتی ئێراندا ، کە لابردنی حیجاب ، قەدەغە کردنی لیباسی کوردی و پەرەدان بە فەرهەنگ و داب و دەستووری غەرب لە ئێران و تورکیا دا نموونە و بەرهەمێکی ئەو ئیستیعمارە فەرهەنگی یە بوو ، لە تورکیا بە پێی قانوون دەبوو بە زمانی تورکی بانگ بدەن و نوێژ بکەن ، و ئەلف و بێی عەرەبی یا باشتر بڵێین ئیسلامی کە هەموو وڵاتانی ئیسلامی لە وڵاتە عەرەبی یەکانەوە بگرە تا تورکیا ، و ئێران و ئەفغانستان و پاکستان بەو خەتەیان دەنووسی جێگای خۆی دا بە ئەلف و بێی لاتین کە ئەویش تەئسیرێکی فەرهەنگی ئیستیعماری غەربە لەو وڵاتە دا. ئەو کارەش تەئسیری کردۆ تە سەر ئەلف و بێی کوردی لە نێو کوردەکانی تورکیا دا . هەر چەند کە خوێندن بە زمانی کوردی و تەنانەت قسەکردن بە زمانی زگماکی کوردی بۆ کوردەکانی تورکیا قەدەغە بووە و ئێستاش هەر قەدەغەیە ، بەڵام ئەگەر بۆ نەهێشتنی ئەم زوڵمە و خزمەت بە زمانی کوردی هەوڵێکیش درابێ ، بە ناچار هەر لە ئەلف و بێی لاتین کەلک وەرگیراوە ، چونکوو هەم خوێنەر و هەم نووسەری کوردی تورکیا بە ئەلف و بێی لاتین شارەزا بووە .

جگە لە تورکیا ، کوردەکانی یەکەتی سۆڤیەتیش کە سەرەڕای کەم بوونی ژمارەیان توانیویانە بە زمانی زگماکی خۆیان دەرس بخوێنن ، بە ناچار لە ئەلف وبێی رووسی کەلکیان وەرگرتووە .

لە رابوردوودا زۆر جار هەوڵ دراوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ئەلف و بێی لاتین لە جێگای ئەلف و بێی عەرەبی دابنرێ . کە تا ئێستا سەرنەکەوتوون

بۆچی پێمان وایە دەبێ کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی بنووسین ؟ :

یەکەم : لەگەڵ ئەوەی کە ساختمانی بەدەنی هەموو ئینسانەکان وەک یەک خوڵقاوە و هەموو وەک یەک دوو چاو و دوو گوێ و کەپۆیەک و .. مان هەیە ،بەڵام عەوامیلی دەور و بەرمان و ئەوزاعی جوغرافیایی و ئیقلیمی ئەو جێگایانەی تێدا دەژین ، کار دەکەنە سەر هەڵکەوتنی ئەندامەکانی لەش و لە هەر ناوچەیەکدا نیژادێکی تایبەتی (رەش ، سپی ،..) پەیدا دەبێ .

هەر وەک ئەستووری و رەنگی پێست و رەنگی قژ و شکڵی لێو و چاوی ئینسان بە

پێی مەڵبەندی جوغرافیایی دەگۆڕدرێ باریکی و ئەستووری ژێیەکانی دەنگیش لە هەموو ئینسانەکاندا وەک یەک نیە ، باری پێچ و پەنا و رەهۆڵەکانی ناو گەرووی ئینسانیش (مخارج حروف) کە تەئسیر دەکەنە سەر لەرینەوەی دەنگ ، لێک جیاوازن و دەبینین دەنگی وا هەیە کە تایبەت بە زمانێکە و لە زمانەکانی دیکە دا نیە . لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵە زمانی وا هەن کە دەنگەکانیان لێک نزیکترن ،زمانی کوردیش لەبەر تێکەڵاوی لە مێژینەی کوردەکان لەگەڵ هاو وڵاتانی عەرەب و فارسی خۆی و هاوبەش بوونیان لە زۆر وشەوزاراوەدا بەم زمانانە نزیکترە و لە زمانی ئورووپایی یەکان دوورترە . زۆر دەنگی وا هەن کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە زمانە ئوررووپایییەکاندا نین ، پێچەوانەکەیشی هەر دروستە . هەر بۆیەش نووسینی زمانی کوردی بە ئەلف وبێی لاتین تەنگ و چەمەڵەیەکی زۆرتری لە پێشدایە و بێ گۆمان یەکێک لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵدانانەی باسمان کردن هەر ئەمە بووە.


دووەم : بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراقدا بەرهەمێکی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردیمان نیە کە بە رێنووسی لاتین نووسرابێ تاکوو سەرنجمان بۆ لای فێر بوونی ئەو رێنووسە رابکێشێ .

سێهەم : تا ئێستا شوێنەواری زوربە و بگرە هەموو شاعیران و نووسەرانی کوردی ئێران و عێراق هەر بە ئەلف و بێی عەرەبی چاپ و بڵاو کراونەوە ،کە گۆڕینی ئەو شوێنەوارە بە نرخانە بۆ سەر رێنووسی لاتین کارێکی ئاسان نیە و ئەگەر نەشیانگۆڕین خوێنەرانی داهاتوو بە تایبەتی بەرەی لاو و مێرمنداڵ بە تەواوی لە کەلک وەرگرتن لەو شیعر و نووسینانە بێبەش دەبن .

چوارەم : بە هۆی تێکەڵاوی ژیانی ئابووری و کومەڵایەتی و پەیوەندی فەرهەنگی نەتەوە دراوسێکانەوە ، لە دونیای ئەمڕۆدا هیچ زمانێک نیە کە لە زمانی نەتەوەکانی تر و بە تایبەتی دراوسێکانی تەئسیری وەرنەگرتبێ و بۆ دەوڵەمەند بوونی خۆی لە ئەدەب و فەرهەنگی وان بێنیاز بووبێ زمانی کوردیش لەم رێبازەدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زمانی فارسی و عەرەبیدا هەیە و گۆڕینی رێنووس دەبێتە هۆی ئەوە بەتەواوی پەیوەندیمان لەگەڵ برایانی فارس و عەرەب ، کە خاوەنی ئەدەبیات و فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و هەراون ، بپسێ و هەڵبڕانی ئەو پەیوەندییە لەکەلک وەرگرتن لە سەرچاوە هەرە بەنرخەکانیان بێبەشمان دەکا .

پێنجەم : لە ئەسڵدا هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەلف و بێی نەتەوە موسڵمانەکان بۆ سەر شێوە نووسینی لاتین پلانێکی ئیستیعماری و ئیمپیریالیستییە ، و مەبەستەکەشی دابڕینی نەتەوە موسڵمانەکان لە فەرهەنگ و زمانی یەکتر و لە فەرهەنگی رەسەنی ئیسلامی و قورئانی بووەکە لە ئاکامدا مەیدان بۆ نفووزی زیاتری ئیستیعمار ئاوەڵە دەکا و دەسەڵاتە گەورەکان زووتر بە ئامانجە شەیتانییەکانی خۆیان دەگەیەنێ ، کەوابێ ئەرکی هەموو ئازادیخوازانی موسڵمان و لە نێو ئەوانیشدا ئازادیخوازانی کوردە کە بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم پلانە ئیستیعمارییە تێبکۆشن ولەو داوەنەکەون

٢ ـ ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبی و فارسی و ...ەوە هاتوونە نێو زمانی کوردی دەتوانین بە ئیملای کوردی بیان نووسین . بەڵام ئەگەر نێوی کەسێک ، یا جێگایەک ئاڵۆز بێ دەتوانین هەر بە شێوەی زمانە ئەسڵییەکە بینووسین ، وەک : **نەسرین** ،



سەعید ، قامووس ، مەزهەب ، سەلاح،بەغداد و ... بەلام ، صلاح الدین ، دایرة المعارف ، مستوفی الممالک و ...

٣ ـ ئەگەر پیتی " و " یەکەم پیتی بڕگەیەک لە وشە بێ هەر بە یەک " و " دەینووسین وەک : **وشە ، ورچ ، ورد، وتی ، کاوڕ ، کاول** ، نووسینی ئەم وشانە بە"وو" لاساکردنەوەیەکی ناشیانە و فەرەنگی مەئابانە لە (W)ی لاتینە کە لە کوردیدا پێویست ناکا و زۆریش دزێوە .

٤ ـ ئەگەر ئاخرین پیتی وشەیەک بزوێن بێ بۆ زیاد کردنی پاشگری " ە " لە ئاخری وشەدا دەبێ " **ی** " یەکیشی پێوە بلکێ یانی بە جێگای " ە " دەبێ " **یە** " لە وشەکە زیاد بکەین :

بۆ وێنە : دڵێین "**بەرد** " ــ " **ئەوە بەردە**"
" **ئاو** " ــ " **ئەوە ئاوە** "

بەلام " **دۆ** " ← " **ئەوە دۆیە** "
" **ترێ** " ← " **ئەوە ترێیە** "
" **دارا** " ← "**نادر برای دارایە**"

لێرەدا ئەگەر بزوێنەکە " ی " یا " ێ " بێ پاشگری " **یە** " بەجوێ دەنووسرێ . بۆ وێنە : " **ترێ یە** " و " **عەلی یە**" و "**سپی یە** " دروستن و "ترێیە" ، " عەلییە " و"سپییە " نادروستن .

ئەگەر بزوێنەکەش " **وو** " بێ ، هەر " ە " زیاد دەکرێ نەوەک " **یە** " ، وەک : " **توو** " " **تووە** " .

٥ ـ ئەگەر ئاخرین پیتی وشەیەک بزوێن بێ بە جێگای زیاد کردنی پاشگری " **ێک** " و " **ێکی** " لە ئاخری وشەدا پاشگری "**یەک** " و " **یەکی** " زیاد دەکرێ .

بۆ وێنە :

" **بەرد** " " **بەردێک** " " **بەردێکی** "
" **کەو** " " **کەوێک** " " **کەوێکی** "

بەلام :

" **مراوی**" "**مراوییەک** " "**مراوی یەکی** "
"**دەرزی** " "**دەرزییەک** " "**دەرزەییەکی** "
" **گرێ** " " **گرێ یەک** " " **گرێ یەکی** "
" **برا** " " **برا یەک** " " **برا یەکی** "
" **موو** " " **موویەک** " " **موو یەکی** "

٦ ـ پیتی " ت " لە ئاخری فیعلی سێهەم شەخسی موزاریعدا نەنووسرێ باشترە ، وەک : " دەڕوات " ، " دەکات " ، " دەبێت "، .... کە لە ئەسڵدا " دەڕواتن "، " دەکاتن " ، " دەبێتن " ، ... بوون و "ن" ە کەیان قرتاوە و لە زۆربەی ناوچەکانیشدا بە بێ " ت " دەگوترێن و دەنووسرین ، وەک "**دەڕوا** " " **دەکا** " ، " **دەبێ** " ، **و ...** کە زوربەی نووسەرە کوردەکانیش ئەوەیان زیاتر لەلا پەسندە . شاعیرە کۆنەکانیشمان ئەم کارەیان کردوە ، وەک نالی دەڵێ :

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لەعەمدا وادەکا

یا شێخ رەزا کە دەڵێ :

کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا

٧ ـ لە شێوە ئاخاوتنی هێندێک ناوچەدا وشەی "**مندال** " ، " **قەند** " ، " **سوێند** "،"**چەند**" و ... بەبێ " **د** " دەڵێن و دەنووسن ، وەک : " منال "، قەن " ، " سوێن " و " چەن" کە بۆ زمانی ئەدەبی کوردی بە "د " ە وە بنووسرێن دروسترە . لە هێندێک ناوچەش بە جێگای " **د** " دەنگێکی زۆر نزیک لە " **گ** " تەلەفوز دەکەن، کە لە نووسیندا نارەوایە .

٨ ـ " د "ی پاشگری " **دا** " له هێندێک لەهجەدا تەلەفوز ناکرێ. بەڵام له زمانی ئەدەبی کوردیدا بگوترێ و بنووسری باشتره واتا " له هاوینا "، " له سەقزا " و ..... نادروستن و " له"هاویندا " ،" له سەقزدا" و ... دروستن .

٩ ـ پێشگری " **دە** " له زۆر جێگا بە شێوەی " ئە " دەگوترێ که زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی کورد به کارهێنانی " دە" یان پێ باشتره ، وەک "**دەڕۆم** "، " **دەڵێم** " " **دەکەم** " ، " **دەتگوت** " ، " **دەتخوارد** ، و ... له جێگای " ئەڕۆم " ئەڵێم" "ئەکەم " " ئەتوت " ، " ئەتخوارد"،...

١٠ ـ له زمانی کوردیدا پیتی " **هـێ** " زور کەم دەکەوێتە ئاخری وشەکانەوە و یا هەر ناکەوێ، ئەو وشانەشکە پیتی "**هێ**" یان له ئاخر دایه و له فارسیدا "هێ " کەیان دەنووسرێ ، له کوردیدا بە بێ " هێ" دەخوێندرێنەوە وەک : "سیاه"، " سپاه " ، " کاه " ، و ... مەگەر له شیعرێکیدا لەبەر وەزنی شیعر نووسین و خوێندنەوەوی پیتی " هێ " له ئاخری وشه دا پێویست بێ ، ئەوه هەر بە شکڵی "ه یاه " دەنووسرێ نەوەک به شکڵی "ه" که هێندێک نووسەر وای دەنووسن .

١١ ـ (**چ**) و (**چی**) وەک وشەیەکی جیاواز بەجوێ له وشەکانی دوای خۆیان دەنووسرێن و تەنیا بە زەمیرەکانەوە دەلکێن وەک : چ بکەین ؟ یا چی بکەین ؟،چمان هەیە؟ چت کرد ؟ ... چیبکەین و چبکەین نادروستن

١٢ ـ چونکوو له رێنووسی کوردیدا بە پێچەوانەی فارسی و عەرەبی بزوێنەکان هەر به پیتەکانی ئەلف و بێ دەنووسرێن هەر وشەیەک دەبێ بە چەند برگەی جوێ له یەکتر . ئەگەر ئەم چەند برگەیه نزیک له یەکتر نەنووسرێن و لەگەڵ وشەکانی ئەم لا و ئەولا نێوانیان نەبێ خوێندنەوەیان هاسان نابێ ، وەک ئەم دێڕە :

" ئەگەررێنو وسیکو رد یره چاو نەکر ێخو ێندنه وەونوو سینی کور دی کا رێکی د ژوارە . "

که دەبێ بەم جۆره بنووسرێ :

" ئەگەر رێنووسی کوردی رەچاو نەکرێ خوێندنەوە و نووسینی کوردی کارێکی دژوارە . "

ئەڵبەت بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر و نیشاندانی مەبەستەکەمان وشەکانی ئەم رستەیەمان زیاتر له رادەی ئاسایی و پێویست دوور له یەک نووسیوه .

١٣ ـ هەر وەک له خاڵی پێشوودا باسمان کرد بە هۆی نووسینی بزوێن بە پیتەکانی ئەلف و بێ هەر وشەیەک دەبێ بەچەند برگەی جۆێ له یەکتر وەک :"**خوێندنەوە**" که بریتیه له پێنج برگەی " **خو** " ، "**ێند** " ، " **نه** "، " **و** " ، ڕ " **ه** " کەوابێ بۆ ئەوەی ژمارەی برگەکانمان به دەستی خۆمان زیاد نەکردبێ، جگه لەو جێگایانەی له خاڵەکانی ۴ و ١١ دا باسمان کردن ، هەتا دەگونجێ برگەکانی هەر وشەیەک چ ساده بێ و چ لێکدراو (مرکب) دەبێ بەسەر یەکەوه بنووسین ، وەک :


" **هەڵگرتن** "، " **لێزان** " ، " **لێکدان** " ، " **تێکدان** "، " **تێکۆشان** "، " **تێبینی** " ، " **گوێ لێگرتن** " ، " **باشتر**"، " **له دواییدا** " ، " **رێنووس** " ، " **گوڵدانمان هەیه** " و ... له جێگای " هەڵ گرتن "، " لێ زان " ، " لێک دان "، " تێک دان "، "تێ کۆشان " ، " تێ بی نی " ، " گوێ لێ گرتن "،"باش تر"، " له دوایی دا "، " رێ نووس" ، " گوڵ ـ دان مان هەیه " ، و ...

١۴ ـ ئەگەر پێشگری " **هەڵ** " بە وشەیەکەوه بنووسێ که یەکەم پیتەکەی " ل " بێ ئەو پێشگره بە وشەکەوه

ل ٨۶ ←

ئیسلام و یەکێتی

مامۆستا مەلا رەشیدی بورهانی



الحمدلله الذی امرنا بالتوحید .والصلوه والسلام علی سیدنا محمدالمصطفی و آله و اصحابه اهل التوحید .و نشهد ان لا اله الا الله و ان محمدا عبده و رسوله صلی‌الله علیه و آله و سلم .

رب اشرح لی صدری و یسرلی امری واحلل عقده من لسانی یفقهوا قولی .

" خودایە قەلبم بۆ رەحمەت و مەعانی ئایاتی‌خۆت ئاوەڵا بکەیەوە و گرێی زمانم بکەیەوە تا ئۆمەتی محەممەد (د-خ) لێم حاڵی بێ کە تەفسیری ئایاتی قورئان دەکەم ."

ئەو سوورەتە پیرۆزە لە قورئانی مەجیددا کە هێندێک لە ئایەتەکانی بە تەوفیقی خودا بۆ ئێوەی خۆشەویست مانا لێدەدەمەوە سوورەتی (آل عمران)ە .

لە دوای بسم‌الله‌الرحمن‌الرحیم و (حروف مقطعه)ی الم ، ئایەتی دووهەمی ئەم سوورەتە کەلیمەی تەوحیدە. **الله لا اله الا هوالحی‌ـ القیوم** .(۲) یانی خودا ئەو خودایەیە کە هیچ مەعبوودی بەحەق نیە ئیللا ئەو کە هەمیشە زیندووە. قەت زەواڵی نابێ . هەر بووە و هەر دەبێ. ئەزەلیە ، ئەبەدیە ، وەکەس ناچێ و کەسی وێ ناچێ. هەر وەک لە سوورەتی (اخلاص)دا فەرموویە " **و لم یکن له کفوا احد** ". جا بۆیە قەییومە (واجب‌الوجود)ێکە کە هیچ گۆڕانی بەسەردا نایە. قائیم بە زاتی خۆیەتی. تەدبیر و مانەوەی کەون و مەکان، وجوودی هەمو و مومکیناتی عالەم هەر بەوی‌یە .

بە ڕاستی کەلیمەی تەوحید ،ئەگەر بەو جۆرە کە خودا لە ئێمەی دەوێ لە قووڵایی دڵەوە لێی حاڵی بین و عەمەلی پێ بکەین دەبێتە هۆی تەوحیدی کەلیمە ،یانی بەڕاستی خودا بناسین و بە تاکی بزانین . **قل هوالله احد**. ئەی محمدالمصطفی بە خەڵک بڵێ خودا یەکە ،بە فەرمانی وی عەمەل بکەن ، بە ڕێگای ڕاستی ویدا بڕۆین! **اهدناالصراط المستقیم** ، وەحدەتی کەلیمەی بە خۆی لە نێوماندا پەیدا دەبێ. ئەنجا بە چاکی دەتوانین بە خۆمان بڵێین(ئوممەتی واحیدە) ، عەبدی خودای واحید ، خاوەنی قیبلەی واحیدە ، خاوەنی قورئانی واحید ، خاوەنی وەحدەتی کەلیمە ، خاوەنی مەقسەدی واحیدە کە ئیعلای کەلیمەی تەوحیدە . لە ئایەتی سێهەمی ئەو سوورەتەدا باسی ئەوە دەکا کە خودا تەعالا قورئانی بۆ پێغەمبەر ناردووە ، بە حەقیقەت مەتالیبی قورئان هەقن، بێ شک و شوبهەن ، شک لە قەلبی کافر و بێ ئیمانان‌دا هەیە، دە قورئاندا

نیە (**لا ریب فیه**) .

قورئان تەسدیقی هەموو پێغەمبەران(دخ) دەکا . ناردنی تەورات و ئینجیل لە پێشدا و ناردنی قورئان لە دواییدا ، هیدایەتە بۆ خەڵک ، خۆ دیارە قورئان هیدایەتە بۆ ئەو پەرهیزگارە کە لە خودا دەترسێ . وەدوای قورئان دەکەوێ . وەک لە سوورەی (**البقرە**)**دا** فەرموویە " **هدی ــ للمتقین** " لە چەند ئایەتی یەکەمی سوورەی (**آل عمران**)**دا** ئەو مەبەستانە هەن .

١ ــ عەزابی کافری بێ ئیمان شەدیدە .

٢ ــ خودا بەهێز و خاوەن قودرەتە و تۆڵە لەو کافرانە دەکاتەوە .

٣ ــ بێ گومان هیچ شتێک لە ئەرز و ئاسماندا لە خودا بزر نابێ، جا چۆن گوناه دەکەی؟ چۆن لەگەڵ برای موسڵمان ئیختیلاف دەکەی؟ چۆن وەحدەتی کەلیمە ناکەی بە هەدەف و مەقسوود؟ چۆن بو یەکگرتنی عالەمی ئیسلام تێ ناکۆشی؟

٤ ــ خودا ئەو خودایەیە کە ئێوەی لە نێو منداڵدانا تەسویر و خەلق کردووە ، بەو جۆرەکە بۆ خۆی ئیرادەی کردووە . مەعبوودی بەهەق هەر ئەوە . عەزیز و حەکیم هەر ئەوە .

بەڵێ سوورەتی ئالی عومران بەتەنێ تا دەگاتە ئایەتی سەدو یەکەم، پتر لە هەزار مەبەستی جۆر بە جۆری تێدایە . هەر مەتڵەبێکی قورئانی مەجید ، کتێبێکە کە زەمین و ئاسمان و بەحر و بەڕ بەڵکە دنیا و ئاخیرەت گۆشەیەکی بچووکی تەفسیری ئەم کتێبەیە ، " **فیها کتب قیمە** " .

ئەمجار بە ی خودا ، دەست بە مەبەستی خا ئایەتی سەد و یەکەم دەکەین . قال اللە تعالی : **و من یعتصم باللە فقد هدی الی صراط مستقیم** " یانی هەر کەسێک پەنا بۆ خودا ببا ، دەست بە دینی خودا بگرێ، پەناگای هەر خودا بێ ، بەتەحقیق ئەو کەسە هیدایەت کراوە بۆ رێگای راست. گەیشتۆتە سەر جادە و رێگای بەرین و راست کە دینی ئیسلامە . بەم ئایەتە وا دەردەکەوێ کە لە هەموو کارێکدا ، لە هەموو دەورانی چەند رۆژەی ژیانی دنیادا کە نیسبەت بە ئاخیرەت چێژێکی زۆر کەمە "**متاع قلیل**" ، تەنیا پەنا بۆ خودا بردن ، هیدایەت بۆ ئینسان بەدی دێنێ . ئینسان هەر ئەوەندەی بەسە کە خودا بە پشت و پەنای خۆی بزانێ، تەوەککولی بە خودا بێ ، لە هەموو ئەحواڵ و ئەوزاعدا خودا بە حازر و ناظر بزانێ ، " **ومن یتوکل علی اللە فهو حسبه** ، کوفر،نیفاق ، زوڵم ، گومراهی، دزی ، پیاو خراپی ، رێگری ، دووبەرەکی نانەوە ، تەفرەقە ، وەسوەسە ، خەیاڵاتی باتڵ ، ئامال و ئارەزووی بێهودە ، تەکەببور ، تەمەع ، تەجاوز ، فسق ، دەسائیس ، ئەفکاری شەیتانی ، ریا، حیلە گەری ، بەکورتی هەرچی باتیلە لە بەرامبەر ئیعتیسام بە خودا ، یانی لەو کاتەدا کە پەنات بۆ خودا برد ، لەبەین دەچێ ، جا چ لەمە خۆشترە کە بە قەلبی پڕ لە (معرفە اللە) ، دوور لە هەموو خیلافی شەرعێک، دوور لە هەموو باتیلێک عیبادەت بۆ حەق تەعالا بکەی و بەپێی فەرمانی خودا خزمەت بە بەندەگانی ساڵح بکەی و هیدایەتیان بدەی." بۆ چاکان برا بە ، بۆ خراپان چرا بە ." تا لە سایەی کەلیمەی تەوحید ، لەبن پەرچەمی **لا الە الا اللە محمد رسول اللە** ، تەوحیدی کەلیمە وەحدەتی کەلیمە ، یەکێتی و برایەتی ، لە ناو ئۆمەتی محەممەد بەدی بێ .

ئایەتی سەد و دووی (آل عمران)دەفەرموێ " **یا ایها الذین آمنوا اتقوا اللە حق تقاته ولا تموتن الا و انتم مسلمون(١٠٢)** بانگەواز (ندا آت)ی قورئان چەند جۆرە ، بانگ کردنی پێغەمبەرێک بە ناو وەک :



یا آدم ، یا نوح، یا ذکریا ، یا موسی، یا یحیی
بانگکردنی حەزرەتی (محمد المصطفی) بە وەسفی (نبوت): (**یا ایها النبی سلام الله علیهم اجمعین**). بانگ کردنی زەمین وەک: (**یا ارض ابلعی**). بانگکردنی ئاسمان وەک (**یاسماء اقلعی**) . بانگ کردنی ئاگر وەک: (**یا نار کونی بردا و سلاما**).بانگکردنی کافران : **قل یا ایها الکافرون لا اعبد ما تعبدون**) . بانگکردنی هەموو ئادەمیزادێک :(**یا ایها الناس اتقوا ربکم ان زلزله الساعه شی عظیم**) .چەند جۆرە بانگکردنی دیکەش لە قورئانی مەجید دا هەیە . ئەو مەبەستەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین. بانگ کردنی هەموو ئیماندارێکە (**یا ایها الذین آمنوا**) لە قورئاندا زۆرە .
لە زەمانی نزوولی قورئانەوە تا دنیا ماوە، لە هەموو عەسر و زەمانێکدا ، ئەو بانگەوازە هەر دەنگی دێ . سەدای ئەو وەحیە کە خوداوەندی خالیق بانگی عەبدی ئیماندار دەکا ، بە حەزرەتی (رسول الله)دا رایگەیاندووە، زەمین و زەمان دەنگی داوەتەوە. کورتەی مانای ئایەتەکە: ئەی ئەو کەسانەی ئیماندارن، لە خودا بترسن بە ترسانێکی هەق و واجیب و سابیت . مەمرن مەگەر ئەودەمەی کە ئێوە موسڵمانن یانی وامەکەن بە کافری بمرن. ئیسلام بن ، ئیمان بێنن، خودا بناسن.

ئەو ئایەتە پیرۆزە چەند دەرسێکی لێ وەردەگیرێ :

١ ـ ئیمان گەورەترین نیعمەتی خودایە دە قەلبی ئینساندا . خودا لە ئیماندار رازییە ، خۆشی دەوێ ، بانگی دەکا ، رێگای بۆ دادەنێ ، ئیمان باوەڕ کردنە بە خودا و رەسوول ، بە مەلائیکە بە(**کتب منزله**)، بە رۆژی قیامەت ، بە قەدەر ، بە خێر و شەڕ و بە جەمیعی (**ما جاء من عندالله**) کە تەوحید و نبووەت و مەعاد، هەموان دەگرێتەوە .

٢ ـ پەرهیزگاری زۆر پەسندە ، فەرمانی خودایە بۆ ئیماندار .

٣ ـ دەبێ ئیماندار بەڕاستی نەک بە فێڵ و تەڵەکە ، لە خودا بترسێ و بە فەرمانی خودا عەمەل بکا . هەر چی فەرموویە بیکە ، دەبێ بیکەی، هەرچی فەرموویە مەیکە ، نابێ بیکەی .

٤ ـ ئەمر بە مەعرووف بۆ خۆت و خەلق و نەهی لە مونکەر بۆ خۆت و خەلق، بکەی بە وەزیفە .

٥ ـ دەبێ سەعی بکەی بە کافری نەمری خۆت بەدبەختی دنیا و قیامەت نەکەی،ئیمان بێنن، ئیسلام بن ، لەسەر دینی ئیسلام بە موسڵمانی وەفات بکەن.

٦ ـ لە ئیماندا ، ئەمن و هێمنایەتی و سوکنایی دڵ و راوەستانی لەسەر هەق و هەقیقەت بەدی دەکرێ . لە ئیسلامدا ، سلم ، سەلامەتی ، رۆح و گیان ، سوڵح و سەفا، محەببەت ، ئوخووەت ، وەحدەت ، هەموو سیفاتی حەمیدە ، رازی بوونی خوداوەندی موتەعال .

٧ ـ تەقواش دەرەجەی هەرە ئەعلای ئیماندارە کە دەبێتە هۆی بەڕێز بوون لە لای حەق تەعالا(**ان اکرمکم عندالله اتقیکم**)

٨ ـ ئەگەر خۆت هەست بە تەنبەڵی بکەی رێگای ئیسلام، نەگری، لە خەوی غەفلەتدا

دەبی و ئاگات لێ نابێ عومرت خلاس دەبێ و بە بەدبەختی دەمری. هەرکە مردی دەکەوییە ناو جەهەننەم کە بە قەهری خودا ئامادەیە بۆ گوناهکاران.

خودایە بمانپارێزی لە ئاگری جەهەننەم لە عەزابی خۆت، خودایە رێگای قورئان لە قەلبی هەموو ئینسانێکدا ئاشکرا و سابیت بکەی (آمین یا الله)

لە ئایەتی سەد و سێهەمدا دەفەرموێ **(واعتصموا بحبل الله جمیعا و لاتفرقوا)**. تەرجەمەی موقەییەدی ئەم بەشەی ئایەتەکە ئاوایە:

" خۆتان بگرن بە رێسمانی خودا، پێکەوە و تەفرەقە مەکەن" یانی هەمووتان ئەی گەلی ئیمانداران وێکرا بێ تەفرەقە و جیا بوونەوە بە دەستە جەمعی، پەیمانی خودا بگرن، دینی خودا بگرن، کتێبی خودا بگرن، بە چاکی عەمەلی پێ بکەن. لێرەدا ئەم دەرسانە وەردەگرین:

١ ـ **اعتصموا**: ئەمرە بە هەموو ئیماندارێک کە لە هەموو عەسر و زەمانێکدا دەبێ وێکرا پەیمانی خودا بگرن. ئەگەر کەسێک بەتەنیا لە گۆشەیەک دانیشێ پەیمانی خودا بگرێ یا جەماعەتێک لە مزگەوتێدا پەیمانی خودا بگرن، کارێکی باشە بەلام نەبوو بەئیعتیسام بە تێکرایی، جەمیعەن نەبوو. دەجا ئۆمەتی موسلمان کارێک بکا جەمیعەن پەیمانی (**رب العالمین**) بگرن.

٢ ـ لەباتی (**دین الله، عهد الله، کتاب الله**) مەسەلەن (**حبل الله**) لەم بەشەی ئایەتەکە باس کراوە، چونکە تەماشا بکە ئەگەر کەسێک دە بیر یا بەحر بکەوێ یا لە شاخ هەلدێرێ، گوریسێکی بۆ داوێن تا دەستی پێ بگرێ و نەجات بدرێ. جا چونکە ئەو دونیایە گێژاوە، بەحرە، دەریە، ئامال و ئارەزوو، ئەعمالی شەیتانی، ئەفکاری پووچ، فرو فێل، فیز لێدان، تیز پێ کردن، دەساێسی نەفسی ئەممارە و هەزاران فەجایعی دیکە، وەک هەژدیها زاری دابچڕیوە، بەتایبەتی لە ئینسانی بێ ئیمان، بۆیە خودای موتەعال بە رەحم و کەرەمی خۆی، دین و قورئان و عەهد و پەیمانی خۆی وەک گوریسێک بۆ هاوێتوویە خوار، بۆی هاویتوویە ناو ئەو گێژاوە تا خۆت نەجات بدەی. بە نووری ئیمان بە پەیمانی خودا لە هەموو بەلایەک نەجات بێ، ئەو پەیمانە بەرنەدەی تا دەچیە ناو بەهەشت (**اللهم ارزقنا الجنه**)

٣ ـ **اعتصموا**: ئەمری خودایە دەبێ بە تێکرایی عەمەلی پێ بکەین چونکە ئیتاعەی ئەمری خودا واجبە. (**اطیعوا الله و رسوله ولاتفرقوا**)، نەهی یە لە تەفرەقە، نابێ بە هیچ جۆرێک لە ئیماندا، لە تەقوادا، لە ئیعتیسام بە (**حبل الله**)دا، لە شەریعەتی (**رسول الله**)دا تەفرەقە بکەین، نابێ لێک جودا بین، نابێ هەر بەلایەکدا وەدوای هەوا و هەوەس بکەوین، دەبێ وەحدەتی کەلیمە وەحدەتی هەدەف، یانی ئیعلای کەلیمەی تەوحید، وەحدەتی قووەت لە ناو ئیسلامدا هەبێ.

بەشی دیکەی ئەم ئایەتە ئاوایە: (**واذکروا نعمه الله علیکم اذ کنتم اعداء فالف بین قلوبکم فاصبحتم بنعمه اخوانا**) یانی یادی نیعمەتەکانی خودا بکەن لەسەر ئێوەیە کە زەمانێک هەمووتان دوژمن بوون پاشان خودا قەلبی ئێوەی لێک نزیک کردەوە. بە کەرەم و نیعمەتی خودا هەموو بوونە برا. هەر چەندە لە مەرحەلەی هەوەلدا ئەم خیتابە لەگەل ئەسحابی کیرامە (رض) بەلام هەر وەک لە پێشدا باسی کرا، سەدای وەحیی خودا لە هەموو عەسر و زەمانێکدا هەر دێ، بۆ هەموو تەبەقاتی بەشەر دەبێ چونکە لە ناو جەماعەتی بەشەردا هەموو زەمانێک

عەداوەت و پێک هەڵپرژان هەیە ، بەڵام کەسێک خودا نیعمەتی بداتێ و رەحمی پێ بکا ، پاشی عەداوەتەکە پێکیان دێنێتەوە، دەبنە برا ، دەبنە مەشموولی (**فالف بین قلوبکم فاصبحتم بنعمه اخوانا**).

دەرسەکانی ئەم بەشە :

١ ـ دەبێ هەمیشە نیعمەتەکانی خودات لەبیر بێ .

٢ ـ سوڵح و تەئلیفی قلووب و برایەتی پاش عەداوەت نیعمەتێکی گەورەیە ، بە فەرمانی خودا دەبێ لەبیری نەکەی .

٣ ـ ئوخووەت و برایەتی و تەئلیفی قلووبە خوداوەندی موتەعال کردوویە بە میسال بۆ نیعمەتی گرینگ .

٤ ـ هەر موسڵمانێک ، هەر قەبیلەیەک هەر جیرانێک کە لەگەڵ موسڵمانی دیکە ، قەبیلەی دیکە، جیرانی دیکە ، عەداوەتیان لێ پەیدا بووە ، ئەگەر بە پێی ئیمان و قورئان و شەریعەتی (رسول الله) پێک بێنەوە ، مەشموولی(**فالف بین قلوبکم**) دەبن. مەشموولی (**فاصبحتم بنعمه اخوانا**) دەبن و خودا لێیان رازی دەبێ بەڵام دەبێ لە کاتی هەر جۆرە پەیمان و پێک هاتن و برایەتی‌یەکدا خودا بە حازر و نازر بزانن و لە چوار چێوەی دەرنەچن.

بەشێکی تری ئایەتەکە ئەوەیە کە دەفەرمێ : (**و کنتم علی شفا حفره من النار فانقذکم منها**). یانی ئێوە لەسەر لێوی قووڵکەی ئاگری جەهەننەم بوون خودا لەو ئاگرەی نەجات دان. لەم بەشەی ئایەتەکە فەهم دەکرێ کە کوفر قووڵکەی جەهەننەمە .کافر لەسەر لێوی جەهەننەمە عەداوەت لە ناو موسلمانان‌دا زۆر خراپە زەعف ، تەفرەقە ، بەدبەختی و شکستی ئیسلام لە عەداوەت پەیدا دەبێ. ئیمان و عەمەل بە قورئان و شەرعی(رەسول الله) سەبەبی تەئلیفی قلووب و مەحەببەت و سەفایە بە ئیمان ، بە تەقوا ، بە تەئلیفی قلووب ، بە وەحدەتی کەلیمەی موسلیمین ، ئوممەتی ئیسلام لە ئاگری دنیا و قیامەت نەجاتیان دەبێ .

خاتیمەی ئایەتەکە دەفەرمێ: (**کذلک یبین الله لکم آیاته لعلکم تهتدون(١٣٠)**) یانی هەر ئاوا خودا بۆ ئێوە ئایات و ئەحکام و فەرمانی خۆی بەیان دەکا بەڵکە ئێوە بێنە سەر رێگای راست و هیدایەت و وەگیر بکەوێ . لەسەر هیدایەتی خۆتان سابیت بن . خۆ لەم خاتیمەی ئایەتەکەوە مەعلوومە کە خوداوەندی مەزن زۆر ئایاتی شەرح داوە ، زۆری بەیان فەرمووە ، زۆری لە قورئاندا نازڵ کردووە، هەروا بۆ پێغەمبەرانی سەلەف (سلام الله علیهم) بەیانی ئایاتی فەرمووە ، هەمووی بۆ ئەوەیە کە بەشەر رێگای هیدایەت بدۆزێتەوە و لە شەڕی شەیتان و نەفسی ئەممارە مەحفووز بێ.

"و آخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمین"

" صلی الله علی سیدنا محمد و آله اجمعین"

" سەرچاوەکان "

١ ـ قورئانی مەجید

٢ ـ کلمات قرآن .تەئلیفی حسنین محمد محلوف .

٣ ـ تفسیر اسئله القرآن المجید تەئلیفی محمد بن ابی‌بکربن عبدالقادر رازی .
(لە عولەمای قەڕنی حەوتەمی هجری)

٤ ـ نزهه القلوب فی تفسیر غریب القرآن تەئلیفی ئیمام ئەبووبەکری سەجستانی
(لە عولەمای قەڕنی چوارەم)

٥ ـ تفسیر قرآن. اسماعیل ابن کثیر

٦ ـ تفسیر روح البیان. تەئلیفی شێخ ـ ئیسماعیلی حەققی

٧ ـ تفسیر مجمع البیان.تەئلیفی شیخ ـ طبرسی

ماموستا هه‌ژار

یادی ماموستا سه‌جادی

دوستێکی زۆر خۆشه‌ویستم رووی لێناوم.چونکه چه‌ند ساڵ له به‌غدا یه ده‌گه‌ڵ "علاءالدین" ژیاوم.زۆر له نیزیکه‌وه دیومه و به هه‌موو باران ناسیومه به یادی کۆچی یه‌کجاری که ئه‌م به‌ینانه رووی داوه کورته و تارێک بنووسم .

من گه‌ره‌کمه نووسینه‌که‌م تایبه‌تی به تاکێک نه‌بێ . ده‌گه‌ڵ رێز له نووسه‌ر گرتن سه‌رکۆنه‌ی ئه‌وانه‌ش بکه‌م که به دوو ربان ده‌پێون و هه‌ر تاوێ جۆرێ داخێون .

جارێک له گۆواری "هه‌ولێر" که له هه‌ولێرێ ده‌ر ده‌چوو ، خه‌به‌رۆکێکم نووسیبوو که‌چی له‌به‌ر به‌ختی که‌چم ده‌چاپدا ندا تێک درابوو،سه‌ر و قوونی لێک درابوو، که‌س تام و چێژه‌ی لێ نه‌کرد، کورته باسه‌که‌ش ئه‌مه بوو:

" رۆژێک سه‌یری دووکانێکی به‌غدام ده‌کرد.چه‌قه‌ڵێکی مۆمیایی کراوی لێ داندرابوو، له‌ژێر قاچی‌یه‌وه نووسرابوو(بیست و پێنج دیناری ته‌واو)...من سه‌ری زمانی خۆم گه‌ست ، هات به دڵما،هه‌یاران! ئه‌م مام چه‌قه‌ڵه موحته‌ره‌مه ئاخۆده‌بێ به زیندی سه‌ر شاعیر ،نووسه‌ر، هونه‌رمه‌ندێکی کورد بووبێ . له ژیانیدا له برسان و له ترسان ئۆقره‌ی نه‌بووبێ و ئێستاکێ لاشه‌ی مردگی به‌م ده‌رد و مه‌خسه‌ره چووبێ؟ کێ ئه‌زانێ؟؟ هه‌زار دانه به زینوویی فلسێ نا‌ژین که‌چی یه‌کێک به مردوویی بایی بیست و پێنج دیناره!! به خوای سه‌یره!! له درێژایی مێژووی پڕ نه‌گبه‌تی کورددا ، هه‌ر شاعیر ،هه‌ر هونه‌رمه‌ندێک له ناو کورددا هه‌ڵکه‌وتبێ و هونه‌ره‌که‌ی به زمانه‌که‌ی خۆی رانابێ و شیعری به کوردی دانابێ، هیچ که‌س ئاوڕی وێ نه‌داوه ، به سووک ته‌ماشای کراوه ، بوویته مه‌سه‌ل " هه‌ر که‌س پینه‌ی پێوه دیار بێ ، جلکی شڕ و به‌تیتۆڵ بێ ، که‌وشی چه‌ک و به بزمار و لار و خوار بێ.ده‌ڵێن لاچۆ ته‌رحت هه‌ر له شاعیر ده‌کا!!..که‌س ته‌نانه‌ت تووشی به کڵاوی ناپێوێ ، که‌س پێی ناڵێ که‌رت به چه‌ند "



هه‌ر بۆیه‌شه به‌شێکی زۆر له نووسه‌رانی به‌چکه کورد ، له‌به‌ر ناچاری و هه‌ژاری وه‌زوان نامۆیان نووساوه و خۆیان و ماڵ و کاڵیان له مه‌رگی بێ کوللێره‌یی له په‌نایه‌ک حه‌شار داوه.نا مه‌وێ مه‌لای جزیری،خانی،نالی،حاجی، مه‌وله‌وی و زۆری‌تر له‌و که‌سانه‌ی ئێستا مایه‌ی شانازی کورده‌کانی کوردستان و کوردناسانن ، بۆ نموونه بهێنمه‌وه ، لازم ناکا مێژووی کۆنتان بۆ بخوێنمه‌وه.ئه‌مه‌وێ هه‌ر به‌سه‌رچڵی و مه‌ویز

یادی ماموستا سەججادی

نموونەی کەویژێک ئەوانە وەبیر بێنمەوە کە هاوچاخی خۆمان بوون و دەماناسین.

مەلا مارفی کۆکەیی ئەگەر بێژم لە برسا مرد رەنگە باوەرم پێ نەکەن چونکە ئەودەم نانی وشک زۆر هەرزان بوو....

مەلا ئەمجەد ئەو هونەرمەندە بێوێنەی کە نازناوی شیعری (کاک) بوو، ئاغای لێ ببوە رمووزن و لە چەند جێ دێ بەدەریان کرد.

قانیع تا مرد نان و دۆی خۆی رۆژێک لە پەنایەک نەدیت.

حاجی تەوفیقی پیرەمێرد کە حاڵی ماڵیشی خۆش بوو، هەر چونکە کمونیست نەبوو، کەس رۆژنامەکەی نەدەکڕی، دەیانگوت دەستندە خۆری ئینگلیسانە.

فایق بێکەس کە چریکەی گوێی دوژمنانی کەڕ دەکرد، دوو لێفەی لە ماڵدا نەبوو کە خۆی و منداڵەکانی پێ داپۆشێ بە قەرزداری جوولەکەی ئارەق بە قەرزدەر مرد.

گۆران ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی ئەدەبیاتی کورد، بۆ دابین بوونی بژیوی، دەگاتە یافای فەلەستین وتار بێژی رادیۆی " شەرقی ئەدنا "بێ ...

جگەر خوون پەنجا ساڵ پتر بۆ شیعر و چیرۆکی کوردی چەوسایەوە. لە جیاتی نان خوێنی جگەری خۆی دەخوارد. چەندە لە کوردستان ژیا و من دەمناسی گەسک لێدەری کولانان لەو تێرتر بوون، کەس ئێرەیی پێ نەدەبرد. ئەوانە لە ژیان ئاوا بوون، لەپاش مردنیان چاوا بوون؟

ئەگەر تاک و تەرایەکیان وەک مەلا مارف و قانیع و مەلا ئەمجەد وچەند هەناسە سارێ دیکەش ،تەرم نێژان لە گۆرستان بە چەند خودا عافووی بکا گوتن بڵاوەیان لێ کردن و چوون هەر چوون و ناویان دەگەڵ لاشیان ون بوون..؟! لەو شارو شوێنەوارانەی لەو پارە دارانەی زۆر بوو کە خۆیان بە کوردپەروەر و رۆشنبیری دۆستی نووسەران دەزانی. لەپاش ساڵێ سڵامالێ وەخۆ کەوتن، بۆ یادی فایق بێکەس و پیرەمێردی گردی یارە و مەرگی گۆران میوانی‌ونان و خوان درا .رووپەڕ بە جاری وەرگەرا ،چۆن دەبێ لەبیرمان بچن ؟ ئەشێ ناشتنی لاشەیان، ئەم هەموو کردە باشەیان لە لایەن ئێمەی رۆشنبیر کە لە کوردی پەرستیدا ئاوی شەوێ شلوێ ناکەین وەبیر حەشاماتی مەردم بخرێتەوە ، دەتگوت مەولوودنامە دەکەن ، بەر دەرک و بان و بێلایی ئاو رشێن کەن ، بەڕان راخەن ، سەنیر و پاڵە پشت داخەن ، شتی بۆنخۆش بسووتێنن ، چرا و مۆمان داگیرسێنن ، دنیا بکەنە چراخان ، چەند کەس‌هەر گولاو بپژێنن،کابانی دەستاو خۆش بانگ کەن ، قۆڵی بە بازن هەڵماڵن‌تەشک و داوێنی لێ هەڵکەن ، پلاو ملاوی زۆر چێ کەن با چەور بێ ،کشمیش و خورماشی تێکەن خۆرشت وترشک زۆر خۆش بێ، با هەموو چلەیەک بۆش بێ، وێڕای هاوسای کۆک وپۆشتە و دەر و جیران ،لەو رووتانەش بگێڕنەوە کە دەم دە شیعران وەردەدەن و زۆر تامەزرۆن . با بە خێری گیانی مردووەکە تێر بخۆن . هەموو رۆژێ هەڵناکەوێ کفتەی مفتە وا بەلاش و بە لێشاو بێ .... سا ئەوانیش لەسەریانە بە وتاری بایەخدار و بە شیعری تەڕ و ئاوداریان کۆڕەکە بڕازێننەوە .

لەپاش مڕ بوون لە خواردن و لەپاش پڕ بوون لە شەکراوان

و مەکراوان ، هەر دەم یەکێ لەسەر بەرزەک قوت دەبتەوە و بەو پەڕی گفت و لفتی خۆش دەس پێ دەکا :

" خوشک و برایانی بەڕێز تکا دەکەم هەسنە سەر پێ ، دەقیقەیەک قرِ و قپ ، فەزای بێ دەنگە ، رەنگە هەر لەم دەقیقەدا گیانی نازداری کۆچ کردوو لە بەهەشتەوە بفرێتە سەر ئەم کۆڕە و ببیسێ چۆنی باس دەکەین!! دایکم دەیگوت پلکە بەسێ لە خاتوامانی مامانی دەگێڕاوە کە ئەم زاتە ممبارەکە هەر ئەو ساتەی سەری لە هێلکە جوولاوە ،سەهەندە و بلیمەتێک بوو هەموومان واقمان وڕمابوو . مەمک مژینی مەوزوون بوو ، گریانەکەی لە رەوتی شیعری ئازاد بوو. بیلامانێ ، بیلاتەژبی ، با پەرژینەکە بە گوڵ بێ ئاویژێنی بە قافیە و مافیە دەردەچوو ، لە بێشکەدا بە گڕوگاڵی منداڵی بەیتی وای دەهۆندەوەنوون لە چاوی ئێمەدا بێ لەودا نەبوو . ئەی هەزار رەحمەت لە گۆڕی ئەلفاتیحا ..." .

یەکێکی تر قەسیدێکی دوور و درێژی داناوە مردوو دەلاوێنێتەوە . شیعر و وتار وەکوو قەتاری وشتران بە زنجیرە دێن و دەچن . لەسەریەک کەڵەکە دەبن .های لەو کوڕەی چالاکانە فریا کەوێ و ئەو یادنامەیە چاپ بکا . لە سایەی مەرگی خوا بەخشیو ئەوەندە پووڵ پەیدا دەکا کە مردووەکە خەونیشی پێوە نەدەدیت .

وەک بۆیان گێڕاومەتەوە کەتەرمی پاکی جگەر خوون لە سوێدەوە هاتۆتەوە بۆ گۆڕستانی قامیشلی" لە لایەن کوردەکانەوە پێشوازییەکی وای لێکراوە کە کەمتر وێنەی دیتراوە . بە سەتان بگرە هەزاران ترومبیلی هەواداران لەو دەشتەدا وەکوو مەڕی حاجی تاغی سەریان ئەپاشڵی یەک ناوە ،سەدهەزاران لە ناشتنیدا بەشدار بوون . ئەی خودا خێریان بنووسێ !

خوشک و برا کوردەکانی هاو زەمانی هاو زمانم . دەزانم ئێوەش دەزانن ئەم قسانە ئەفسانە نین سەربەخۆ هەڵبەستبێ،ئێوەش ئەوانەتان دیوە و بە دڵتاندا تێ پەڕیوە بەڵام وەک من دەخۆتان رانەدیوە دەری بڕن . وەرن هەر لە خۆتان پرسن تۆ خوا مەلا ئەوە ئاردە ؟! ...

بە بڕوای من ئەو خۆ لە زیندوو بواردنە و بۆ مردنی خەم خواردنە ،ئاکارێکی نزم و نانەجیبانەیە ،ئێمەی کورد خاکەسەر و بێ سەر و بەر ،ژێر چەپۆکەی داگیرکەران ،لە ناو خۆدا و لە هەندەران ، خێرە و مەندێک دەس ناکەوێ دانی خێرمان پێدا بێنێ ، دڕوویەک لە لەشمان دەربێنێ هەزار و ئەوەندە ساڵە لەو چاڵەدا قەتیس ماوین و بێ ناوین . نەیارانمان ویستوویانە زمانە زگماکەمان لێ بەربەست کەن. لە سایەی بێ زمانییەوە بەیەکجاری مافی رەوای نەتەوییمان پێ پەست کەن .ئەگەر من و تۆش نەزانین ئاغاکانمان باش دەزانن هەر زمانە قەباڵەی بوونی گەلانە ، هەر گەلێ زوانی نەمێنێ قەت نایکرێ سەر هەڵێنێ و خۆ بنوێنێ و مافی رەوای خودا داوی وەدەست بێنێ .

هەر گەلێک یان هەر منداڵێک لەگەڵێکدا زمانی تایبەتی بە خۆی یان فێر نەبووە یان لە بیر براوەتەوە . لە ناو بۆتەی ئەو بیانیەی زمانەکەیان فێر بووە تواوەتەوە .

لەو قەرارەی ئەمان لەو هەموو ماوانە بە لەز و هەڵەداوانە ویستوویانە زمان و فەرهەنگەکەمان بنەبڕ کەن و کورد سڕ کەن و گیان و دڵی لە فەرهەنگی خۆیان پڕ کەن.ئێمەش لۆژ لۆژ وەک دەگوێی گادا خەوتبین و لەو بیرە دەرنەکەوتبین کە ئەوان رۆیان هێشتووینێ ، نەشمانزانیوە چ باسە . چۆنە تائێستا هەر ماوین و یەکجارەکی نەفەوتاوین؟ .... کورد گوتەنی تەگبیر و تەغدیر لێک جودان هەموو شت بەدەستی خودان . خوا ویستوویە

یادی ماموٚستا سەجادی

ئامیانی ژیانمان بمێنێ ، چەند کەسی وا بخولقێنێ ،زۆر گوێ نەدەنە نان و ئاو ،بێبەرگ و پێلاو رابوێرن لە گۆشت و پلاو واز بێرن . دڵ دان بە کیژی دنیایی، ئەوینی پاکی خودایی، خۆشەویستی زێد و خزمان هانیان بدا هەستی ناو دڵ و هەناوان بە زوانەکەی دای و باوان بدرکێنن رووپەڕانی پێ برەنگێنن ، رەنگە لەبەرخۆ گوتبێتیان: خۆمانەبێ و دۆمانەبێ ، نەک بە زوانی بێگانە بێ ....

. جزیری و خانی سەرپلی کوردی نووسینیان خۆش کرد و بەرەو دوای یەک بوێژانمان داویانەتە سەر ئەو رچەی ئەو دوانە بۆیان شکاندووین و ئەوانە تێیان گەیاندووین بە کوردی نووسین رەوایە .

ئەگەر چەند دەور و زەمانێک کورد هەر برێتی لە بەیت و هۆتەی کۆنە بوو ، دیسان شوکرانە بژێرین کە لە سایەی ئەوانەوە زۆربەی وشەی زمانمان پارێزرا و لە بارەی مەبەستەکانی جۆرا و جۆری ئەدەب و ئەدەبیاتەوە زۆر هەژارتر لە خەڵکی تر نەماینەوە. خۆ دیاریشە پەخشان نووسین بۆ پاراستنی زمانمان لە شیعر و هۆتە باشترە .چونکە مەیدانی نووسینی نەسر و پەخشان تا بێژی پان و بەرینە ، نووسەر ریشی دەبەردەستی وەزن و قافیە و هەیت و هووتی‌تردا نیە ... خودا و راستان لەم چەرخی چاردەهەمینی ئیسلامیدا ئەم دەروەشمانَ لێ کراوە و پەخشان و داستان نووسمان لێ پەیدا بوون ، ئێستا کە زۆری وامان هەن ، بە هۆی نووسینی چیرۆک و گردەوەکۆیی دیرۆکان دەستەبەری هەرمانی کوردییەکەمانن .

یەکێک لەو پەخشان نووسانە لە زەبرانە «سەجادی» بوو کە دەمەوێ یادی بکەم.

پێش حەفتا سال لە مال مەلایێ سنەیی منالێک هاتە سەر دنیا ناو (علاء الدین)یان لێنا . ئەلف و بێتکەی پێ خوێندرا و نرایە بەر فەقێیەتی . بەنانی دەقنە- خواردن و بە ئالێ بابا رابواردن سوختە بوو بە موستەعید و موستەعید کرا بە مەلا . چۆن مەلایەک ؟ لە عارەبی و فارسی و کوردی وریا و پیتۆڵ. بەلام جلک شڕ و شۆڵ و تەبەک و باخەڵ چۆڵ و هۆڵ. دەگەڕا بە شوێنی ناندا لە بەغدایە گیرسایەوە. لە سایەی چەند خێرەوەمەندێک بە گیرەگیرِ پێش نویژی یەکی لە کونە گورگێکا دەس کەوت کە ناو نرابوو مزگەوت. حوجرەیەکیشی بۆ جێ خەوی مەلا هەبوو. سەد خۆزگە بە حوجرەی نالی.من ناوم نابوو کونە رەش. بە رۆژ دەبوو چرا هەڵ کا. بە شەو چۆنی تێدا هەڵ کا؟. هەر خۆی و خودا بیزانێ .

ئاوارەیە ،غەوارەیە .گوناهی هەرە گەورەشی کورد بوونیەتی ساڵەهای ساڵ رۆژ و شەوی و کات و ساتی لەو حوجرەدا لەسەر حەسیر ببووە سیپاڵ .جا مەگین چلۆنکایی با دەنا هەرگیز ئەو زیندانەی جێ نەدەهێشت . هێشتاش هەر لەوە دەترسا کوردی نامەرد کە مالم هەقە زۆریش بوون، تۆمەتی ئێرانی بوونی بە ملدا دەن، لەپاش گرتن و جزیادان بۆ ئەو دیو سنووری رادەن. ئەو نانە وشکەشی بچێ کە ئێستا بێ منەت دەیخوا ...

جیا لە کاری پێش‌نوێژییەکەی هەر پێنج فەرزان کە بە حال نان و بژیوی لێ دەردەهاتە بە رۆژ و بە شەو بێکار بوو. بێکار لە بەهەشتیش بژی وەرەز دەبێ ، خۆی لەکن خۆی ناحەز دەبێ و قێزی لە خۆی دەبێتەوە.

خۆ نەمازە سەجادی کۆنە

گەڕیدەی دنیا دیدەی قسە زلی بە باڵا چووکی والەش سووک بە بێکاری لە ژوورێکی رەش و برشی تەسک و باریک و و شەدار و ئاوا تنووک و تاریکدا دەس لەبان دەس کاریٚ نەکا . هەر دەشژی با مەرەکەف لە قورم و مازوو دروس کا ، قەفە چیتک و کاغەزی کاش زۆر هەرزانە ، بە بەختی خۆی لە نووسین تاقی کاتەوە .

بەختی لەم ئەزموونە گرتی: بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری " گەلاوێژ"دا ناوی سەجادی خۆی نواند. نیزیک دەساڵ ئەم ناوەمان لەسەر بەرگ و ناوەڕۆکی ئەو گۆڤارە بایەخدارە دەخوێندەوە. ئیتر بەری بەر هەمدانی کرایەوە، وردە وردە بووژایەوە، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی ، باسی شۆڕشەکانی کورد، گەشت و گوزار نامەکانی،فەرهەنگۆکی بە عارەبی و فارسی و کوردی کتێبی رشتەی مرواری کە ئێژن بوویتە هەشت بەرگ، بەرهەمی (علاء الدین)ن . ئەمە جگە لە وتاری ناو رۆژنامە و راوەی شیعری شاعیران و زۆری تریش کە هەژماردنیان دژوارە.

زۆر سەبووری بەمن دەهات زۆر جار لە کونەڕەشەکە سەرم دەدا. بەیتێکم بۆ وەرگێڕابوو بۆم خوێندەوە :

تۆ نەمردووی ئەی (علاء الدین)ی
سەجادی نەسەب
خاوەنی مێژووی ئەدەب ،پێش-
نوێژی پێخواسی عەرەب

دەیگوت : ئەرێ پێخواسەکە منم یان پاش نوێژەکانمە!!

لەو ژیانە پڕ لە ژانەدا تەمەنی گەیی یە حەفتا ساڵ .. ئەو هیچ لەدەست نەهاتوانەی هەر ئیراد گرتن دەزانن و هەرگیز لە هونەر ناڕوانن کردبوویانە ئامانجی تەوس و توانج و زەدەیان لێ دەدۆزیەوە ولە یەکتریان دەقۆزیەوە :مەلا دەس رژد و چنۆکە ، ترسەنۆکە ،گۆشەگیرە ، لەم ناوە هەر خۆی لەبیرە ، سەر بۆ حوکمات دەنەوێنێ، لە مەجلیسی تەشریعی کە جاشخانەیە چۆن قەبووڵ دەکا بەشدار بێ و لە ناو کۆمەڵ لەکەدار بێ .

ئیتر سەرتان نەئێشێنم پێ هەڵگوتن بە دینار و غەیبەت کردن بە خەڵوار بوو ئەم بەدگۆیی و بە نامۆیی لێ روانینە تا دەمی ئاویلکە دانێ، تا دوا هەناسەی ژیانی دوایی نەهات . تا خەبەر هات کە مامۆستا (علاء الدین) عەمری خوای کرد ...

ئەمجار وەرە گویٚ لە ئاخ و ئۆفان بگرە و لە داخی دوو زمانان مەمرە . هەر ئەوانەی بە زیندوویی کەوڵیان دەکرد ،شین و چەمەرەیەکیان کرد بە داستان بیگێڕنەوە . مخابن بۆ ئەو جوان چاکە جوانەمەرگە، لەوەتا پەلکی وەریوە هەموو کوردستان هەتیوە و سەد بەیت و بالۆرەی تریش .

خوشکی دڵسۆز، کاکی برا، نالێم زۆر، بەڵام هەر تۆزێک ئینسافتان بێ ، ئەو کەسانەی پیشەیان کوردی نووسینە و گەشە بە زمان و فەرهەنگی کوردی دەدەن هەتا ماون وا بە سووکی سەیریان مەکەن . کەموسکێک رێزیان لێ بگرن. واتا بە خوت و خۆڕایی نە جنێو نە پووڵیان پێ بدەن ، نە خراپیان پێ بکەن نەخێر... چونکە نووسەر ئەگەر فێری سواڵکەری بوو ، خۆشی و هونەری هیچ ناژین .

با ئاکارە نالەبارەکەی کەونارا بەروپشت کەین. نووسەرێک کە بۆ بەدبەختی هەر زیندووە خۆتان وای دانێن مردووە. ئەو پووڵ و پارەی لە یادی لاواندنەوەی پاش مردنی بەخت دەکرێ لە ناو خۆدا کۆی کەنەوە.کر و بەرهەمی نووسراوی هەڵسەنگێنن بینرخێنن ، هەڵە و پەڵەی ئەگەر هەیە لێ بژار کەن. بەو دەسمایە بۆی لە چاپ دەن ، لە فرۆشیاو پارەکەی خۆتان بە زیادەوە وەرگرنەوە لەو دزانەی بپارێزن کە

← ل ٨٧



دلۆپە بارانێک

سمایلی قەزاق

لە دنیای تینووی خوێندا دەژین .تەمەنمان وەک دلۆپە بارانێکە لە ئاسمانەوە دێتە خوار، بێ ئەوەی خۆی بیەوێ و بزانێ لە کوێ دەکەوێ : لەسەر ئەرزێکی ئیشک و برینگ یا دەریایەکی پڕ پێل و شەپۆل ؟ لەسەر پەلکی گوڵێکی گەش و زیندوو، یا تەرمێکی سارد و بێگیان ؟ دەبارێتە سەر ئەرزێکی رووتەن و رەقەن یا بسک و هەنیەی کیژێکی جوان و شەرمین ؟ دەکەوێتە سەر چیایەکی بەرز و سەرکەش یا لە بیرێکی قووڵ و بێ بن ؟ وەک غەزەب تێکەڵاوی سێلاوێکی بێ ڕەزا دەبێ یا دەبێتە هۆی رەحمەت بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێکی بێئامان؟ بەرداشێک دەسووڕێنی یا رەشماڵێک دەرووخێنێ ؟ کارگێک هەڵدەتۆقێنێ یا هێلانەیەک دەشێوێنێ؟بەهێمنی چڵە گیایەک دەبزێوێ یا گوڵ و گیا و شینکە وەک لباد دەپەستێوێ؟ لە باری غەمی ئاسمان کەم دەکاتەوە یا دەرد و زووخاوی زەوی زێدەتر دەکا ؟ خۆڵە ئەستێران دەشێرێتەوە یا بە تاسەیە گزینگی هەتاو ببینێتەوە ؟ لە گراوییەکەی کە پێش خۆی داباریوە ،دەگەڕێ یا لە ترسان خۆ لە هەوری دلڕەش هەڵداوێرێ؟ ئەسرینی گۆنایەک دەشواتەوە یا دەکرێتە قەنداو ،یەکێک لە مەجلیس دەیخواتەوە؟...

بۆی روون نیە ، ئەوانە هەموو پەردەیداهاتوویان بە بەرەوەگیراوە و نابیندرێن . بڵێی بە بیریدا بێ کە سەر لە نوێ دەبێتەوە بە هەڵم و دەگەڕێتەوە بۆ پەرپەرۆچکەی ئاسمان ؟

ـ نا ،نا ،نا ،من دلۆپێکم خۆ داوێمە سەر باڵی شەماڵ و قەڵاندۆشی زریان، تەواوی لەشم دەکەمە هۆش و بیر، فەرامۆش ناکەم ئەودەمەی هێشتا لەسەر زەوی بووم و نەفرێبووم و نەگەیبوومە هەوران ، وت و وێژی خاک و ئاونگم دەبیست ، خاک لە ئاونگی دەپرسی : تۆ بۆچی ئەو شوێنەت هەڵبژارد؟ بۆ تۆش نوقمی دەریای بێ سنوور نەبووی و تەمەنی تازە گووراوی خۆ دەکەی بە فرمێسکی سەر روخساری ئەو سوورە گوڵە ؟

ئاونگی ناو ئامێزی گوڵ وەڵامی داوە :من لە کازیوە دا تەمێک بووم ،دیم ئەو گوڵە سوورە بەو هەموو جوانییەوە لە خیزەڵان و لەبەر هەتاوی بەتین لە تینوان سیس و ژاکاوە .گوتم چی لەمە باشترە کە من لە قەدەر حاڵی خۆم بەرپێی تەڕبکەم کەچی پێش ئەوەی وەزەوی کەوم گرتمییەوە لە زمانی دڵم گەیبوو گوتی : بریا و هەزار بریا دلۆپەی وەک تۆمان زۆربا تاتوانیبام وەک تەڕەساڵان وڵات بخەملێنم و لە جێی ئەو دڕک و داڵەی رووان، دەور و بەر چواڕنەکاڵم بە تۆوی خۆم داچێنم . شەونم گوتی: خاک، گوێت لە من بێ من خۆ دەبەر پێی ئەم گوڵە دەمرێنم تۆش چاکەم دەگەڵ بکە و خۆ شل کە با بگەمە رەگ و ریشەی ....

جوغرافیای تەبیعی کوردستانی ئێران

بەشی دووەم



جوغرافیای کوردستان

شەمیمی هەمەدانی وەرگێڕ: ع.ا. زەبیحی

لێرەدا کە بە پێشکەش کردنی بەشی دووەم لە جوغرافیای تەبیعی کوردستانی ئێران (نووسینی شەمیمی هەمەدانی، وەرگێڕانی ع.ا. زەبیحی) کۆتایی بەم بەشە دێنین پێویستە رابگەیەنین:

١ ـ بەشی جوغرافیای سیاسی و ئابووری ئەم کتێبە لەبەر هێندێک ئاڵ و گۆڕ کە لە سەردەمی نووسینی کتێبەکەوە تا ئەمڕۆ لە وەزعی سیاسی و ئابووری کوردستاندا پێک هاتووە، بۆ بڵاوکردنەوە نابێ، بەڵام هیوادارین بتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا تەواوی ئەو کتێبە بنێرینە ژێر چاپ.

٢ ـ دیسانیش داوا لە هەموو نووسەران و شارەزایانی جوغرافیای مەڵبەندە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان دەکەین کە هەر کەس لەبارەی جوغرافیای شوێنی ژین و دانیشتنی خۆیەوە چی دەزانێ، بە شێوەی مەقالەیەکی زانستی و رێک و پێک بۆمانی بنێرێ، تا بە مەرجی پەسند کردن لە ژمارەکانی داهاتووی سروەدا چاپی بکەین. هیوادارین بڵاوکردنەوەی ئەم دوو بەشە لە سروەدا بووبێتە هۆی رێنموونی نووسەرانی لاو، هەم لەباری شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەوە و هەم لەباری ئەدەبی‌یەوە کەلکیان لێ وەرگرتبێ.

ج ـ کوردستانی سنە:

سنوور و کێوو چلۆنایەتی بەرز و نزمی:

کوردستانی سنە بەشێکە لە فەلاتی کوردستان، لە باکوورەوە بۆ جنووب و پانایی ٢٠٠ کیلۆمیترە، خاکی هەوشار و سایین قەڵا لە باکوور و مەڵبەندی کەرکووک و سلێمانی لە رۆژئاوا و دەراوی چۆمی دیالە لە جنووب و ویلایەتی هەمەدان و گەڕووس لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵات دەورەیان داوە.


کێوەکانی کوردستانی سنە بەگشتی رێک و پێکن، باری درێژ بوونەوەیان لە باکووری رۆژئاواوە بۆ جنووبی رۆژهەڵاتە، دوامین چیای ناڕێکی موکریان لە باکووری کوردستانی سنە زنجیرەی (چل چەشمە) یەکە سەرچاوەی چۆمە پڕ ئاوەکانی رۆژئاوای ئێرانە

لە جنووبی رۆژئاوای چل چەشمە زنجیرەکانی (گەرمیان) و (دانی قاشان)

و (کەللە سەر) بە موازاتی یەکتری لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا راکشاون ، لە رۆژئاوای کوردستانی سنە نێزیکی سنووری عێراق ، چیاکانی کوردستان لە مەڵبەندێکی نێوان کەرکووک و سلێمانیدا دەبیندرێن کە بە شێوەیەکی موازی تەواو چوونە پێش . زنجیرە گرینگەکانی بریتین لە : عەلیداغ ،قەرەداغ، سەگیرمە داغ، و ئیزمڕداغ (۱۸) ئەم زنجیرەی دوایی بۆلای جنووب درێژ دەبێتەوە تا دەچێ بە کێوەکانی رۆژئاوای کرماشانەوە دەنووسێ و تەنیا چەمی دیالە دێتە پێش و زنجیرەکە دەپچڕێنێ .

لە باکووری چیای چل چەشمە کلکەی کێوەکانی بەناوی (تەکەڵتوو) لە جنووبی رۆژئاواوە بۆ باکووری رۆژهەڵات کشاوە و بە لێژایی‌یەکی کەمەوە دەچێتەوە سەر دەراوی چەمی (قزڵ ئەوزەن) (۱۹)

کێوی چل چەشمە لووتکەیەکی گرینگی هەیە کە (زێی گچکە)و (جەغەتوو) و (چەمی سپی) لە دامانەی ئەوا هەڵدەقوڵێن و بە سێلای رۆژئاوا ، باکوور و باکووری رۆژهەڵاتدا دەڕۆن، بەڕاستی هەر وەکوو ناوەکەشی شایەدە دەتوانرێ چل چەشمە بە سەر چاوەی ئەسڵی هەموو ئاوەکانی کوردستان دابنرێ. کێوەکانی



دیمەنێک لە شاخەکانی هەورامان

هەورامان کەوتوونەتە جنووبی شاخی چل چەشمە و بەولاولادا راکشاون و بە پێچەوانەی چل چەشمە وشک و بێئاون و چەمێکی وایان لێنایەتە خوار کە گرینگ بێ .

بە شێوەیەکی گشتی کوردستانی سنە لە سێلاوە چیای بەرز دەورەیان داوە و تەنیا لە باکووری رۆژهەڵات، یەعنی دەراوی (چۆمی سپی) بەرزایی فەلاتەکە روو لە نزم بوونەوە دەکا ، ناوەڕاستی ئەم مەڵبەندە لەچاو دەور و بەری خۆی نزمە و ناو بە ناو زنجیرەی چیا ، زەوی رسووبی پڕ حاسڵ و دۆڵی بەرین هەیە، زوربەی دێهات و ئاوەدانی گەورەی کوردستان لەو دەرەو دۆڵ و زەوی یانەدا هەڵکەوتوون .

لەبابەت بەرزی و نزمی‌یەوە کوردستانی سنە دەکەینە دوو بەش .

۱ ـ بەشی باکووری ـ دەشتێکی زۆر پان و بەرینی رسووبی‌یە ، بە شێوەی مام ناوەندی بەرزایی دوو هەزار گەزە و چەمی قزڵ ئەوزەن بەوێدا تێدەپەڕێ.ئەم دەشتە ئاو و هەوای وشک‌وبەژی‌یە (۲۰) رۆژئاوای زنجیرەی چل چەشمە و جنووبی کێوەکانی ویلایەتی سنە و چیای پەنجە عەلی‌یە ، ئەم کێوانە لە جنووب و رۆژئاوا بوونەتە مایەی ئەوەی‌کە چەمی قزڵ ـ ئەوزەن بەرەو باکووری رۆژئاوا جاری ببێ .

لەو دەشتە پانەدا ئاودڕکی قووڵ هەن کە پڕن لە زیخ و چەو و زۆر بە پیتن،ئاوەکانی

دامانەی رۆژهەڵات و باکووری (چل چەشمە) و کێوی (دەربەند) و (تاهۆ خان) لە بەرزایی نێزیکەی چوار هەزار میترەوە بەم ئاودڕکانەرادێنە خوار و بە دەشتەکەدا دەڕۆن و لەو شوێنەی کە لێژایی کێوەکان لەگەڵ دەشتەکە دەبێتەوە یەک ئەوانیش یەکتر دەگرنەوە و بەشی ژوورووی چۆمی سپی پێکدێنن و ئەو لقانە بە هۆی زنجیرە کێوێکی کەم بەرزایی کە ناوی (تاڵوانتوو) ە دەکرێن بە دوو بەشی رۆژهەڵاتی و رۆژ ـ ئاوایی .

لەو جێگایە کە رووبارەکان تێکەڵ دەبنەوە ئیتر چۆمەسپی بە زەوی خیسک(خیزک)دا دەڕوا و دەچێتەوە هەرێمی گەڕووس .

٢ ـ بەشی جنووبی ـ ئەم بەشە بە پێچەوانەی دەشتی باکووری تەواو کوێستانە و دۆڵ و دەرەی تەنگ و بە سامی هەیە ، بەشی زۆری ساڵ بەفر دایپۆشیوە ، چونکوو کێوەکانی ئەم بەشە یەک لە دوای یەک و بە موازاتی یەکتر هەڵکەوتوون و چۆمی گەورەش هەڵیان نابڕن ، کاری هاتوچۆ و کشت و کاڵیان لە جنووبی کوردستان زەحمەت کردووە . سەرچاوەی تەبیعی دەوڵەمەندی ئەم مەڵبەندە لێرەواری تەنکن کە لە داوێنەکانی رۆژئاوای ـ چیاکان هەڵکەوتوون و خێڵ و کۆچەرانی جنووب و رۆژ اوای کوردستان کەڵکیان لێ وەردەگرن .


چۆمەکان :

دەتوانین چۆمەکانی کوردستان بکەینە : سێ دەستە

١ ـ لقەکانی ژووروی چومی سپی لە باکوور بە ناوی (ساراڵ) و (هۆبەتوو) و (خورخوڕە) و (قەرەتۆرە) ، کە بە ناوی ئەو ئاوایی و دێهاتانەی پێیاندادەڕۆن ناو نراون و لە نێزیک شاخی (تاڵوانتوو)تێکەڵ بە لقی ئەسڵی (چۆمە سپی) دەبنەوە ، لقێکیتر بە ناوی چەمی لەیلا لە کێوی پەنجە عەلی رۆژهەڵاتی شاری سنە هەڵدەقوڵێ و تێکەڵ بە (چۆمە سپی) دەبێتەوە .

٢ ـ لقەکانی چۆمیجەغەتوو کە لە هەموان گرینگتریان چۆمی (سەقز)ە و لە (کەلیخان)ەوە سەرچاوە دەگرێ و مەڵبەندی سەقز پاراو دەکا. هەر لە (کەلیخان)ەوە چۆمێکی تر بۆ لای رۆژئاوا دەچێ و پاش پاراو کردنی (بانە) تێکەڵ بە چەمی کەلات (٢١) دەبێ کە چۆمێکی سنووری ئێران و عێراقە و دوایە روو دەکاتە دەجلە .

٣ ـ لقەکانی چۆمی گەورەی دیالە کە ئەغلەب وێرای چیاکانی کوردستان لە لە باکوورەوە بۆ جنووب دەڕۆن، لقی ئەسڵی دیالە لە چیای (شریش‌قان)ی نێزیکی (ئەسەد ئاباد)و رۆژئاوای شاخی (ئەلوەند) هەڵدەقوڵێ و لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا تا سنووری عێراق دەڕوا ، ئەم چۆمە هەموو زنجیرە کێوەکانی کە یەک لە دوای یەک و موازی بە یەکتر دێنە سەر رێگای وەکوو (شاهۆ) و (کەللە سەر) هەڵدەبڕێ و لەو رێبازە شاخاوی یەدا دۆڵ و دەرەی



چۆمی سەقز

قووڵ و پێچەڵپێچ دێنێتە وجوود،کاتێ لە دۆڵەکانی (کەللە سەر) دەردەچێ ، بە لای جنووبی رۆژئاوادا پێچ دەکاتەوە و لەم حاڵەیدا دوامین زنجیرە کێوی سنوور دەبڕێ و ڕوو لە دەجلە دەکا .

سەرچاوەی ئەسڵی ئەو لقانەی لە لای راستەوە دەڕژێنە دیالەوە کێوەکانی کوردستانی (سنە)ن و ئەو لقانە برێتین لە چەمی سنە یا (میابوروان)کە لە باکووری رۆژئاواوە دێتە ناو شاری سنە و لە جنووبی رۆژهەڵاتیەوە دەردەچێ ، نیو فرسەق دوورتر لە جنووبی شار چەمی (قشلاغ) یشی تێکەڵ دەبێ و دەچنەوە سەر دیالەیەکی دی چۆمی هەورامانە کە لە سەرچاوەوە بە چەمی (ڕەزاو)مەشهوورە و پاش پاراو کردنی هەورامان لەگەڵ چەمی جوانڕۆ و رووباری مەریوان چۆمێکی گەورەتریان لێ پێک دێ و دەچنەوە دیالە، رووباری مەریوان لە دەریاچەی (زرێبار- زرێوار)دەر دەکەوێ. ئەم دەریاچە لە دەشتی مەریوانە،درێژایی فرسەق و نیوێک (٩ کیلۆمیتر)و پانایی فرسەقێکە و لە ئاوی ئەو کانیانە دروست بووە کە لە بنەوەی هەڵدەقوڵێن . لقەکانی چەمی دیالە کە بە خاکی کوردستاندا دەڕۆن برێتین لە: (لەهلەسوو) (٢٣) کە سەرچاوەی لە(شاهۆ)یە و(رەنگان)کە لە کێوەکانی (دالەهۆ) دێتە خوار و چەمێکی بچووکیش بە ناوی (زێ یا چۆمی زریشک) کە لە نێوان (دالەهۆ) و کێوی (داڕووجان) دێتە خوار و دوو زنجیرەی گرینگی کێوی ئاسنگەران و بزەینان هەڵدەبڕێ . هەندێ لقی دیکەی دیالەکە لە کرماشانەوە دێن ئاوی حەلوان یا (ئاوی ئەڵوەند) ە سەرچاوەی ئەو چۆمە لە کێوی (تەختی گرا) یە (٢٤) و لە بەرزایی ١٩٠٠ گەزەوە بە لێژێکی زۆر رژد دا لە چیاکانی زاگرۆس دێتە خوار و جولگەی (عەلی)و(سەرپێل) و (قەسری شیرین) پاراو دەکا و تێکەڵی دیالە دەبێتەوە.

ئاو و هەوا :

کوردستانی سنە ئاو و هەوایەکی سەختی بەژی هەیە ، زستانی زۆر ساردە لەم مەڵبەندە ساڵێ چوار مانگی پەیتا پەیتا بەفر دەبارێ ، لووتکەی بەرزی کێوەکان هەمیشە بەفر دایپۆشیوون و سەرچاوەی چۆمە گەورەکانی رۆژاوان ، شوێنانی نزم و پێدەشتەکانیش تا ناوەڕاستی بەهار بەفریان لێ دەمێنێ ، جار و بار ئەستوورایی بەفر لەم جێگایانە دەگاتە دووگەز.. زستانان لای رۆژئاوای شاری سنە و شیوو دۆڵی کوێستانەکانی وەها بەفر دەیانگرێ کە رێبوار و هات و چۆکەر مەگەر بە دووکەڵێ کە لە هەندێ دێهات هەڵدەستێ بزانێ ئاوەدانی لەم شوێنە هەیە . بەفری زۆر و سەرمای ئەم ناوچەیە کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ژیان و بەرێچوونی خەڵکەکەی. لە زستاندا دەشت و کێو بەفر دایدەگرێ و رێگاکان دەگیرێن و هات و چۆی نێوان دێیەکان بە تەواوی پەکی دەکەوێ ، بۆیە خەڵکی لادێی کوردستان لە هەموو جوتێر و لادێی ئێران زیاتر بۆ پێکەوەنانی سووتەمەنی و ئازووقە و جل و بەرگی زستانی بە پەرۆشن بە تایبەتی داختنی سووتەمەنی بۆ جووتێرانی کوردستان مەسەلەی مردن و ژینە . ئەگەر بە رێکەوت ساڵێک حاسلاتی ناوچەیەک بەشی پێداویستی خەڵکەکەی نەکا، زستانێ کە رێگای هات و چۆ دەبەسترێ ، قاتی وقڕی یەکی گەورە پەیدا دەبێ و خەڵکێکی زۆر لە سەرما و لە برسان لەناو دەچن ،جار جارە قاتی هێندە سەختە کە جووتێرانی بێچارە دەکەونە گیانی یەکتر و یەکتری لەت و کوت دەکەن و دەیخۆن (٢٥) ،ئەم کارە هەر لە نێو جووتێرانی کوردستان روودەداو خێڵەکانی ناگرێتەوە ، چونکوو خێڵە

کوردەکان لە کۆنەوە گەرمێن و کوێستانێ دەکەن و خۆیان لە سەرمای سەخت و بەفری قورسی زستان و گەرمای بڕست بڕی هاوین رزگار دەکەن . رەنگە یەکێک لەو هۆیانەی کە لە گەرمێن و و کوێستان کردنی خێڵەکانی رۆژئاوای ئێراندا کاریگەر بووە هەر ئاو و هەوا و هەندێ هۆی دیکەی جوغرافیایی بێ ، هەر وەکوو ئیمرۆش جووتیار و خەڵکی لادێ ماڵ بەجێ دێڵن و ژیانی کۆچەرییان بەلاوە باشترە تا ئەوەی لە جێگایەک نیشتەجێ ببن .

بەلام لە شیو و دۆڵە تەنگەبەرەکانی ناوچە شاخاوییەکان چونکوو زەوی بە پیت و بەرەکەتە و ئاو و هەواشی خۆشە ، ژمارەی دانیشتوانی دێیەکان لە هی دەشت و بەرکێوەکان زیاترە و ژیانی دانیشتوانی ئەم مەڵبەندانە دڵنیایی زۆرتر تێدایە ، هێندێک لەو شیو و دۆڵانە ،وەکوو بەشی ئەردەڵان (لای رۆژهەڵات و جنووبی رۆژ-هەڵاتی کوردستانی سنە) چونکوو تۆفانی پڕ تەڕ و تووشی رۆژئاوا لە کێوەکانی زاگرۆس دەدا ، زەوی تەڕایی زۆرە و هەوا خۆشە و لەگەڵ کشت و کاڵ و ژیانی لادێیی دەسازێ .

بۆمان دەردەکەوێ کە دەتوانین دوو جۆرە ئاو و هەوا لە کوردستانی سنە بەدی بکەین. یەکیان لە بەشی دەشتایی و شیو و دۆڵە بەرینەکان کە ئاو و هەوایەکی بەژی هەیە و لە گۆڕاندایە ،زستانەکانی زۆر سارد و سەختە و پلەی گەرمای لە (+٣٢) تا (-٢٢)لە هات و چۆ دایە ،ژیان لەم مەڵبەندەدا زۆر دژوارە و کار و پیشەی هەرە گەورەی خەڵکەکەی لە سەرەتای بەهارەوە تا سەرەتای پاییز پێکەوەنانی سووتەمەنی و داخستنی ئازووقە و ساز کردنی جل و بەرگە بۆ زستان. بەشەکەی دیکە مەڵبەندی شیو و دۆڵە تەنگەبەرەکانی ناوچیایە بە تایبەتی هی لای رۆژئاوای شاری سنە ، کە لە لایەکەوە کێوەکانی بە هۆی راکێشانی هەڵمی ئاو و تەڕایی،ئاو و هەواکەی بە مام ناوەندی رادەگرن و لە لایەکی دیکەشەوە سووتەمەنی زستانەی خەڵکەکەی لە لێڕەوارە زەبەند و چڕەکانی داوێنەی رۆژئاوای کێوەکان بە ئاسانی دەست دەکەوێ. ئەوەی لەبارەی ئاو و هەوای کوردستانەوە

ل ٩٨ ←

---

١٨ - ئەمەش نموونەیەکی دیکەی هەڵگێڕانەوەی ناوی عەلەمە لە لایەن هەندێ نووسەرانەوە.ئەگەر چی ئەمەی ئێرەیان رەنگە خەتای گێڕانەوە بێ لە سەرچاوەکان. لە راستیدا ئەو زنجیرانەی ، ئەو باسیان دەکا ئاوان :
ئاچ داغ ، قەرەداغ ، سەگرمە ، ئەزمر ، .

١٩ - قزلْ ئەوزەن یا چەمی سپی کە لە کوردیدا (قزل وەزان)ە ، لە کێوی چل چەشمەی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێ و دەچێتەوە خاکی (گەڕووس) و لەودیوەوە بەرەو باکوور دەبێتەوە و دەچێتەوە مەڵبەندی میانە لە ئازەربایجان و هەر دەڕوا و چەم و رووباری دێنەوە سەر تا لەشوێنێک بە ناوی(حەسەن کەیا) وە دەڕژێتە بەحری (خەزەر)ەوە .

٢٠ - بەژی : مناطق بری .

٢١ - وادیارە مەبەستی چەمی چەمان بێ کە سنووری ئێران و عێراق لە نێوان دوو مەڵبەندی (بانە) و (شاربازێڕ) و نیزیکترین ئاوایی کوردستانی عێراق بەرامبەر ئەو چەمە (شابە دین) و لە کوردستانی ئێرانیش (ئەنجێنە)یە و نەمبیستوە کەس بەم چەمەی گوتبێ (کەڵات) و چۆمی (کەڵوێ)ش لە سنوور نییە تا پیاو بڵێ مەبەست ئەویانە .

٢٢ - ئەم ئاوانە هەر یەکە لە مەڵبەندێک بەو چەمانە دەگوترێ و ئاخرەکەی دەبێتە دیالە .

٢٣ - رەنگە (لەهلەسوو) چەمی لالە بێ .

٢٤ - تەختی گڕا رەنگبێ تەختی گەڕیا تەختی گڕە بێ.

٢٥ - نازانم دانەر ئەم قسەیەی لە کوێ هێناوە .ئەوەی من بیستبێتم تەنیا لە گرانی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچیدا چەند رووداوێکی ئاوا هەبووە،ئەم گرانییەش پێوەندی بە سەختی زستانەوە نییە بەر و بووی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو کە خاکی کوردستان ببوە پێخوسی لەشکری ئەڵمان و عوسمانی و رووسی قەیسەری و خەڵکیان لە کار و کاسبی کرد ببوو خەڵکێکی زۆریش بە ناوی (غەزا)وە دەسخەڕۆی عوسمانییەکان بووبوون .

دوکتۆر بیمار:
سروەی نەرم و فێنک

شەوێکی کورت و گەرمی بەهار و رەمەزان بوو.هەر لە دەفتەری ئینتیشارات سووکە بەربانگێکمان کردبۆوە و بە تەواوی برمان پێ نەشکا بوو . بەشێک لە دەستەی نووسەران، هەموو هونەرمەندان و کارگێرانی گۆواری "سروە" لە دەفتەر ماینەوە بۆ ئەوەی زووتر گۆوارەکەمان بنێرینە ژێر چاپ و خوێنەران رازی بکەین .

شەو درەنگان بوو، ئێمەش شل و شەکەت ببووین و برستمان لێ برابوو . یەک باوێشکی دەهاتێ،یەک وێژینگ و وەنەوزی دەدان،یەک چاوی خەوالووی دەگلۆفی ، یەک پەنجەی ماندووی دەشکاندنەوە یەک لەبەر ژانی ئەژنۆی پاش هەزار جار گوتن ببەخشن لەسەر تەنیشت راکشا بوو هەر چوار لای بە پووشە و پاکەت و کاغەز هەڵچنرا بوو دەتگوت سەنگەری لە دەوری خۆی کێشاوە و بۆسەی لێمان داناوەتەوە، بە ئاستەم کاکۆڵە کورتەکان و ملە درێژ و باریکەکەی دیار بوو و بە سەرنجەوە خەریکی کاری فەننی بوو. کارەکەی زۆر ورد و گران بوو،کەچی نەزەری ئەدەبیشمان هەر لێ دەخواست و وەڵامی بەکەلکی دەدایەوە.

بەو حاڵەوە وەک چووبینە هەرەوەز و زبارەی ماڵە شێخ بە تاوانمان دەزانی وچان بدەین، وەک لەبەری دروێنە بەجێ مابین خۆمان دەکوتا و ئارەقمان دەڕشت و دەفمان دەدا .

لە لایەک خرمەی مەقەستی کارناسەکەمان دەهات کە ئەوەی لە دەرەوە گوێی لێ بووبا پێی وابوو باخی سێوان هەرەس دەکا و لک و پۆپی زیادی وبن تایان هەڵدەپەرتێوێ

لە لایەک جیرەی قەڵەمی خەت خۆشە ، رەزا سووکە،گوێ راگرەکەمان گوێ لێ دەبوو کە چونکە خۆی کورد نەبوو و رێنووسی کوردی نەدەزانی زۆر تووشی هەڵە دەبوو، لە لای دێکە تەرراحە مل باریکە ، لاوازە، قۆشمەکەمان تەرحی جووجەڵەیەکی قەڵەوی چەوری لە ئیشتای کێشا بۆوە کە لیکی بە لالغاوەی ئێمەی خورێین و برسی و فێرە پارشەو و شەوچەلە خۆر دا دێنا خوار.جار جار رایدەناو گزوفتی دەداین ،برایەکمان گوتی:" بەرخی بابم ئەگەر لە ماڵە خۆت شتی وات دەخوارد، تەرراحێکی کوردی دەبووی و هێندە لەڕ نەدەبووی بە مقاش گۆشتت لە بەدەن نەگیرا بایە" تێ نەگەیشت و گوتی: بۆ تەرراحی کێم ئەدی؟ هەموومان پێکەنین زانیمان ئەم وشە نارەسەنەی نەبیستووە کە لە زۆر جێگای کوردستان لە باتی لۆزەندەری رەسەنی کوردی ، بە مانای زۆر زل و گەورە و نالەبار بەکار دەبرێ.

مامۆستا هێمنی پیری ، نەخۆشی، بێ هێز کە ساڵی لە خوای بڕیوە، هەزار پەند و گۆڵمەزی دیوە و لەمێژ ساڵە لەبەر نەخۆشی دەمار و ژانی شان و پیلی دەناڵێ . بۆ هاندان و تەشویقی ئێمە بەم تەمەنەوە و بەم لەشە ناساغەوە شەو نخوونی دەگەڵمان دەکێشا و چاویلکە لە چاو و خودکار بەدەس چوار مێردەکی لەپشت مێزە نەوییەکەی دانیشتبوو و هەر تاوە ئاوڕی لە لایەکمان دەداوە. هەر مانەوەی دەگەڵمان مایەی دڵخۆشی و پشتگەرمی و هیوامان بوو . بیرمان دەکردەوە ئەو کە لە هەرەتی لاوەتی یەوە خەریکی خزمەت بە زمان و فەرهەنگی

کوردی بووه و لەو ڕێگایە دا تووشی کوێرەوەری و دەربەدەری و خێشمە خێشمی زەمانە هاتووە، دەبێ چەند شەوی وای ڕۆژ کردبێتەوە ؟

بەڵام یاخوا بێ قەزا بێ و خوای لێ ڕەزا بێ ، سیغاری بە سیغار دادەگیرساند و چرە دووکەڵێکی ساز کردبوو، دەتگوت ئاورگی بە ئاوردووی تەڕ هەڵکردووە بەڕاستی هەمووی وەک ڕێوی نێو کون قانگ دابووین . پێم وایە دەیویست تۆڵەی دوێنێ بکاتەوە و بەشی سۆزیش نیکۆتینی کوشندە لەسی یەکانیدا پاشەکەوت بکا .

هیچمان لە ڕوومان هەڵنەدەهات پێی بڵێین ئاخر موسڵمانی خودای ئەگەر بەزەییت بە خۆتدانایە ڕەحمت بە ئێمە دابێ . پێشمان گوتبا جگە لەوەی ژوورەکەی بەجێ بێڵێ چ قازانجێکی هەبوو؟ بۆ ئەو بە دەستووری دوکتۆری دەکرد؟ یا لە هەڕەشەی دایە خانم دەترسا؟ تا بە قسەی ئێمە بکا ؟

ژووری کارێمان ئەوەندە شپرێو بوو، دەتگوت گای تۆڕ هەڵی ئاوێشتووە ، لە لایەک قەڵەم ، کاغەز ، پەڕگار ، خەتکێش و گۆنیا پرژ و بڵاو بوون و لە لایەک چەسپ و فلچە و شتی وا کەوتبوون ، لە لای دیکە بڕشتە کاغەزی وردی لە دەنکە نیسک بچووکتر و لە زلە کا سووکتر لەسەر یەک کەڵەکە کرا بوون نەماندەوێرا پەنجەرە بکەینەوە هەموو لەشمان ئارەقە بوو، دەترساین پشوو بایەک هەم خۆمان باپەڕ بکا و هەم ڕێسەکەمان لێ بکاتەوە خوری و بڕشتە کاغەزەکانمان وەک تۆوی هەرزن بڵاو بکاتەوە .

لای پارشەوی ، جێمان گوێزتەوە و لان بەرە ژێرمان کرد ، چووینە دیوێکی دیکە کەمێکمان هات و چۆ کرد، چاومان شوت بۆ پارشەو چووینە سەر سفرە دەگەڵ بەربانگ فەرقی هەبوو ، خواردنێکی چەور و گەرم و نەرممان خوارد، چەند چای داغ و ڕەشمان پێ دا کرد . ئەوانەی سیغار کێش بوون وەک لۆک دووکەڵیان هەڵمژی حەسانەوە ، مامۆستا چەند بیرەوەری خۆش و نوکتەی جوانی بۆ گێڕاینەوە، من هەر ئەو دوانەم لەبیر ماون؛ گوتی :

" ماڵمان لە لاچین بوو، زۆر منداڵ بووم، مامەکانم پیاوێکیان بوو ، حەسەن بایزیان پێ دەگوت .لەبیرمە زۆر هەژار و ڕووت بەڵام زۆر بێ تەماع و پاک و ڕاست و دروست بوو، ئەو پیاوە یەکجار قسە خۆش بوو لە ڕاو دا بە تایبەتی لە ڕاوە کەروێشکدا زۆر شارەزا و پسپۆڕ بوو.جارێکی چوو بوونە ڕاو، پاش.ڕاو بەتاڵ بە بوولێڵی بانگی شێوان کاك حەسەن تەماڵێک دەهێنێتەوە، مامم پێی دەڵێ تاریکە و تاژییەکان ماندوون بە تفەنگ لێی بدە، کاکە حەسەن زۆر دەچێتە پێش ، سێرە و چفتەی لێ دەگرێ چەپ و چیر دەبێ. تفەنگێکی پێوە دەنێ سەر دەکا و نای ئەنگێوێ . مامم تووڕە دەبێ و دەڵێ : هەک کوێراییت دایە جاوەرە لەو بن و پاڵەوە نەنگێوی ؟ کاحەسەن دەڵێ : قوربان تووڕە مەبە، ئەگەر نەشم ئەنگاوت تەرخی ئەو کێوەم پێ کرد. "

دیسان گوتی :

" مامۆستا هەژار دەگێڕێتەوە و دەڵێ قەدیم من و مامۆستا حەقیقی ماڵمان لە بۆکان بوو، کابرایەکی لێ بوو شتی سەیری دەگوتن و ناوی نابوون شیعر. بۆی دەخوێندینەوە و ئێمەش گاڵتەمان پێ دەکرد، تا قانیع هاتە بۆکان ، ڕۆژێک قانیع کەمێک دوورتر لە ئێمە دەگەڵ چەند کەسی ئەدەبدۆست لە دەوری حەوزی بۆکان دانیشتبوو، کابرا بە بەر دمی ئێمەدا هات سڵاوی نەکرد و کۆخی یانی ها.. چووە لای قانیع و دەستی بەخوێندنەوەی

ل ٨٧ ←

هەواری شیعر

مینەت ژ خودایێ کو ب عەبدێ خوە مەلایێ
ئیکسیری غەمی عیشق نە دینار و د رەم دا
(مەلای جزیری)

گولێ بە تۆزێ پیتەوە لاف و گەزافی لێ دەدا
وا شوکر سۆزەی نەسیم هات وئەویشی لێ ستاند
حەریق * * * *

لەسەرخۆ چوونە شەیدا بوونە قورِ پێوانە سووتانە
هەتا مردن مەحەببەت .ئیشی زۆرە ریزی لێدەگرم
مەحوی * * * *

نیە دیدەیی چ مەردوم ، نیە مەردومی چ دیدە
لە فرووغی خەددی فاریغ ،لە خەیاڵی خاڵی خاڵی
(نالی)

داغی غەم
پرتەو هەکاری

مەدل بەو ئاگر و نیرانە دیسا
جەگەر ژی تازە من بریانە دیسا

نەشێم ئیدیت ئەوان دەردێت بێحەد
بکێشم ، لەو بە زەرب و ژانە دیسا

نەبوومە ئەز ژ وەسلێ بەرخوری کام
خوبایە وی ژ نەو بوحرانە دیسا

ژ غەیری داغی غەم ، نینە دەوایەک
کو سەردا دەردی بێدەرمانە دیسا

دلی من کاسەیا سەرپۆشداره
پڕی دەرد و غەم و کۆڤانە دیسا

لە سەنگی دت هەرۆ سەد شیشەیی عەهد
ژ نەو قایم تکت پەیمانە دیسا

پەریشانم ژ وێ زولفا پەریشان
بە پیچ و هەلقە وەک داڤانە دیسا

دلی من لەو لە ئاتەش چون سپەندە
لە روویان خالی عەنبەر دانە دیسا

ڤنا پرسیت چیە حالێتە "پرتەو"
وەها بێ سەبر و بێ سامانە دیسا

شیعر چییە؟
شاعیری ناکام سەدیقی مەحموودی

شیعر ئەبێ ئەوەن گەرم بێ وبەتین
بدا نقورچی مچوڕک و تەزین
وەک فووی رووحی خوا گیان وەبەرهێنی
ئیلهام بزوێنی دڵی نەدوێنی
وەکوو تەوژمی گیان بێ لەنێو دڵ
بەرەورووی ئامانج دڵ بێنێتە چڵ
لە ڕێی خەباتا وەک سەرچاوەی تاو
دڵۆپی گەرمی پرشنگی لە ناو
شیعر دەبێ لەگەل خولی رۆژگار
تا نەغمەی لەناوگشت مێشک ودەمار
ببێتە تارای بووکی شەرمینی
بووکێک کە زاوای دڵ پڕ ئەوینی
نوێنگە و دیاری تەرزی ژیانی
لە مێژووی ژینا بۆ دوارۆژەکانی
وەک ئاوی کانی خیزەڵانی لێژ
ئەنجا با خوای تەخت و بارەگای
بۆ بەختیاری و پیرۆزی بڕوای

وەک ئاگری گەش
لە ئەندامی لەش
پەیکەرەی‌هەست بێ
ئاڵۆز و پەست بێ
هەر بێت و بڕوا
بە تین کا بڕوا
مێشکی بپرژێ
کومەڵا بڕژێ
نوێ ببێتەوە
بزرنگێتەوە
رازاوەی ئاوات
بەختیار ئەکات
گەل و گورۆ بی
وەلامی بۆ ؟ بێ
روون و رەوان بێ
شیعر و سەلیقە
بدا لە تریقە

هامن

مەولەوی

ها من ، ها ، من وار ، گەرمیش جۆش ئاوەرد
فەزای نەزم بەزم نەو گوڵاڵان بەرد

بووڵ وە یانەی جەم نەوگوڵاڵان شەند
چەمەن بێنەوای ناڵەی بولبوڵ مەند

تای بەڕەزای شەنگ نەسای موغاران
شێونا چون زوڵف تەعزیەداران

ها ، کاوان ، کاوان دڵ چون دڵ ڕێشان
هەڕدان وە سەردا هەردان پەی وێشان

دووڕیت ئایر وست وەیانەکەی من
یانێ یانەی دڵ وێرانەکەی من

هەوا ئایرین ، سەروەخت ئایرین
دڵە ئایرین ، بەربەخت ئایرین

وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن
بەختم ناپوختەن فامم نەفامەن

وەی بڵێسەوە گەردیێم باقی یەن
وادەی ئایرین بادەی ساقی یەن

بەشق پیاڵەی مەست چاوەکەت
بەو پەشێوی چین پای کڵاوەکەت

با بەی مەی بەڵکم ئایر مەستی
سۆچنۆ یەکسەر خاشاک هەستی


جەعفەر قولی زەنگلی ، عارفی پایەبەرزی کرمانج کە سەد وپەنجا ساڵ لەمەوبەر ، بە دەربەدەری و ئاوارەیی لە کێوەکانی خوراسان بێسەر و شوێن چووە ، بەسەرهاتێکی بەسۆز و دڵتەزێنی هەیە ، ئەو کوردێکی تایفەی زەنگلانلووی عێلی کێوانلوو بووە کە نیشەجێی چناران و دەرگەز و کەلاتی خوراسانن، بە لاوی ئاشقی کچێکی (ملواری) ناو دەبێ و چونکە نایدەنێ،لەتاوان دەس رەکێوان دەدا .

وا بە بۆنەی جێژنی قوربان سێ بەندی شیعرە بە ناو - بانگەکەی بڵاو دەکەینەوە. وێڕای سپاس لە کاک کلیما .. توحدی کە ئەم شیعرەی بۆ ئێمە ناردووە ، هیوادارین بتوانین بە وەختی خۆی ئەم شاعیرە بناسێنین .

ئیسروولە کوویێ وەفا ، خەلیلێ دل نوورانی
ژ ئەمری فەردی دانا ،ئیسمایل کر قوروانی
لە ئارێ سەفا ، مەروە ، بنیشێ کەبە دانی
عەرز کر پەروەردگارا ، حەکیم و غەیودانی
لە پاداشی ڤێ کارا ، چی لوتف و کەرەم زانی
نەدا هات کێی ئیبراهیم ،گەر تۆ بەندێ فەرمانی
بورهانان پووشیدە کە ، زیافەت کە میهمانی
پەس خەلیلێ موقەددەس ، میهمانسەرا بەنا کر
بیدوونی موسافیر و تەعام خوران ئەبا کر
لە عەوەزێ ئیسمایل ، قووچی قوروان فەدا کر
حەق نوورێ موحەممەدی،لە سولبێ وی عەتا کر
چما کو ژ رووی ئەزەل خەتمێ رەسوول پەیدا کر
گشتی رەسوولی سابیق ژ نووری وی جدا کر
دل دەخازێ تووسیف کە، وی حەبیبێ سوبحانی
خادێ وە توفێلاوی ، بەنا کرین دو عالەم
ئەڤەل سەبتی دەفتەر کر ،ناڤێ وی لووح وقەلەم
لە چەندین هەزار سال ،پێش ژ خیلقەتی ئادەم
مووجوود بوو ،ئەو ،نووکورسی،نار و جەننەت لە عەدەم
میری یەسریب و بەتحا ، هیڤێ مەکە و حەرەم
سەروەری گشتی عەرەو ، خوسرەوی کوللی عەجەم
رەحمەتی لیلعالەمین ، نوورێ پاکی یەزدانی...

نامەیەکی پیرانە

کێژی قەیتەسوو



دیسان کەوانی قەڵەم بە دەستەوە دەگرم هەتا لە شیناوەردی هەوای تۆدا هەوێردەی هونەر راوکەم و بیخەمە نێو رکەی کاغەز و بە دێڕ و رستەی کورت و درێژدان و داوی وێگرا بدەمێ. ئاخ کە سەردەمی لاوەتی چەند خۆشە. ئەوەدەم کە جێژوان و دوان بۆنی خۆشی و ئەوینی لێدێ و مۆمی تەمەن بە ستی دەسووتێ و سیرەی سێرەوو و سریوەی سریلە هاودەمی سەردەمی چاوەڕوانین. بە کورتی سەردەمی لاوەتی یادی بەخێر !!

ئەگەر ئەویندار بی تەنیا لە بیری ئەوەدای کە لە چاوەڕوانی دوور بی. وەک قرژاڵ بە دوو سەر بڕۆی هیچ لێ عەیب نیە بەڵام ئەگەر ماوەیەک رابرد و هێندێک لە نێوەوە چووی ئەوەدەم ئیدی ژاری ژینی ژەنگاوی رۆژ ژمێری تەمەن بە گەرووتدا دەڕواتە خوار و هەرچی دەیکەی و دەیخۆی لێت وەعەیب دەگەڕێ. دەبێ بێ هەراو هاوار چاوەڕوانی چرای فوو پێدا کراوی تەمەن بی کە کەی نەوتی لێ دەبڕێ.

بەڕاستی لەوەها سەردەمێکدا ئادەمیزاد ئەویندار دەبێ؟ دەبێ ئەوینی پیری چۆن بێ؟ بەرامە و تام و چێژی دەبێ چ بێ؟ بڵێی هەستی ناسک و بێ خەوش و ئاسکی رەوەکی نیگای هەراو بکەوێتە سەر بار و بخرێتە بەر تیری قەزای چاو مەستی گراوی؟ بڵێی هەناسەی، تاسەی ژیانەوە بێ یان کاس و مەنگی بەنگی دەنگ و باسی دەور و بەری بێ کە چەند جووتە چاوی زیت چاویان لە چاوی بڕیوە...

ئێستا رێگای ژینم بە تەواوی نەپێواوە و وردە وردە دێم و دەڕۆم. پاش چەند ساڵ دیسان هەستی بزۆزم جووڵاوەتەوە بەڵام بۆوەی بێت و بڕوا دەبێ گۆچانی بیرەوەری بدەمە دەست. رەشماڵی ئەوین ئەستوندەکی تاوڵی لەسەر کوێستانی دڵم دا کوتاوە و وەک میوانی ناشارەزا لێم وەژوور کەوتوە. نازانم بڵێم چی؟

ئەوەدەم کە هەرەتم بوو

تەنیا بۆ جارێک دڵم نازدارێکی گرت و ئەو گرتنە گرتنی بە شوێندا هات، هەتا گۆشەی نیگای ئاشنای ئەم خۆشەویستە لە چاوان نادیار کرا و بەرەو دیاری نادیاری چارەنووس وەڕێ کەوت .ئیتر لەمەو لا نازانم چم بەسەر دێ . لەو ڕۆژەوە هەرچی دەینووسم بۆنی ئەوی لێدێ و هەرچی بە دڵمدا دێ خەیاڵی تاڵی ناڵە ناڵی سەردەمی ئەوینداری و بێقەراریمە .

دیسان باش بوو ئەو دەم لە پێوانی مەودای نێوانی خۆم و گراوی ماندوو نەدەبووم بەڵام ئێستا دڵی بێ تین و تاو و لە سەد لاوە شکاوی من شەکەتی پێواری دەشتی هەراوی ژینە و ماندووی ناحەسێتەوە و دەراوی ڕوونی مەندی جووتە چاوێکی لێ ونە، هەتا چۆڕە ئاوێکی ئەوینی لێ بخواتەوە. ئەگەر جوانی لە خۆڕسکدا دەبینم وەک سەردەمی لاویم بە چرۆی دار دڵم ناگەشێتەوە بەڵکوو لکی دارە کە جێگای هیوا و هەوێنی هومێدمە چون دەبێ بە دار عەسای دەستی لەرزۆکم ئەگەر جوانی لە دیمەنی بەژن و باڵای کیژێکدا دەبینم بە چاوی بابێک چاوی لێدەکەم و ئەگەر زاری هەڵبڕێ و بمدوێنێ تەنیا وشەیەک لە زاری دێتە دەرێ ئەویش ئەوەیە: چت دەوێ مامە!!! جا بە بیستنی ئەو وشەیە دێڕی جوان و نەشمیلانە و خنجیلانەی خۆشم دەوێی هەتا هەتایە لە نێوان زار و گەروومدا وەک گۆمێک پەنگ دەخواتەوە و بڕستی دەربڕینی لێ دەبڕێ .

تەنانەت وەک مەولەوی
خاڵۆ خاڵۆ تەن کەم واچە خاڵۆ
خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵۆ

بەڵام چبکەم دڵە و ئەوانە نازانێ. ئێستا کە دەتەوێ نامەیەکت بۆ بنووسم، باشە! بەسەر چاو ئەوەی لە دەستم دێ کۆتایی ناکەم و هەرچی لە جانتامدایە هەڵی دەڕێژم بۆوەی بەسەری پیری تووشی درۆیە نەبم لە پێشدا هەستی دەروونم باش بناسە و دوایە پرێسکەی دڵم بکەوە ، تاقە ترووسکە و تریفەیەکی کە لە ئەویندا ماوە و لە بەرابەرمدا زیتەی دێ بە شاهید دەگرم کە درۆت لەگەڵ ناکەم. حافزی شیرازیم خۆش دەوێ لە نێو لاپەڕەی بیرەوەری یەکانی ئەو شاعیرە دا هەست بە هێمنی دەکەم. دەبینم کە ئەگەر تەنانەت بۆ جارێکیش بێ دەردی منی بەسەر هاتووە و هاواری کردوە کە ئەویندارم و دەمەوێ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو رازە لە ژێر چارشێوی نهێنیدا بشاردرێتەوە .

بەڵام وادیارە کە ئەو چاوانەی بە درێژایی تەمەنم لەگەڵم راهاتوون و بۆ دیتنی هەموو مەبەستێک لەگەڵم هاتوون خەریکن لێم ئاشکرا کەن و لێم لە هەڵڵا دەدەن :

دل میرود زدستم صاحبدلان خدا را
دردا کە راز پنهان خواهد شد آشکارا

بەڵێ خۆشەویستم :زەمانێک بوو شانازیم بەوەی دەکرد کە دەیانگوت فلان کەس ئەویندارە و بەدەردی ئەوینەوە دەناڵێ بەڵام نا ئێستا هیچم لە باراندا نیە و لە تەبیعەتی دڵمدا زستانە و لەو زستانەدا لە هەر دەوە بەرەو ئاسمان بەفر دەبارێ و تەم و مژی هەناسەم وڵات دادەگرێ .جا کەوابوو ئیزنم بدە بێ ئەوەی سڵاو بکەم ماڵ ئاواییت لێ بخوازم. سەردەمێک بوو دەگەڕام و لە دەریای مەندی هونەردا لەنگەرم دەگرت و لە داوێنی جوانترین شیعری هەڵنەبەستراو و دانەندراودا ئۆقرەم دەگرت و بۆ سەردێڕی نامەکەم جوانترین شیعرم دادەنا و بۆ دڵداری بێ بەزەیی و بێبزەم دەنووسی .

بەڵام ئێستا ... گلەیی و سکاڵایە و بەس ... تازە هەڕەتم نیە! چۆن نامەی نووسراوت بگەیەنمێ . ئاخر تازە شەماڵ نۆرەم بۆ ناکا و زریانیش هیممەتی نیە و خۆش لەبەر بای سەڕ سەڕ ناگرم ،چون جارێک گوڵی گوڵستانی ژینی بە تاڵان بردووم .جا نامەیەکی نەبتوانم

ل ٩٣ ←

مینا



عەزیزی فازیلی

حەسارێکی گەورە و پڕ لە دار و درەخت ، حەوزێکی گەورەی تێدا بوو ، وێنەی دارەکانی لە ناو حەوزەکە دا وەک دوو پۆلە داری سەراوبن لە حەسارەکەدا دەهاتنە بەرچاو . مینای ژیکەڵە و کار جوان ئەوێ ڕوژێ لای نیوەڕۆ بە دڵگەرمی‌یەوە لە قەراغی ئەو حەوزە هەڵترووشکابوو و چەند کوتە جلکی ماڵی زارا خاتوونی دەشوت . بەدەستە بچکۆڵەکانی پەڕۆوپاڵی منداڵە ساواکەی خاتوونی هەڵدەشڵاوت . جار نا جارێک سەری هەڵدێنا و بە حەسرەتەوە چاوی لەو قەلەڕەشە دەکرد کە لەسەر چڵووکی دار چنارەکە دەیڕوانیە خوارێ .چاوێکی بەم لاو ئەولا دادەگێڕا و دیسان تەشتەکەی هەڵدەنا .بیری ئەوە کە ئەو قەلە چی لەو تەشتە دەوێ، زەینی مینای ئاڵۆز کردبوو .

جارجارکە دارەکەدەلەرییەوە قەلە ڕەشە دوو سێ جار باڵی لێک دەدا و دیسان چاوی لە تەشتەکە دەبڕییەوە .

دیاربوو دەیویست داکشێتە خوارتر و بێتە قەراغی حەوزەکە و هەڵنیشێ بەڵام لەترسی مینا نەیدەوێرا .

مینا لەبەرە خۆیەوە دەیگوت: " ئەم قەلەڕەشە هیچ شەرم ناکا!هەر دێ و خۆی لە تەشتەکە نزیک دەکاتەوە نازانم بۆ چی !!چی دەوێ ؟ لە پڕ نەیە دندووکێک لەسەرم دا " هەرکە ئەو بیرەی بە مێشکیدا هات ، پەشۆکا ، هێندێکیش ترسا . هەر بۆیە پاش ئەوەی هێندێکی تێڕاما و تێی ڕاخوڕی ، چووەبن دارەکە و دەستە کەفاوی یەکانی ڕاوەشاند بەو کارە دەیویست هەڕەشەی لێ بکا کە قەلەڕەشە بڕوا و لێی دوور کەوێتەوە . قەلە وەک لە مینا حاڵی‌بووبێ پاش هێندێک باڵەفڕکە بەرەو سەرتر هەڵفڕی .

ئەوجار مینا بە خاترجەمی چۆوە سەر تەشتەکە و دەستی بە جلک هەڵپشاوتن کرد .

لەو کاتەدا دەنگی زارا خاتوون بەرز بۆوە.هاواری کرد و گوتی : مینا ئەو چەند کوتە شیوەشلێرە ماوە وەرە بیانبە " مینا دەستی بە بەرهەڵبێنەکەی ئەستری و بەرەو ژوور وەڕێ کەوت . قەلەڕەشە وەختی بە دەرفەت زانی و هەر کە چاوی مینای لێ ون بوو ، لوور بۆوە و ڕاماڵی بردە سەر پاروە سابوونە بۆنخۆشەکە ،ئەوجار کە بە ئاوات گەیشتبوو لە شەقەی شاباڵانی دا و لە چاوان ون بوو .مینا کوتە جلکەکانی هەر بەدەستەوە بوو ، هاتەوە قەراغ حەوزەکە ' چاوی لە قەلەڕەشە کرد بەڵام دیتی نەماوە . دڵی خۆش بوو کە توانیویەتی بە هەڕەشە قەلەڕەشە بتارێنێ .

مینا هاتە سەر تەشتەکە و داوێنی خڕکردەوە و هەڵترووشکا دەستی بۆ سابوونەکە برد بەڵام دیتی نەماوە سەری سوورمابوو واقی وڕمابوو ، نەیدەزانی پاروە سابوونەکە چی بەسەرهات لە پڕ وەبیری هاتەوە کارکاری قەلەڕەشەیە . لە نێو دەریای خەیاڵدا نوقم بوو .نەیدەزانی چ بکا ؟ لەبەرە خۆیەوە بیری دەکردەوە .



"ئێستا چ بە زارا خاتوون بڵێم؟قەلێک هەر ئێستا سابوونەکەی رفاند" بڵێی بڕوام پێ بکا؟ نازانم پێی بڵێم یان نا؟ ماوەیەکی زۆری بە بیر کردنەوە رابوارد بەڵام دەستی بۆ کار نەدەچوو. ئەو کارەساتە لە مێشکی بچووک و زەینی منداڵانە و دڵی پاکی مینادا نەدەگونجا.

پاش تاوێک هاتە سەر ئەو بڕیارە کە پارەوە سابوونێک لە ماڵی خۆیان بێنێ و جلکەکانی پێ بشوا لەوەی باشترە لە لای زارا خاتوون ئەو قسەیە بگێڕێتەوە.

کاتێک چۆوە ماڵێ دەرگای کۆمۆدە چەپرەکەی کردەوە و لە نێو بوخچەی دایکی پارەوە سابوونێکی پیوی خۆماڵی دەرهێنا ئیدی زۆر مەحتەل نەبوو،خۆی نەگنخاند. بە پەلە خۆی گەیاندەوە ماڵی زارا خاتوون.

ئێوارە داهاتبوو لە شیو و کوڵ ببۆوە.جلکەکانی لە ئاو هەڵکێشابوون و هەڵیخستبوون. بۆ ئەوەی کارەکەی بە زاراخاتوون نیشان بدا، هەرای کردێ، بەڵام زارا خاتوون لەسەر پەنجەرە دوونهۆمەکەڕا گوتی: " مینا کچم وەرە ئەو پلە گۆشتە برژاوە بخۆ دوایە بچۆوە.

لەو بەینەدا کە مینا لە پلیکانان وەسەر دەکەوت، زارا خاتوون بیری لە رەزا سووکی و کار جوانی ئەو کیژۆڵە منداڵە دەکردەوە. دەیدیت کە چەند بە ڕێکوپێکی شیوەکەی کردووە و دوایە بە تەنافیدا داوە.

مینا گەیشتە ئاشپەزخانە، بەڵام لەبەر دەرکە لە شەرمان سوور هەڵگەڕا. زارا خاتوون کە زانی لە شەرمان وای لێ هاتووە گوتی: "رۆڵە مینا لێ ئینسان لە ماڵی خۆی شەرم ناکەها وەرە ئەو گۆشتەی بخۆو دوایە بچۆوە کچم."

چەند پلە گۆشتی بۆ کردە بابۆڵە و لە نێو دەستە پیرە لۆکەکانی مینای راکرد. مینا بە دڵێکی پڕ لە جۆشەوە بابۆڵە گۆشتی خوارد و بەرەو ماڵ وەڕێ کەوت.

ماوەیەک دوای رۆیشتنی مینا، زاراخاتوون لە پلیکانان هاتە خوار هەتا ئەوانەی وشک بوونەوە کۆیان کاتەوە. هاتە سەر لێوی حەوزەکە لە پڕ چاوی



بە پاروە سابوونێکی بۆری چڵکن کەوت. لەوانەی کە تەنانەت بێزی نەدەهات دەستیشیان لێ بدا لەنەکاو ئەوەی بە مێشکدا هات:

"دەی دەی کە وابوو ئەو کیژۆڵە ساکار و بەستەزمانە ئەو جۆرە کارانەی لە بن سەریدایە. سابوونەکانی من دەگۆڕێ و دەیانبا وەیانفرۆشێ و لەباتیان ئەو سابوونە پیسە بۆگەنانە لەکار دەکا وەڵڵاهی وای ناخۆی مینا خانم!"

کاک رەشید تازە هاتبۆوە ماڵێ. زۆری هەستبەماندوویەتی دەکرد. دیتی خێزانی تێک چووە. رووی تێکرد و گوتی: "خانم ئەوە بۆچی وانارەحەتی؟ چ بووە؟"

- جا دەتویست چ بێ؟ مینا خانم چەند وەختە شیووکولمان بۆ دەکا هەر سابوونە بۆنخۆشەکان دەدزێ و ئەو پیسانەی لە جێ دادەنێ.

"- دەی جا دەتەوێ چبکەی؟

- هیچ هەر ئێستا دەچم بە دایکی دەڵێم من جلک شۆری وام ناوێ"

"- زۆر باشە کارێکی زۆر بەجێیە منیش سبەینێ لە ژێر هەورانیش بێ یەکت بۆ پەیدا دەکەم بێ شیوەکەت بۆ بکا."

- من دەربەستی سابوون نیم، بەڵام مینا ئافرەتە، ئەگەر هەر لە ئێستاوە فێری دەس پیسی بێ سبەینی لە نێو کۆمەڵدا باش دەرناچێ و لە هیچ ماڵە مێردێکیدا بووکی دوو مانگان نابێ.

* * *

دایکی مینا لەوەی کەمینا بێدەنگ بوو، وەخت بوو وەزگ بدا. بۆ چەندەمین جار لێی دووپات کردەوە:

"ئاخر کچەتیوە سەرشینە بابان وێرانە، بۆ هیچ نالێی ئەتۆ ئەو سابوونانە چ لێ دەکەی؟" بەڵام مینای زار دڕواو نەیدەزانی بڵێ چی؟

"ئاخر مینا گیان بۆ پێم نالێی؟ هەتا ئەمرۆ بە پاکی ژیاوم بۆ دەتەوێ لە نێو سۆرە و تۆرە و کەس و خزمان ئابڕووم بەری؟

بەڵام مینا هەروا کرو کپ بوو. متەقی لەبەر نەدەهاتە دەر. تەنیا جارێک کە سەری بە هەنیسکاوە هەڵدەکەندرا گوتی:

"خەتای من نەبوو، م... ن دزی ناکەم. خە.. خەتای قەلەکە ... بوو."

شەو داهات. مینا بە دەم ئەو فیکر و خەیاڵاتەوە خزییە بن لێفە بەڵام خەو لە چاوی زڕا بوو، پرسیارێکی لێ دەکرا کە وڵامەکەی نەدەزانی. مەبەستێکی ئاشکرای دەدی بەڵام کەس بڕوای پێ نەدەکرد. کارەساتێکی بەسەر هاتبوو بەڵام نەیدەوێرا بیدرکێنێ. لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

"راستی من شیوەکەم باش کرد، ئەدی بۆچی زارا خاتوون وا بەتوورەیی هاتەلای دایکم و گوتی سابوونی دزیوە؟"

"بریا کوتە سابوونەکەی پاش شیویم بردبا و لە چەلەنگی زبڵیم هاویشتبا!"

"بریا قەلەڕەشە دندووکی لە چاوی من دابا"

ئەدی ئەگەر بابم بزانێ چم لێ دەکا. خۆ رۆحم بەرمە پەرپەرۆچکەی ئاسمانێ دەمگوژێ"

بەدەم ئەم بیرانەوە خەو بردیەوە. بەڵام لە خەویشدا هەر خەونی ئاڵۆزی دەدی.

* * *

بەیانی لەگەڵ دەنگی کەڵەشێر وەخەبەر هات. سەیری نوێن و بانەکەی بابی کرد، نەمابوو. زانی بۆ نوێژی

ل ٤٧ ←



ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

سوارۆ

ئەی نایە وەی نایە دەی نایە
ئەوە کیژ دەڵێ نەلە چۆڵێ نەلە بەحرێ نەلە
بەڕیایە
نەلە کەناری دە کۆمەڵە سواران،
نەلە عێلی دە بەغدایە ،
نەلە گۆشەی دە وەتاغێ ،
نەلە بورجی دە قەڵایە ،
نەدەگەڵ حەزرەتی ئەبووبەکر ،
کە پانێی بە زاری هەژدیها وە دەنا .
لە غارە کەی دە عیڕایە ،
نەدەگەڵ حەزرەتی عومەری ،
کە بەزەبری حوکمی شیری ،
بانگی محمدی دەکرد ئاشکرایە .
نەدەگەڵ حەزرەتی عوسمانی ،
کە سەری وەسەر سوژدەی دەکرد،
سەری هەڵنەدێنان لەبەر ئەوێ حەیایە .
نەدەگەڵ حەزرەتی عەلی ،
کە سواری دولدولی دەبوو ،
زولفەقاری دەس دەدایە،
نەدەگەڵ خالندی بنیوەلی،
کە حەفتا لفکەی بەردەدان ،
لە بۆ رەزمی دە غەزایە ،

ئەدەگەڵ ڕۆستەمی داستان ،
کە زگی بێزادی دەدڕی ،
لە مەیدانی دە دەعوایە .

* * * *

ئەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
ئەدەگەڵ حەزرەتی ئەسکەندەری ،
کە خەرجی دەستاند لە مانگێ لە ڕۆژێ ،
ماڵیاتی دەردەکرد لە دنیایە .
ئەدەگەڵ حەزرەتی سولەیمانی ،
کە بەزەبری تەیرو تووران ،
سێبەری دەکرد لە سەر چاوی دە بلقیسایە،
بە حوکمی خوداوەندی میری مەزن ،
حوکماتی دەکرد لە چوار ئیقلیمی دە دنیایە،
هەی سوارە ...... مایەوە لەمن بەتەنێ.

* * * *

هەی نایە ، وەی نایە ، دەی نایە ؛
دەنگی چووکەڵ و چووکەڵە سوارێ من ،
لەمەیدانی دە کوڕە بەبەئیان نایە .
کیژ دەڵێ ئەوە سوارێ من دیارە ،
لە کەناری دە سواران لە چیایەکە تازی ،
هەر کەسانێکی سوارێ من ناس ناکا ،
سەر زینی ئەتلەسە ، ڕکێفی وەک رووس کارە ،
دەستە جڵەوی لە قایشێکی دە بولغازی،
ئەوە هەڵی کێشاوە دەمەرقۆپانێکی دە کوڕە
سەربازی .
دەوەرە سوارە بەشقی خودا و ڕەسوان ،
سووکە سەفەرێکت لەبەرە بۆ دەشتی کەربەلایە ،
بچۆوە سەر مەرقەدی حەسەن وحوسێنان ،
دوایە گونبەزی حوسێنی غازی .
ئەتۆ ئەگەر دەچیەوە سەفەرێ ،
بۆ هیچ خودا حافیزیان لە من ناخوازی ؟
لە منی سەرشینی مل بەکوێنی بابان ویران ،
دەبێتەوە بەشینێ وگریان دوامەتی بە تازی.

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
ئەوە کیژ دەڵێ سوارە گەردەچیەوە سەفەرێ ،
ئەوەت وەسێت بێ لەسەر دەستی من :
ئەسپەکەی خۆت باژوێ لە کەناری دەرێگایە .
ڕەبی سوارە بەدووربی لە ئەسپی ئەجەلێ .
لە شەڕی دەوێ پاشنوێژانە ،
لە تەپ وتورکومانی دەهەڵلایە .
ڕەبی ئاگاداری چووکەڵە سواری من بێ ،
بیپارێزن دوعای بۆبکەن ،
دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە .
ئەوە کیژ دەڵێ لەقرچەی دە ڕوونی من ،
ماسیان ، دەعبایان ، نەهەنگان ،
سەریان دێنا دەرێ ،
لە گۆمی دەلیۆپڕ هەڵدە چۆقان ،
لێی دەدانەوە شیددەتی ئەوێ گەرمایە .
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
ئەوە کیژ دەڵێ سوارە ئەگەر دەچیەوە سەفەرێ،
ئەوەت وسیەت بێ لەسەر دەستی من :
بپەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ
ئەسپێکە خۆت باژوێ لە کەناری سواران .
بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆهاتبا ،
بمزانیبا چۆن دەرچووی لەوێ جەنگێ لەوێ
دەعوایە .
ئەوە کیژ دەڵێ سوارئەگەر دەچیەوە سەفەرێ،
ئەوەت وسێت بێ لە سەر دەستی من :
سەری کەحێلێ خۆت بادەوە سەر دووکانیـــی
وەستا بۆمنـــی .
ئەوە ناڵانت بۆ دەبڕم لە ئینترناڵی .
بزمارانت بۆ تەواودەکەم لە وردە ئاسنی،
ئەوە قەڵاتێکی گەورە وگرانە تۆی لەبنی .
ئەوە میرێکی زەڕەندەیە تۆی دوژمنی .
ئەوە سوارەی من هەڕای دەکردە ،
سەر سەنگەران ، سەر مەتەرێزان
بە دەستی خۆی دەی بڕێوە کەپۆ ولووتی،
زۆڵە بەگی دە داسنی .
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،

هەر چەندی گازیێ دەکەمێ نایە ،
مەتالێ کەرگەدەنێ .
شیر لە غەزنەی شای فەرمانەدەی ،
لە خزمەت وەزیریدە بەغدایە ،
رۆژێکی ئەمن را وەستا بووم ،
لە بەر دەرکی ماڵە بابە وێرا نەکەم لە حەسارێ .
لە هەیوانێ ، لە دالانێ،
ناوەڵڵا لە بەر بێلایە ،
چووکەڵەسوارەکەی من دەهات ورادەبرد ،
دەچۆوە سەفەریدەکاولە لەحسایە ،
داوای تەقە ماچێکی لەمن دەکرد ،
بە چاوی کوێرەوە زارم رەق دەبوو ،
بە سەری شین و ملی بەکوێنەوە ،
چ تاقە ماچم نەدەدایە .
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە
کیژ دەڵێ ئەمن ئەوەم نەدەزانی ،
چووکەڵە سوارێ من دەچێتە سەفەری ،
گەورە و گرانی دەکاو لە لەحسایە ،
ئەی سوارە رەبی بەدوور بی لە دەردێ لە ئافاتێ لە بەلایە .
لە رەبی عبداللّەی حەسۆی وەلەدەی بە رازی.
ئەی سوارە رەبی بەدووربی ،
لە شەقەی دەئاو زەنگیان ،
لە لووزەوی دە سواران ،
لە پڕمەی دە بۆرو بدەوان ،
لە نرکەی دە محەندەکان ،
لە حیلەی دە کە حێلان ،
لە نالە نالی دەکەڕە نایە .
سوارە تەڵەبێ دەکەم لە خودایگەورە ،
دوایە لە محمدی ئەمین دەکەم تەمەنایە :
ئەو جاریش بە خێرو بە سلامەت ،
وەگەڕێی لەوێ سووکە سەفەری پڕهەڵڵایە .
شەرت بێ ئەگەر بێیەوە لەوێ سەفەرێ ،
ئەمن بۆت هەڵدەکێشم زەردێ بەرچێلێ ،

....

....

سینگی خۆمت بۆ دەکەمەوە گەرمێنی دە گەرمەسێر ،
ناوەڵڵا بە کوێستانی دە باسەفایە .
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
دەنگی عارەب و چووکەڵە سوارەکەی من ،
لە مەیدانی دەکوڕە بەبەئیان نایە ،
ئەوە کیژ دەڵێ رەبی سوارێ من بەدووربێ ،
لە دەردان لە بەلایان ،
لە نەفەسی دە چاوپیسی ،
لە گوللەی دە قەرە بینایە .
شەرت بێ ئەگەر بێتەوە لە سەفەرێ ،
سەفەری دەکاولە لەحسایە ،
بۆی هەڵدەگرم کلیلی تۆقان،تەلەسمان ،
گواران ، کرمەکان ، زەبەرجەدان،یاقووتان،
هەتا غەوسەکەی ماڵ لە بەغدایە ،
بۆمان دەکا هیممەتێ لەگەڵ ئەوێ تکایە .
زولفی خۆمی لە بەر دەگێڕم ،
مەمکی خۆمی بۆ دەبەمەوە تکایە ،

....

....

هەر وەکوو باغچەی کوڕە فەقێیان ،
سێ شەوان بە شەوی دە پاییزێ ،
سێ رۆژان بەرۆژی دە بوهارێ ،
بە نووکی قەلەمێ لێی بکاتەوە متالایە ،
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
ئەوە سوارێ من دیارە لە کەناری سواران ،
برین لە بەدەنێ ،
برینداری خەڵکی ، بریندارن بەر مبی دوژمنی ،
چووکەڵە سواری من بریندارە بە مەودای دە خەنجەرێ ،

ئەوە بڵێن بە حەکیمان ،عەتاران ،لوقمانان،
قایلمنێ دەرمانی کەن ، چ تاقە دەستانی
نەکەنێ ،
ئەوە بۆ خۆم دێم مەڵحەمێکی بۆ دەگرمەوە ،
لە تۆزی دەبسکان ، لە غوماری دە شەدێ ،
لە ژەنگی دەگوارێ ، لە عێلێ ،لە دارچینێ ،
وردە دەستاوانی پێدەدەم ،
بە ئارەقی قوولکی گەردنێ .
دەیهاوێمەوە سەر برینی چووکەڵە سوارێ ،
ئەوسالٚ ساڵە کەی ناسکە ساڵە ،
چووکەڵە سواری من دە چێتەوە سەفەرێکی گران،
ئەمن زۆر دەترسێم ،
ئەوێ برینێ لەبن ڕا بێنێتەوە تەشەنێ .
هەی سوارە......مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
دەنگی چووکەڵ و چووکەڵە سوارێ من لە
مەیدانی دە کوڕە بەبەئیان نایە .
ئەوە کیژ دەڵێ لەشکرێک هەستاوە لەمن ،
لە کوێ لە چۆلی شامێ ،
بێ ئامانە بێ سامانە دەڵێن زۆرە زۆربەیە .
ئەوە دەڵێ کیژێ چووکەڵە سوارەکەت بریندارە
ئەنگاوە برینی جووت گوللەیە .
ئەمیش دە چوومەوە کن حەکیمان،عەتاران،
لوقمانان ،
دەمکوت وەرنە سەر چووکەڵە سوارەکەی من .
بریندارە کەوتۆ لە جێ شەرگەیە ،
هەی لالٚ بم پێیان دەکوتم :
دەردی بێ مرنێیەتی ،
هەوڵ و تەقەلا ودەرمان کردن ،
گەلێک گەلێک بێفایدەیە .
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
نەلە چولێ نەلە بەحرێ نەلە بەڕیایە ،
دەنگی عارەب و عارەبە سوارەکەی من نایەَ،
ئەوە کیژ دەڵێ جومعەیە و جەماعەتی
دە نەبیە ،
کیژ شەوێ دەنووست خەونێکی دەدیە ،
دەپێی دەکردن جووتێکە کەوشی نوقرە زێڕیە .
لەوی دە کوڕەکی پەنجە ئەسڵی دم چاڵوپانیە
بڵێندیە ،
دەستی دەدانەوە جووتێک ئافتاوەی لەوی دە
هەیدەربەگیە .
سەبر سەبر وردە وردە دەڕۆیی بۆ سەرئاوێ .
سوارێک دەهات ورادەبرد ، وەڵاغی بۆرەی گوڵ
گوڵیە ،
دەیکوت سوارێ مەزنی سەدجاران بەمن مەزنی
سینگت لە پۆڵای سەرت لە ئاسنی ،
دەتمرمەوە دەبەر رانی دە رکێفێ ،
دەستی دە دەستە جڵەوێ ،
سمێڵەکە دە خورماییە ،
وەگەر قەف قەف دەکەوتن لە سەر زەردەی دە
لێویە ،
بە نیۆنیشانت سەفەری .
خەبەری چووکەڵە سوارەکەی منت پێنیە ؟
ئەوە سوار دەڵێ کیژێ بەوەی کەم کە رەبیە .
سوار ئەوەندە زۆرن نازانم نیۆنیشانی **سواری**
تۆ چیە .
هەی سوارە ...مەڕۆ لە منی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
کیژ دەڵێ سوارێ من سواربووە لە جوانوو
ماینێکی شینکەی ئەسحەدبەگیە .
کلک و یاڵ بەنژدیە .
دە پێیدایە جووتێ چەکمەی دە ئیسماعیلیە .
بەسەر شانیەوە کەوڵێکی دە غەزیە .
ئەگەر لە جوان چاکێی دەپرسی ئەرسەلانی
رۆمیە .
ئەگەر لە مەردئازایێ دەپرسی ،
لە سێ هزار کەسی پشتەوە کردنی نیە .
ئەگەر لە جوان چاکیی دەپرسی ،
مەنگورو مامش و پیران ،
زەرزا و بۆڵی و دێبوکری و باڵەکەتی ،

زۆسکی و مام ساڵ و هەرکی ،
سیدا و مامکۆ و مەندە مەزرە و گرتیلان ،
هەر بەعام سوارێکی وای تێدا نیە .
ئەگەر لە نێونیشانی سوارێ من دەپرسی ،
شەدەی کورووسینە کەواپاتۆلێ دەمەرقۆ پانیە .
لە سەر کۆشیەتی رمبێکی ئەبوو تۆپی حاجی ـ
نسیری هەژدە قەفیە .
دەبەرە خۆی چەقاندوە خەنجەرێکی قـــەرە
خوراسان و لەوی دەسک دە نێرویی‌یە ،
لە جەنگەی هەرایە مەغلوبێدا ،
لە کەناری سواران دێت و دەچی‌یە .
سوار دەڵێ کیژێ ئەو سوارەی ئـــەتـــۆ لیـــی
دەپرسی ،
دوێنێ ئێوارێ محەلی دەچێشت هەنگاوێ .
دەگەڵ پۆلێکی دە کۆمەڵە سواران ،
دەیاندانەوە بەر مەودای دە تفەنـــگێ. و
گوللەی دە دەرمانی‌یە .
چووکەڵە سوارەکەی تۆ سێ برینی لە قالبی‌یە .
برینی لە هەموان گـجکەڵەتری ،
کۆترە باریکەی باڵ بە شۆڕابی پێدا دەفڕی‌یە .
رانی دە رکێفی و دەستی دە دەستە جڵەوی ،
سمێلێکە دە خورمایی وەبن بارستایی گـڵـــی
دەکەوتیە .
هەی سوارە ..... مەڕۆ لەمن بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
ئەوە دەنگی چووکەڵە سوارەکەی من نایە ،
ئەوە سوار دەیکوت رەبی کوێر بم کیژێ
دوێنێ محەلی ئێوارێم دەدی لە سەری مەیدانێ
بە پۆلی عارەبی دە عارەبە رەشکان .
نرکەی دەبۆران کوڕەی محەندەکان
پڕمەی کە حێلان ، ورشەی پەڕبە سەران
چرپەی دەمانچان ، تەقەی جان بێزاری ،
هازەی گوللە و بۆنی دەرمانی ،
هەڵیاندەگرت لە سەر خوانی زینیە .
سەریان دەبڕی لە قەڵای قالبی‌یە .
ئەمما ئاخێکی هەڵدەکێشا
دەمگوت هەی سوار ئەم ئاخە چیە و چ نیـە ؟
دەیگوت هینـــدەی هـەن هنیدەی دیش
بـان پیم چ نـەبـوو .
ئەما لاڵ بم ئەلعان چاوم لە گورج ئاورێکی
گراویلکەکەی خۆم نیە .
هەی سوارە مەڕۆ لەمن بەتەنێ .

* * * *

ئەوە کیژ دەیگوت ،
دەبڕۆ سوارە ئەگەر نانت هەیە دۆت نەبی !
ئەگەر دۆت هەیە دینت نەبی !
ئەگەر دینت هەیە ئیمانت نەبی !
دە بڕۆ نەحلەتی خوداتلێ بی !
بەشت لە دنیا و قیامەتێ نەبی !
دەبڕۆ سوارە ئەسپاردەی خودای نەبی !
رمبی دەستت لێ بە دارە مەیت بی !
خەنجەری خۆت غەنیمەت بی !
پشتێندی پشتت لێ بە کفن بی !
ئەسپی بنت لێ بە مەیت هەڵگربی !
دەگەڵ خەبەری بۆ منت هێنا ،
دڵێ گراویلکەی تۆش هەر بەدڵێ من بی !
هەی سوارە ....مەڕۆ لە منی بەتەنێ .

* * * *

هەی نایە وەی نایە دەی نایە ،
دەنگی چووکەڵ و چووکەڵە سوارێ من نایە ،
سوارەی مەزنی سەد جاران بەمن مەزنی .
سینگت لە پۆڵای و سەرت لە ئاسنی ،
ئەو رۆژەم تۆ بە مەردی دەدی ،
کە شیرت هەڵدەکێشا لە کالانێ ،
دەتبڕین کەپۆلوتی علی بەگی داسنی ،
هەی سوار ،ئەمن چەندم گاز کردێی مـــەرۆ
بەتەنێ .
ئەمن لەبۆت ساز دەکەم ،
لەشکرێ ، تیپێ ، لەگەڵ قۆشەنێ ،
لەشکری ، عبداللەی حەسۆی وەلەدی بەرازی ،
گەلێ گەلێ زۆرن برینانت دەکەن لە بەدەنێ ،
وەگەڕێ چووکەڵە سوارێ وەگەڕێ !



بووکەبارانە

ئاودێر

چ ئەو کەسانەی بە ئاو و هەوای چڕ و بەندەن و لێرەوار و پیدەشتەکانی کوردەواری گەورە بوون و گووراون و چ ئەو کەسانەی تەنیا بۆ جارێک سەریان لەو مەڵبەندە داوە ، ئەوەی دەزانن کە کوردستان هەرێمێکی سەخت و پڕ لە زەرد و ماهە و بە کورتی زەوی و زارێکی کەمی هەیە و ئەگەر بە وردی لێی . بڕوانین نزیک بە ٦٥ لە سەدی زەوی و زاری کوردەواری دیمەکارە و بەشێکی کەمیان ئاویژەن . لە لایەکی دیکەوە بە هۆی لەوەڕگەی زەنوێر و هەوارگەی خۆش و باسەفا باشترین جێگایە بۆ ئاژەڵداری .

جا بەو هۆیەوە کشت و کاڵ لەو ناوچەدا بەو جۆرەی شیاوە پەرەی نەگرتووە . هەڵبەت پەرەنەگرتن بە هەر دووک مانا ، چ لەوبارەوە کە ئاژەڵداری خۆشەویستتر و پڕداهاتترە لە کشت و کاڵ ، چ لەو بارەوە کە بڵێین ئەو جۆرەی شیاوە کەلک لە زەوی وەرناگیرێ و زەویەک کە ساڵێک حاسڵی لێ وەرگیرا بۆ ساڵی داهاتوو هەر شێوەرد دەبێ و ناچێندرێ یان لانی کەم ئەو حاسڵەی لێ ناچێندرێ . جا با لە باسەکە دوور نەکەوینەوە . زەوی دیمەکار بە دەستی وەرزێر پاراو ناکرێ و بە قەولی فارس دەڵێ ئاهی نەگرفتەیە . بەڵام ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە ئەگەر ساڵێکی خودا و راستان باران زۆر باری ئەوە بار بارە . دەنا ئەگەر باران بەوەخت و بەجێ نەبارێ کار لە کار دەترازێ و بەرهەمی ئەوێ ساڵێ کۆ ناکرێتەوە . جا بۆوەی باران بباری لەکاتی وشکە ساڵێدا رەسمێک هەیە بە نێوی (بووکە بارانە) ئەویش لەبەر خاتری ئەو مەبەستەیە کە خەڵکی کورد قات و قڕییان زۆر دیوە و بە تایبەت ئەگەر ساڵێک وابێ و گەنم زۆر نەبێ پێیان وایە قاتی یە و ئۆخژنیان بە هیچ حاسڵێکی دیکە ناکەوێتە دڵ . جابۆیە بووکێک ساز دەکەن و خەڵکی ئاواییەکانی مەڵبەندەکە بە دوای دادەڕۆن و هاوار دەکەن :

بووکی مە بارانی دەوێ
ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ
هێلکەی بارۆکانی دەوێ
دەسرەی کچۆڵانی دەوێ

زۆر شیعری فۆلکلۆری دیکەشی هەیە بەڵام چاوپۆشی لێدەکەین و تەنیا باس لەوەندە دەکەین کە بووکە بارانە چیە ؟ و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ ؟

ئەگەر بە چاوی لێکۆڵینەوە بڕوانینە مێژوو مەبەستێکی بەرچاو و ئاشکرا لە میر و حاکماندا دەبینین، وەک ئەوە کە توورە دەبن و هەر کە توورەش بوون نێرومێ ناپارێزن کۆلکەی دار و دەون وێگرا دەسووتێنن . جا بۆ وەی خەڵکەکە ئەو میرانە ئاشت کەنەوە دیارییان بۆ بردوون جاچ لەکیژۆڵەیەکی جوان و لەبار و تازەبووکێک چاتر دەتوانێ

←

◄ پاشماوەی مینا

جەماعەت چوٚتە مزگەوت . دایکی سفرەکەی لە سووچی وەتاغێ راخستبوو، بوٚ وەی ئەگەر مێردەکەی لە نوێژ هاتەوە مەحتەل نەبێ .نان و چای بخوا و بچێتە کاری . دایکی دیت دەهات وەدەرکەوێ ئەویش شیوی مالانی دەکرد . کە دیتی مینا لەبەر دەرکەی وەتاغ چاوەڕێیە دایکیشی گەراوە لای.رووی تێکرد وگوتی: "مینا بەم بەیانە بوٚ لە خەو هەستاوی ؟ لەو بەردەکەی چ دەکەی ؟"

مینایهەناسە سارد رووی لە دایکی کرد و گوتی : "دایە گیان خەوم نەدەهات ئەدی توٚ چ دەکەی ؟ بوٚ کوێ دەچی ؟"

ـ روٚلە منیش هیندێکم شیوی مالە میرزا بارامی ماوە .بوٚیە وادەچم نیوەڕوٚیە زوو بگەرێمەوە . ئەورو بەتەنێ لە مالێ وەڕەز دەبی. "دایە گیان دەکرێ تکایەکت لێ بکەم ؟"

ئەوەندەی گوت بەلام نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدا هەر دوو دەستی بە دەم و چاوی گرت و لە قولپەی گریانی دا . دایکی دەستێکی بە سەریدا هێنا و گوتی :

"روٚلە درەنگمە چت دەوێ پێم بلێ مینا گیان "

مینا ئەو جار هێندێک ئەهوەن بوٚوە و گوتی : " دایە گیان توٚ خودا ئەگەر دەچی بوٚ مالە میرزا ـ بارامی سابوونەکەی لەبەر پشتێندت نێ ئەگەر کارت پێ بوو دەری بێنە دەنا با هەر لەوێدا بێ .با قەلەڕەشە نەیبا ، دەنا ئەتوٚش دەردەکەن."

ـ باشە دایک بە قوربانت بێ. توٚ ئاگات لەبابت بێ و نان و چای بدەیە ."

* * *

بەلێ ئەوەندە وت و وێژە دوامین دیداری ئەو روٚژەی دایک و مینا بوو ، دایک وەدەر کەوت .لە رێگا بیری لە وتەی ئەو مندالە کردەوە. تازە زانی کە سابوونی مالی زارا خاتوون چی بەسەر هاتووە .

* * *

◄ میر ئاشت کاتەوە و ئاوری غەزەب و تووڕەیی میر دابمرکێنێ . ئەو باوەش لە دەورانی ئاناهیتاوە ماوەتەوە . هەلبەت بە بڕوای من دەبێ وابێ ، دەنا لە هیچ کوێ نەمبیستووە بەلگەشم ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا هەرشتێک خودای خوٚی بووە وەک خودای چاکە ، خودای باران ، خودای شەڕ ، خودای ئەوین ، و ... ئێستاش شوێنەواری ئەومەبەستە لە ئاوایی- یەکانی خوٚماندا بەدی دەکرێ وەک خێوی ئاو خێوی دارستان ، و... جا هەر لەبەر ئەوەکە دەزانن خودای باران تووڕە بووە و قەستی لە نێو بردنی ئەو دەستەیەی هەیە بوٚ وەی ئاشتی کەنەوە بووکێکیان ساز کردووە لە شاریان بردوٚتە دەر و بەرەو پیری حاکمی بارانیان بردووە هەتا دلی وەڕەحم بێ و باران ببارێنێ .

جا ئەو مەسەلە لە دوای هاتنی ئاینی پیروٚزی ئیسلام گوٚڕاوە و بوٚتە نوێژە بارانە کە هەلبەت هەر لەو بووکە بارانە سەرچاوە دەگرێ. بوٚ نوێژە بارانە دەستەیەک لە پیاوە چاکەکان و ئەوانەی موسلمان و لە خودا ترسن وەپێش خەلک دەکەون و لە دێ وەدەر دەکەون و لە قەراغ دێ لە نێو پارچە زەوییەکدا نوێژ دادەبەستن و دەست دەکەن بە نوێژ کردن . بەو کارە سوجدە دەبەنە بەر خودای گەورە و لەبەری دەپاڕێنەوە ،تا ئاوری قەهر و غەزەبی دابمرکێ و دەرگای رەحمەتی بکاتەوە و باران ببارێنێ هەتا خەلک تووشی وشکە سالی نەیەن ، جا بە دوای وەیدا نوێژە بارانە هاتوٚتە کایە بووکە بارانە بوٚتە کایەی مندالان و هەروا بە شێوەیەکی کورت کراوە ئێستاش لە زوٚر جێگای کوردستاندا وەک خوٚی ماوەتەوە .

ڕەخنە و

نیە لە مومکینی ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بە غەیری خاجەیی دیوانی (عالم الاسما)

بە حەول و یاریدەی خودا گۆواری سروە هاتە دەر و بە هەموو شارو مەلبەندەکانی کوردستان و شوێنەکانی تر دا بڵاو بۆوە . برسی و توونی زۆر دەرگای کوتا . سەری لەزۆر ماڵان دا . ماڵم قەبرە ! میوانداریشی لێکرا . سەرەڕای قەدر و ڕێزێکی زۆر ڕەخنەشی لێ گیرا .

لە پێشدا پڕ بە دڵ سوپاسی ئەوانە دەکەین کە ڕەخنەیان گرت و پێشنیاریان بۆ ناردین . بە بڕوای دەستەی نووسەرانی سروە ئەوەش چەشنە پێشوازییەکە و نیشاندەری ئەو پەڕی هەستی پاک و خاوێن و دڵسۆزانەی خەڵکی موسڵمان و ئەدەبدۆستی کوردستانە . دەیانەوێ ئەم گۆوارە لەو پەڕی جوانی و بێعەیبیدا دەربچێ ، چون بە ئی خۆیانی دەزانن .

لە کوتاییدا دووپاتی دەکەینەوە کە بە باوەشێکی ئاوەڵاوە لە ڕەخنەی بەجێی ئێوە پێشوازی دەکەین ، لەم بەشەی گۆوارەکەماندا هێندێک لەو ڕەخنانەی کە دەتوانین بە کەلک وەرگرتن لەوان کەم و کووڕی و هەڵەکان چارە سەربکەین ، چاپ دەکەین. ئومێدەوارین نووسەرانی سروەش بە تایبەتی نووسەرانی لاو لەمە بەدوا کەلکی لێ وەربگرن .

بەو هیوایەی خوێنەرانی سروە ڕەخنە و پێشنیاری خۆیانمان بۆ بەڕێ بکەن تا هەم ئێمە کەم و کووڕی کارەکەمان بناسین و هەم گۆوارەکەش پڕ نێوەرۆکتر بێ .

کاک سەید ئەحمەدی سەعدەیی

☆مەلا " صادق "ی زەندی کوڕی مەلا برایمە نەک مەلا ـ ڕەسووڵ ، بەڵکوو برازای مەلا ڕەسووڵە .

☆لە ڕۆژانی دەسەڵاتداری ئاغاکاندا هەر کەس سەبارەت بە دەسەڵاتداری ئاغا و نوشتوو و گشتەک و بیر و باوەڕی شێخایەتی دژایەتی دەر بڕیبا بە توودە و کمونیست و کەڵبەش دەناسێندرا .

☆.......... بە داخم ئەو شتانە لە هەوەڵین ژمارەی سروەدا نووسراون ....

سالم

شاعیرانی کورد

کاری قلیبرومی

کەلەبەش چ بوون

توێژینەوەی: سید محمد صمدی

تەحقیقی

کاک هاوار :

☆ مەقالەکە پڕ بوو لە وشەی عەرەبی ،نووسەر بیر و ڕای خوی دەخالەت دابوو کەچی لە مەقالەی تەحقیقیدا نووسەر دەبێ بێلایەن بێ .

مامۆستا مەلا ڕەشیدی قەرەنی ـ زادە

☆مەلا ڕەسووڵی صادقی خۆی خاوەن شیعرە و هەر نووسەرێکیش بیر و باوەڕ و ناسکترین هەستی خۆی لە شیعرەکانیدا دەردەبڕێ، پەس داوەری لەسەر عەقیدە و بیر و باوەڕی یەک زانا ، نووسەر ، شاعیری ڕابردوو ، دەبێ بە یارمەتی نووسراوەکانی ئەنجام بدرێ.

تاران : کاک ج ـ ئاشتی

☆ ئەگەر "صاحبقران" قارەمان بوون،چی بەسەر شاعیر بوونی " سالم "داوە ؟

☆ تێ هەڵکێشی "سالم" لەسەر شیعری "حافظ"ی شیرازی... بە بڕوای من... ناتوانێ سالم بناسێنێ. چونکە شاعیر لەو جۆرە کارانەدا تەواو ئازاد نیە . لە چوار چێوەی قالب و وەزن و فکری شاعیری پێشوودا دەست و پێی گیراوە ....

پێشنیار ۷

مەهاباد :ماموستا مەلا رەشیدی قەرەنی زادە

☆ ئەوشیعرە کە دەڵێ :

(کە شوعلەی تەلعەتی یوسف تلووعی کرد بەچی زانیم)

رەنگە دروستەکەی (ئەمن زانیم) بێ .

☆ شیعری دوایەش :

(کەلامت حافظا دڵ سەنجە بو سالم وەها چاکە)

دڵ سەنجە یانی چی ؟ رەنگە ئەوەش واژەیەکیتر لە جێگای (سەنجە) هەبوو بێ ...

بۆکان : ماموستا حەقیقی

☆ لە شیعرەکانی "سالم"دا ئەم وشانە بە هەڵە نووسراون لە میسراعی :

(لەبن خاری موغیلان وەسڵ ئەگەر بێ شارەزوور ناکەم)دا

(شارەزوور) نیە و (ئارەزوو) دروستە .

لە میسراعی :

(دووسەد جار گەر بە گوێی خۆم حەرفی سادەت بشنەوەم شادم) دا (حەرفی سادەت) نیە و (حەرفی ساردت)دروستە

لە میسراعی :

(کە حوسنی تەلعەتی یوسف تلووعی کرد بە چی زانیم) دا (بەچی) نیە و (لەچەه) دروستە .

رەخنە لەسەر بەشەکانی دیکەی سروە

مەهاباد :**کاک محەممەدی کەریمی**

☆نێوەرۆکی گۆوارەکە زۆرە ... ئەگەر سەرنجێکی گۆوارەکانی دیکەتان دابێ ، دەزانن کە بەرچاوترین کەم و کووڕی گۆواری سروە کەم بوونی وێنەیە .... ئەمەش عەیبێکی گەورەیە .... ئەگەر دەگونجێ لە عەکسی رەنگی کەلک وەربگرن .....

تەورێز : **کاک قادری فەتتاحی قازی**

☆پێم وایە خەتەکەی بڕێک وردە ، ئەگەر هێندێک درشتتر بایە باشتر بوو .

تاران : **کاک سیدجلال الدین نظامی**

☆لەهەر کەسێک تەنیا نووسراوە و بەرهەمێک چاپ بکرێ و ئەم کارە شێوەی هەر گۆوارێکی ناوادارە .

☆شێوەی کوردی شیمال (بادینی) زۆرتر بکرێ.

کاک دارا ـ م

گرینکی بە هونەری تەرجەمەش بدرێ ، جا چیرۆک بێ یان شیعر یان هەر باس و بەرهەمێکی ئەدەبی بە سوود بێ .

بۆکان : **کاک ئەحمەدی مەجدی**

☆پێشنیاری ئەوەم هەیە کە لاپەڕێک لە گۆوارەکەدا بە ناوی (لەگەڵ شیعری شاعیرانی لاو) بکرێتەوە..

سنە : **ماموستا سەید هاشمی هیدایەتی**

☆ئیسلام دینی حەرەکەت . دینی حکوومەت .... ،دینی برایەتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ زوڵم و دیفاع لە بەشخوراوانە ، کە وابێ ئیدەئۆلۆژی ئیسلامی گرینگتر لەوەیە کە لە چەند دێڕ باسی ئەخلاقیدا کورت بکرێتەوە .

★جگە لەم خاڵانەش رەخنەی دیکەمان زۆر گەیشتۆتە دەست ، کە زوربەیان رێ نیشاندەر بوون و کەلکمان لێ وەرگرتوون. لەبەر کەمی جێگا تەنیا بە ناو بردنیان وازدێنین.

کاک مستەفا دادار ـ کاک حامیدی شافیعی ـ کاک محەممەدی وەجدی قزلجی ـ کاک خالید پەشێو ـ کاک هەمزە خوشکە ئامینەی عەزیزی ـ ماموستا مەلا عومەری چەختی ـ کاک سەید کازمی ژار آبادی ـ ماموستا مەلا عبدا .. لێقەوماو کاک عومەری فاڕووقی ـ کاک حەسەنی شەریفی ـ کاک مستەفا ئیلخانی زادە ـ کاک ئەحمەدی مەجدی ـ کاک کلیما ...توحدی کاک سەلاحی عەرەبی ـ کاک ئیبراهیمی ئەفخەمی ـ کاک فەرهادی قازی ـ کاک حەسەنی سوبحانی ـ کاک کەریمی رەسووڵپوور ـ کاک مەسعوودی پاک نەهاد ـ کاک رەحمانی حاجی ـ کاک عادڵ .

زۆر سوپاسیان دەکەین.

ئاوڕێک بۆ سەر مێژووی کوردستان

سەرداری موسڵمانانی کورد صلاح الدینی ئەییوبی

بەشی دووەم

فاروقی دەکخوێسرەوی

سەردەمی دەسەڵاتداری


صلاح الدین :

لە پاش کۆچی دوایی شێرکۆ بە فەرمانی خەلیفە، صلاحالدین لە جێگای دانیشت و ناز ناوی" مەلیک ناسر "یشی وەرگرت .

مەلیک ناسر صلاح الدین بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر کار و باری وەزارەت هەڵسووڕێنێ بە پێویستی زانی باوک و خزم و کەسی خۆی بۆ میسر بانگ بکا و یارمەتی یان لێ بخوازێ . بە گەیشتنی نامەی صلاح الدین لە مانگی رەجەبی ساڵی ٥٦٥ ی.ک" ١١٦٩ ی.ز" دا نجم الدین ئەییووب گەیشتە میسر و لە لایەن خەلیفە عازیدەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا . مەلیک ناسر دوای بەخێر هێنانی باوکی زۆری لەبەر پاڕایەوە کە وەزارەتی میسر بە دەستەوە بگرێ و کار و باری ئەو وڵاتە ئیدارەبکا . بەڵام نجم الدین قەبووڵی نەکرد و گوتی ئەگەر تۆ لیاقەتت نەبوایە خوا ئەمەی نەدەدایتێ .

مەلیک ناسر کەوتە رێک و پێک کردنی کار و باری وڵات و پەلاماری خاچپەرستەکانی بۆ سەر "دمیات" و "عەقەبە" کە رێگای هات و چۆی حەجاجی










لە سەروەزی چیای سەربەرزی هەڵگورد
ڕەوەی هەورم لەژێر پێی سپیدا بەدی کرد
تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد
١٣٦٢
ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی



میسر بوو تێک شکاند .هەروەها دەسیسەی خاینانەی" موئتمن ـ الخلافە"ی بەرپەرچ داوە ، کە بە ڕێک کەوتن دەگەڵ خاچپەرستەکان و بە یارمەتی ئەوان دەیویست دەسەڵاتی میسر بە دەستەوە بگرێ .

لە ساڵی ٥٦٧ ی.ک "١١٧١ی ز " دا خەلیفە عازید کۆچی دوایی کرد و حکوومەتی میسر بەتەواوی کەوتە دەست مەلیک ناسر ، و لە هەمان کاتدا سوپاسالاری سوڵتان نورالدینیشی هەر بە ئەستۆوە بوو. ئینسانی خراپ وبەدخواز لە لای سوڵتان نورالدین بۆیان تێدە چاند کە صلاح الدین خۆی بە سوڵتان دەزانێ و لە ژێر حوکمی تۆدا نەماوە .سوڵتان لێ بڕا کە بەرەو میسر بڕوا و یەکێکی تر لە جێگای صلاحالدین دابنێ .

صلاحالدین کە بەمەی زانی کۆڕێکی لە باوک، خاڵ وخزم و کەسی خۆی پێک هێنا و راوێژی دەگەڵ کردن . تقی الدین کە برازای صلاح الدین بوو پێشنیاری کرد کە خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ نورالدین ئامادە بکەن. بەڵام نجم الدین ئەییووب بە گژیدا چوو و رای گەیاند کە ئێمە هەموومان خۆ بە نۆکەر و گوێ لە مستی سوڵتان نورالدین دەزانین،و لە پاش ئامۆژگاری یەکی زۆری صلاحالدین پێی گوت کە ئەگەر لە قسەی باوکی خۆت دەرناچی، دەبێ نامەیەک بۆ سوڵتان بنووسی و دڵنیای بکەی کە خۆت لێ نەگۆڕاوە و هەروەک جاران نۆکەر و کۆیلەی بارەگای ئەو خانەدانەی . صلاحالدین بەو جۆرەی کە باوکی پێی گوتبوو نامەی نووسی و بەڕێی کرد .

سوڵتان نورالدین بە دیتنی نامەی صلاح الدین شادمان بوو و دڵی دامرکایەوە. لە ساڵی ٥٦٨ ی. کۆچی " ١١٧٢ ی.ز" دا رۆژێک نجم الدین ئەییووب لەسەر ئەسپ هەڵدێرا و لە دوای چەند رۆژێک وەفاتی کرد. ساڵێک دواتریش نورالدین محمود کۆچی دوایی کرد و بە مردنی وی بە یەکجاری و بەبێ هیچ کۆسپ و بەرگرێک دەسەڵاتی ولاتی بەرینی ئیسلامی بۆ صلاحالدین بەجێ ما .

صلاحالدین شەڕ دەگەڵ خاچپەرستان و پاک کردنەوەی ولاتە ئیسلامییەکان لە داگیر کەرانی بێگانەی بە ئەرکێکی دینی خۆی دەزانی و بۆگەیشتن بەم ئامانجە هەوڵی دەدا یەکگرتوویی یەکی بەهێز لە ولاتانی ئیسلامی پێک بێنێ ..

لەو سەرو بەندەدا جگەلە میسر کە دەسەڵاتی بە دەست حاکمێکی وەک صلاح الدینەوە بوو هیچ حکوومەتێکی دیکە هێز و دەسەڵاتی ئەوتۆی نەبوو کە حیسابی لەسەر بکرێ . لە پاش وەفاتی سوڵتان نورالدین کوڕە منداڵەکەی"مەلیک سالح" ببووە جێ نشینی،ئەمیر سیف الدین حاکمی مووسڵ و سوڵتانی سەلجووقی رۆمیش هێزێکی بەر چاویان نەبوو. صلاحالدین بۆ ئەوەی خەڵکی شامی لە دژی خۆی هان نەدابێ و یەکەتی ولاتانی ئیسلامی پاراستبێ بە ناردنی نامە بۆ مەلیک سالح خۆی بە پەیڕەو و گوێڕایەڵی مەلپک دادەنا و دەستووریشی دابوو لە خوتبەکاندا ناوی بخوێندرێتەوە و سکەش بەناوی ئەوەوە لێ بدرێ بەڵام لە پاش ئەوەی کە بە دەهۆی"کومەشتە ـ کین "حاکمی حەلەب ، کە بۆ دابین کردنی دەسەڵاتی خۆی دەگەڵ حاکمی قودس ڕێک کەوتبوو ، مەلیک سالح بانگ کرایە حەلەب و دەسەڵاتی سووریا کەوتە دەست کومەشتەکینەوە . بە داخوازی گەورە پیاوانی دیمەشق مەلیک ناسر صلاحالدین دوای ئاگادار کردنی خەلیفەی بەغدا بەرەو سووریا رۆیشت و ئەویشی خستە ژێر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆیەوە. دوا بە دوای ئەم سەرکەوتنە کە ساڵی ٥٧٠ ی.ک " ١١٧٤ ی.ز " و بە دوای چەندین شەڕی سووک و قورسدا وەدەستی هێنابوو لە لایەن خەلیفەی عەبباسییەوە بوو بە فەرمانڕەوا و سوڵتانی میسر . لەوە بە دواش لە خوتبەکاندا ناوی سوڵتان

> به داخوازی گەورە پیاوانی دیمەشق مەلیک ناسر صلاح ـ الدین دوای ئاگادار کردنی خەلیفەی بەغدا بەرەو سووریا رۆیشت و ئەوێشی خستە ژێر قەلەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆیەوە . دوا بە دوای ئەم سەرکەوتنە کە ساڵی ٥٧٠ ی.ک " ١١٧٤ ی.ز " و بە دوای چەندین شەڕی سووک و قورسدا وەدەستی هێنا بوو لە لایەن خەلیفەی عەبباسیەوە بوو بە فەرمانڕەوا و سوڵتانی میسر . لەوە بە دواش لە خوتبەکاندا ناوی سوڵتان صلاح الدین دەخوێندرایەوە و سکەش بە ناویەوە لێ دەدرا .

صلاح الدین دەخوێندرایەوە و سکەش بە ناویەوە لێ دەدرا .

پاش گەڕانەوەی سوڵتان صلاح الدین بۆ میسر خاچپەرستەکان پەلاماریان بردەوە سەر شام و بەعلبەک تالان و کوشتارێکی زۆریان کرد و ژمارەیەکی زۆر لە موسلمانانیان بە دیل گرت . سوڵتان بە بیستنی ئەم هەواڵە بەرەو فەلەستین گەڕایەوە و لە " رەملە " شەڕێکی توندی دەگەڵ کردن کە تێدا سەر نەکەوت . [٥٧٣ ی.ک = "١١٧٧ ی.ز"]. هەر چۆنێک بوو خۆی دەرباز کرد و گەیشتەوە میسر و ئەمجار بە لەشکرێکی تەیارەوە هاتەوە سەر خاچپەرستەکان و تێکی شکاندن


خاچپەرستەکان دوای ئەم تێکشکانە ترسیان لێ نیشت و لە نزیکی "بیت یعقوب" دا قەڵایەکی مەحکەمیان ساز کرد و دوای ساز کردنی قەڵاکە لەشکریان نارده سووریا . سوڵتان صلاح الدین بۆ بەرنگار بوونی ئەم لەشکرە " ئەمیر فەڕڕوخشا " ی برازای بە لەشکرێکەوە نارده بەرانبەریان و خۆیشی چووە سەر قەڵای یەعقووب . لە شەڕێکی زۆر قورسدا خاچپەرستەکان بە توندی تێک شکان، شپرزە بوون و زۆریان بە دیل گیران [" ٢ ی موحەررەمی ٧٧٥ ی ک . = ١١٧٩ ی.ز "]. دوای ئەم تێک شکانە خاچپەرستەکان داوای مۆرکردنی پەیمانێکی دوو ساڵەی ئاشتی یان کرد و شەڕ برایەوە .

سوڵتان صلاح الدین گەڕاوە میسر و دەستی کردەوە بە رێک و پێک کردنی کار و باری نێو خۆی وڵات و کردنەوەی مەدرەسە و رێگا و بان و ....


هەر لەم رۆژانەدا ئەمیر سیف الدین حاکمی مووسڵ و مەلیک سالح حاکمی حەلەب مردن و دەسەڵاتداری حەلەب و بەشێکی زۆر لە وڵاتی مووسل بە پێی وەسیەتی حاکمانی پێشوویان بە "عزالدین مەسعود" ی ئامۆزای مەلیک سالح بڕا ، سوڵتان صلاح الدین لەم کارەساتە نیگەران بوو بەڵام لەبەر ئەوەی قەتی پێ خۆش نەبوو عەهد و پەیمان بشکێنێ خۆی تێنەگەیاند .تاکوو خەبەری بیست "عزالدین "بۆ بەربەرەکانێ دژ بە سوڵتان دەگەڵ خاچپەرستەکان رێک کەوتووە ، ئەودەم سوڵتان صلاح الدین لەشکری بردە سەر شام و لە مانگی سەفەری ساڵی ٥٧٨ ی.ک دا گەیشتە شام و لەوێڕا بەرەبەرە پەلاماری بردە سەر مووسڵ و شنگار و قەڵای ئامێد " دیاربەکر"و گرتنی . دوایەش لەشکری بردە سەر حەلەب و زۆری نەمابوو لەو شەڕەدا بەتەواوی سەر کەوێ کە حاکمی حەلەب پێشنیاری کرد سوڵتان صلاح الدین ناوچەی شنگاری لە لە جێگای حەلەب بداتێ و سوڵتان قەبووڵی کرد . **بەم جۆرە لە مانگی سەفەری ساڵی (٥٧٩ ی.ک "١٨٣ ی . ز " دا حەلەبی کەوتە دەست و ئەمەش بوو بە هۆی ناوبانگ پەیدا کردنی زیاتری سوڵتان و وڵاتی بەرینی ئیسلامی لە جەزیرەوە تا رەملە و لەوێ را تا ترابلۆس و یەمەن هاتە ژێر دەسەڵاتی سوڵتان صلاح الدینەوە .**

(درێژەی هەیە)

جەدوەل




تێبینی : لە پڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی رێنووسی کوردی بە پێی رێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کـــراوە جگە لەوەی نیشانەی(ˇ) دانەنراوە.واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی(شڕ، گوڵ،زۆر ،شێرو . .)ی تێدا بێ بە شکڵی(شر ،گول،زور ،شیرو . .)دەنووسرێ.



١ ـ شاعیرێکی مەزنی کورد کـە ئەوینی دوو دلّداری کوردی کردۆتە شیعر ـ بۆش نیە ٢ ـ مەڕدار بەهاران خۆ بۆ ئەوێ دەکوتن ـ یارمەتی و کایە ٣ ـ دەستی عەرەب ـ هەوەڵین ژمارەی جووت. زیز و زویر ٤. ـ شاعیرێک کە ئەوینی پاکی شەم سەوداسەری کردبوو ـ هان ٥ ـ فارس پێی خالیسە ـ دەم ـ کـــات ـ کەوتنەکەی کاری مریشکە ٦ ـ گێژ و کاس ـ عەدەدێکە ـ شیو و خڕ ـ هەم یاری پێ دەکرێ هەم شەڕ ٧ ـ بە پەیڕەوانـــی مەلا سادقی زەندیان دەگوت ـ هەوێنی پەنیریان لێ ساز دەکرد. ٨ ـ دەنگی گورگ ـ رەشکەی گەورە ٩. ـ بە فارسی ئێمەین ـ لەزەتی دنیایە بەڵام کە هێرشی بۆ هێنای فڕێی بدە. ١٠ ـ چیایەکی بەرز و خۆشە لە نزیک سنە ـ سەرچاوەی چۆمی قزڵ وەزان ١١. ـ شوێنەوار و ئەسەر ـ زێدی شا نعمتا . . .ی وەلی ـ ١٢ ـ ئامرازی بانگ کردن ـ خـــودای جوانی یوونانی قەدیم ـ یا قەبرە یـا هێز. ١٣ ـ قازی کێوی و ئەندامی هەناسە کێشانە و ژمارەیەکە ـ دنە ـ دەنگی کۆتر ـ ئەگەر کردنەوەی لەگەڵ بێ پشکنینەوەیە و شەرح کردن. ١٤ ـ دلۆپێکە و لەبەر دەکرێ ـ تامی کوللێرە خۆش دەکا. ١٥ ـ شاعیر بە گوڵی جێ بەرز و سەرنەوێ دەزانێ و کێوێکە لە سەقز ـ دەریایەکە لە شمالی ئورووپا ـ سەرەوبنی کە و لە چاوی کێشە ـ

١ ـ رەنگی بێڕەنگی ـ جێگای نەرمان و بڗوێنی چیا ـ مل، گەردن. ٢ ـ بازی مـێ ـ خۆی تێدا دەبینێ. ٣ ـ شاعیرێکی بە ناوبانگی موکریان ـ شاعیری بە ناوبانگی گۆران ـ بزر. ٤ ـ بنۆس و سەبەب ـ دەرگای تەنەکەی دووکانان ـ هۆڵی سەراوبن ـ ٥ ـ ئێسکێکی ناو لەشی ئینسان ـ ئێوە بە زمانی بێگانە ـ بڵاو نیە و شارێکە. ٦ ـ نێوان ـ لەسەر دیوار سازیان دەکرد. ٧ ـ کەڕەواڵە ـ دەرگای گەورەی حەوشە. ٨ ـ کەس ئی خۆی پێ ترش نیە ـ گێل نیە ـ دیار نیە ـ ٩ ـ کێشکچی تورکی ـ هان بوو نێوکی کەوت ـ هادی بەرقە ـ کەوشی بارگین. ١٠ ـ خۆڵی لەگەڵ کەی جوانترە ـ نیوەی بانە ـ دڕدۆنگی ـ بە قەندی دەخورێتەوە ـ دەبێ بە دەمی مەڕی خۆش بێ. ١١ ـ شوێنەوارێکی کۆنە لە کوێستانی ماین بلاخ. ١٢ ـ لەتی تەواو ـ خودا ئی بزنی کۆڵە لە شاخدار دەستێنێتەوە ـ چاڵ بە لەهجەی هەورامی ـ بیر ١٣. ـ چاردە سانت لە گەز کەمترە ـ چارەی تەرازووی لاسەنگ ١٤. ـ لەگەڵ چۆخە لەبەری کە ـ ئێمە بە زمانی بێگانە ـ کەوڵەکەی گرانبایییە. ١٥ ـ نێو ئاخن ـ دەسرۆکەیەکی بە ناوبانگە ـ

پڕ کراوەی جەدوەلی (١)



دەتوانن پڕکراوەی ئەم جەدوەلەمان بۆ بەرێ بکەن. لە نێو ئەوانەیدا کە دروستیان پڕ کردبێتەوە بە پێی قورعە یەک کەس بە بەرندە دەناسرێ. جایزەی بەرندەی جەدوەل برتیە لە ساڵێک ئابوونمانی گۆواری سروە. دەبێ پڕکـــراوەی جەدوەلەکەمان تا کۆتایی مانگی رەزبەر بگاتە دەست.



چیرۆک بۆ منداڵان :

پاڵەوان فس فس

جلال الدین ملکشا

هەبوو، نەبوو، کابرایەک بوو، دوو ژنی بوو. ئەم کابرایە زۆر ترسەنۆک و بێ دەستەڵات بوو، بە تایبەت شەوانە زۆر دەترسا، ئەگەر شەوێ هاتبا وکاری سەرئاوی بوایە دەبوو ژنێکیان لەگەڵی بچێ و لەبەر دەرگا راوەستێ هەتا تەواو دەبێ. ئیدی باسی رێویت لەلا کردبایە، حەفتا رۆحی پێ بایەکی پێ نەدەما. خەڵک ناویان نابوو پاڵەوان فس فس.

ئەم دوو ژنەی کابرا لە دەستی وەزالە هاتبوون. شەو و رۆژ ئاراو قارا یان لێ هەڵگیرا بوو، بە دووی چارەیەکدا دەگەڕان ژنە گەورەکەی دەیگوت با دەری کەین رێگای ماڵێی نەدەین. بە کورتی هەموو دەم و سەعاتان راوێژ بوو.

شەوێک لە شەوان، لەسەر رێ و رەسمی جاران، کابرا ژنەکەی لە خەو هەستاند هەتا لەگەڵی بچێتە دەر. هەر بۆیە لێی نزیک بۆوە و گوتی:

ـ زایفە! زایفە! هەستە بمبە دەرێ

ژنە وەجواب هات و لە وڵامدا گوتی:

ـ هەی خوا بتکوژێ زەلام ... تۆ خوا بە تۆش دەڵێن پیاو.

پیاوەکە کە زۆر دەترسا گوتی:

ـ ئاخر زایفە گیان بە قوربانت بم بەڵکوو من چوومە دەر و رێوی هات جا ئەو دەم منی چارەڕەش چ بکەم؟

ژنە هەستا لەگەڵی چوو و لە باتی ئەمە کە لە دەرکی حەوشێ راوەستێ بە غار هاتەوە ماڵێ و دەرکەی داخست کابرا کە ویستی بێتەوە ژوور هەرچی نەڕاندی وقیژاندی و پاڕاوە و لالاوە دەرکەیان لێ نەکردەوە. ئەوجار کە دیتی کاری کراوە گوتی:

ـ ئێستا ئەگەر هەر دەرگام لێ ناکەنەوە چەند هێلکەم بۆ تێشووی سەفەر بۆ تێکنێن.

ژنەکان بە پەلە نان و هێلکەیان بۆ تێکەوە پێچا و بە دەلاقەیدا بۆیان فڕێ دا دەرێ.

پاڵەوان ماڵی بەجێ هێشت و لە ئاوایی وەدەر کەوت. کەم رۆیی، زۆر رۆیی، تووشی مام رێوی بوو. رێوی کە دیتی پاڵەوان زۆر دەترسێ و وەک جاو سپی

بۆتەوە گوتی :
- بەبە پاڵەوان فس‌فس مەرحەبا ! لە ئاسمانێم دەویستی لە عەرزم وەدەس کەوتی . زۆرم برسی‌یە زووکە درێژبە با بتخۆم ، پاڵەوان لە هەیبەتان نێوکی کەوت. چاوی بە مۆڵەق وەستا ، گوتی :
- ئێستا کە هەر دەمکوژی راوەستە با دەس‌نوێژ هەڵگرم ، نوێژی بکەم ، جا ئەوجار درێژ دەبم بە پاک و خاوێنی بمخۆ!
مام رێوی گوتی: حەیە حەی نوێژ دەکا ؟من دەڵێم زۆرم برسی‌یە زۆر !!!
پاڵەوان ئەوجار کە چاری برا گوتی :
- باشە ئەگەر وایە هەتا دەس‌نوێژ هەڵدەگرم بۆ وەی برسی نەبی تەشریفت ئەو نان و هێلکەیە بخۆ. جا ئەگەر تێر نەبووی منیش بخۆ !
مام رێوی لمبۆزی لە حەوا گرت و کلکی راوەشاند ، یانی باشە !
رێوی دەستی کرد بە هێلکە خواردن و پاڵەوان کە دیتی کاری کراوە هەڵات .
کەم رۆیی زۆر رۆیی تەمەشای کرد ئەگەر شەو لە دەرێ بمێنێتەوە درندە و زەرەندە دەیخۆن . چاوی گێرا ئەشکەوتێکی دیتەوە ، لەبەرە خۆیەوە گوتی :
- ئەها ئەوەی لێی دەگەڕێم ئێرەیە . بە هەزار زەحمەت و نەقە نەق بە ئەشکەوتێ هەڵگەڕا . دیتی زۆر تاریکە پاش تاوێک کە چاوەکانی خویان بە تاریکایی گرت تەمەشای کرد دێوێکی فیلەنتەری زەلام چوار مێردەکی دانیشتووە و دووبەرداشی گەورەی لە گوێ دایە دێوی چی گوێ وەک لێف ، چاوی وەک سێف ، بەژنی وەک کێف،
پاڵەوان لە جێی خۆ وشک بوو .
دێوە نەڕاندی :
- بۆن دێ - بۆنی ئادەمیزاد دێ ، لەو دەرک و بانە دێ . زووکە ئادەمیزاد وەرە پێشێ برسیمە . بلێ بزانم نێوت چیە؟



پاڵەوان فس‌فسکە لە ترسان ددانی ددانی نەدەگرت گوتی :
- قوربان نێوم . یانی نێوم ، نێوی من پاڵەوان ... پاڵەوانە ، ئیمشەو میوانی تۆم ، جێگام بدەیە ، سبەینێ دەڕۆم . باشە ؟
لەو دەمەیدا چل کوڕەی دێڵە دێو هاتنەوە ماڵێ . هەر یەکەی کارێکی وای دەکرد کە پاڵەوان لینگی وەک داری تەپڵی لێهاتبوو . یەکیان بەردی دەگوشی دەیکرد بە ئاو ، یەکیان وڵاتی دەسووتاند بەچاو ئەویدی پیرە داری بە ریشەوە هەڵدەکێشا ، یەکی دی بەرداشی بە قامکی هەڵدەسووڕاند .

پاڵەوان زانی ئەگەر بێدەنگ دانیشێ کاری دەکرێ و زوو دەیخۆن . هەر بۆیە هێلکەیەکی دەرهێنا و گوتی :

– ئێوە ئاو لە بەردی دێنن بەڵام من جەراحەت و زووخاوی لێ دێنم .ئەوەندی گوت و هێلکەی ڕێک کوشی و زەردێنە و سپێنە تێکەڵ بوو و ڕژا سەر عەرز .

دێوەکان گوتیان :

– با چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە دەنا ئەوشۆ هەموومان دەکوژێ . دێڵە دێو تەندوورەیەکی کرد و نێو ئەشکەوتی کرد بە سەحرای تۆفان لێدراو . پاڵەوان بە بەری میچەوە نووسا . دێڵە دێو هاواری کرد :

– پاڵەوان ئەوە بۆ چوویە حەوا ؟

– ئەوە لە گوزر و مەتاڵە کۆنەکەی بابم دەگەڕێم .

دێڵە دێو بە کوڕەکانی گوت :

چارەیەکی بۆ نەدۆزنەوە هەموومان دەکوژێ . جارێ با دەری کەینە دەرێ دوایە تەگبیران دەکەین . پالەوانیان وەدەرنا و ئەویش بە پەلە لە ڕۆچنەی ئەشکەوتەوە چاوی لە دێوان بڕی بزانی دەڵێن چی . ئەوانیش قەرار و بڕیان دانا کە شەو پاڵەوان لە چوار داخی باخی دا بخەوێنن نیوە شەوێ بچن و بە شمشیران لەت و پەتی کەن. پاڵەوان گوێی لێ بوو هاتەوە خوارێ پێیان گوت دەبێ شەوێ لە باخ بخەوی .

گوتی : لیفە و سەنیرێکم بدەنێ دەڕۆم ، لیفە شرەیەکیان دایە و پالاوتی بۆ نێو باخی ، بەڵام نەنووست . سەنیرەکەی درێژ کرد و لیفەکەی پێدا دا و چوو لە سووچێک مات بوو .

شەو راشکا و دێوان هاتن و سەنیر و لێفەیان وەبەر زەبران دا . ئەوجار کە دیتیان متەقی لەبەر نایە بە جێیان هێشت دوا بە دوای وان پاڵەوان بەرەو ئەشکەوت وەڕێ کەوت . لێفە شڕەشی بە دوای خۆێدا دەکێشا .

گەیشتەوە نێو ئەشکەوتەکە . دێوەکان واقیان وڕما ، دێڵە دیو پرسی :

– پاڵەوان چاک نووستی ؟ هیچت لێ نەقەوما ؟

گوتی : ناوەڵڵا بەڵام لەبەر مێشووڵان خەوم لێنە کەوت ، دێوەکان هەر یەکە بە لایەکدا دەرە دزەیان کرد و هەلاتن.هەرچی زێڕ و زیو بوو بۆ پالەوان فس‌فس بەجێما. باری کرد و بەرەوماڵ بۆوە . لەم لاشەوە دێوەکان تووشی رێوی هاتن و بەسەر ـ هاتەکەیان بۆ گێڕاوە . رێوی گوتی :

– پاڵەوان فس فس لەمن دەترسێ . وەرن با زێر و زێوەکەتان بۆ بستێنمەوە . ئەوەندەیان گوت و وەڕێ کەوتن .

بەڵام پاڵەوان کە هەموو زێڕ و زێوی دێوانی کۆ کردبۆوە بە شانی دادا و بەرەو ئاوایی وەڕێ کەوت . هەر کە گەیشتەوە ماڵێ ژنەکانی بەرەو پیری چوون و دەرکەیان لێ کردەوە . پاڵەوان وەژوور کەوت بەڵام دانەنیشت . زانی هەر ئێستا دێنە زگی و دێوەکان تۆڵەی لێ دەکەنەوە هەر بۆیە هەرچی دیزە شکاو و گۆزە شکاوی پێ شک دەهات لەسەر یەک کەڵەکەی کرد و چاوە ڕوان بوو .

دێوەکان هاتن . وەژوور کەوتن.چاویان بە پاڵەوان کەوت . پاڵەوان فس فس پاڵێکی بە گۆزە شکاوەکانەوە نا .هەمووی بەسەر دێواندا دا .هەر بابا بوو هەڵدەهات

ئەوجار ئیدی پاڵەوان فس‌فس بە ئاسوودەیی دەستی بە ژیان کرد و لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی بێ ترس و خۆف پێی راکێشا منیش هاتمەوە .

کاڵەم دڕا ، چم پێ نەبڕا





مەولەوی

سەلاحی یۆسفی

لە داوێنی هەست بزوێنی تەبیعەتدا کەسانێک پەروەردە دەبن کە بە پێی ویستی دڵ و خۆشەویستی و بۆ پاراستنی فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەیان دەست بۆ قەڵەم دەبەن . کارەساتی مێژوو، زوڵم و زۆری زۆرداران ، لێ قەومان و دەر بەدەری ئیمان و بڕوای ئاینی ،ئەوین و خۆشەویستی جوانی یەکانی تەبیعەت ، خۆشی و کامەرانی و ... هەر یەکە یا بە گشتی لە نێو هەر دەستە و کۆمەڵێکی ئینسانیدا دەبنە هۆی بزووتنی ناسکترین و جوانترین هەستەکان و وردە وردە بە شکڵی داستان ، ئەفسانە ، چیرۆک ، پەند ، شیعر و بەیت و باو و قسەی خۆش و ... خۆ دەنوێنن . لەم قۆناخەدا یەکێک وەدوای فۆلکلۆری نەتەوەکەی دەکەوێ لە دیوەخانان ،لەپاڵ کەپر و تاوڵ و چادران گوێ بۆ قسەی دەیان پیرێژنی پێچووکە سپی شل دەکا و پێڵاوی لاوەتی لەو ڕێگە دوور و درێژەدا دەدڕێنێ ، لە کوورەی دڵی یەکێکیدا پارچە شیعرێک، قەسیدە یا غەزەلێک ئاورینگان دەدا یا . ئەفسانە و چیرۆکێکی جوان دەخولقێنێ و چرایەکی پڕشنگدار لە سەر ڕێی کۆمەڵ هەڵ دەکا .

جێی خۆیەتی بڵێین گەلی کورد خاوەنی فەرهەنگ و ئەدەبێکی بە نرخە کە مایەی شانازی یە ، بەڵام بەداخەوە زوڵم و زۆر و دەسدرێژی بێگانەکان و نەخوێندەواری و زۆر هۆی دیکە بوونە بەرگری خزمەتێکی باش بە فەرهەنگ و ئەدەبی ئەو گەلە هەژار و زۆر لێکراوە . بەڵام دەکرێ بڵێین لە سەدەی نۆزردەهەمدا شۆڕشێکی ئەدەبی لە

کوردستان پێک هاتووە و دەیان شاعیر و ئەدیبی باش هەڵکەوتوون . لە ئەدەبیاتی ئەو سەدەیەدا شیعر و شاعیری زۆرتر وەبەر چاو دێ . شاعیر مەلی خۆش ئاوازی چیمەن و گولزاری بیر و خەیاڵە ،شاعیر پەپوولەیەکی روح سووکە کە مزگێنی سروەی بەیانی بەهار بۆ گوڵانی خەواڵوو دێنێ . شاعیر شەمێکە کە دەسووتێ تا بەزمی گەل رووناک بکا .

لە ئاسمانی ئەدەبی کوردەواریدا سەدان ئەستێرەی پڕشنگدار دەدرەوشێنەوە و تروسکەیان رۆشن کەرەوەی تاریکانی ژیانی هەر کوردێکی دڵسۆزە ، یەکێک لە

تاوەگۆز لە دایک بووە .بە منداڵی لە خزمەت باوکی قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە و وەک هەموو فەقێ کانی کوردستان رێگەی عیلم و زانستی گرتۆتە بەر و لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان وەک " پاوە ، چۆڕ ، سنە ، بانە ، سلێمانی ، هەڵەبجە ، جوانرۆ و .. " دا لە خزمەت مامۆستا و زانایانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی ، ئەوجار کە لە خوێندن بۆتەوە ، وێڕای شەریعەت رێگای تەریقەتیشی گرتۆتە بەر و بۆتە خەلیفەی " شیخ سراج الـدّیـن "ی نەقشبەندی و پاشان " شیخ بهاءالدّیـن "ی کوڕی .

شیعری مەولەوی لە ناسکیدا وەک گوڵاڵە سوورەی کۆساڵان کە بە پڕیشکی خوناوەی بەهاری رازابێتەوە و پاراو بووبێ شلک و جوان ، نەرم ، لەبار و گەشە ، خۆی لە تەشبیهاتی کۆن لاداوە و پەنجەرەیەکی بەرەو تەشبیهاتی جوان و نوێ کردۆتەوە کە لە نەوعی خۆیدا کەم وێنەیە .

گەشترین ئەستێرەکان لەسەر ئاسۆی ساو و بێ گەردی هەورامان بەرانبەر بە تاوگەبەرز و خوڕێنەکانی کۆساڵان و شاهۆ خۆ دەنوێنێ.دەبێ کێ بێ ؟

بەڵێ .. (**مەولەوی**) یە عارف و شاعیری گەورەی سەدەی رابردوو .

کورتە باسێکی ژیانی مەولەوی


ناوی (سیّد عبدالرّحیم)و کوڕی"مەلاسەعید"ە بە شەش پشت دەچێتەوە سەر (مەلا ئەبووبەکری " مصنّف چۆڕی ")خاوەنی کتێبی (الوضوح)لە بنەماڵەی عارفی هێژا و مەزن(سیّد محمّد ـ زاهد)ە کە بە (پیر خدری شاهۆ) مەشهوورە . هەر چەند تەخەللوسی شیعری"معدومی" بووە بەڵام لە ناو خەڵک و ئودەبادا بە "مەولەوی" نێوبانگی دەرچووە .

مەولەوی ساڵی ١٢٢١ی کۆچی لە بنەماڵەیەکی ئایینی گوندی"سەرشاتە"ی

عیرفان و فەلسەفە لە شیعری مەولەوی دا

بێ شک هەرکەس چاوێکی بە شیعرەکانی مەولەویدا خشاندبێ بۆی دەردەکەوەێ کە شیعرەکانی ئاوێنەی عیرفانن ، بە زمانێکی دیکە مەولەوی لە هونەر و نبووغی زاتی خۆی بۆ ناساندنی باشتری عیرفان کەلک وەردەگرێ و بە سۆز و ئاهەنگی تایبەتی شیعرە نەرم و مەحزوونەکانی .پەنجەرەیەکیش بەرەو فەلسەفە دەکاتەوە . ئیمان و باوەڕی قەلبی ، ریازەت و شەونخوونی،تەعەهودێکی ئەدەبی و ئەخلاقی دەدا بە شیعر کە جێی لێکۆڵینەوە و سەرنجە .هەرچەند لە هەر مەسنەوی ، لە هەر بەیت و میسراع وتەنانەت لە هەر پیتێکیشدا بۆن و بەرامەی عیرفان و خودا ناسی و یادی حەق و پیر ،نەوازشگەری چاو و دڵن ، بەڵام دەتوانین دوو بەشی گرینگ دیاری بکەین . یەکەم : شیعری

کەڵی مل لە هەورامان



عیرفانی کە بە شێوەی راز و نیاز لەگەڵ خودای گەورە، ئیزهاری هەژاری و وەسفی هێز و توانای باری تەعالا لە قالبێکی جوان و لەباردا کە لەباری سەناعاتی شیعری**و** نێوەرۆکەوە پڕ بایەخ و کەم وێنەن، سۆز و بڵێسەی دەروونی مەولەوی هێند ئاگرین و بەتینە کە فرمێسکی چاو دەبارێنێ و دڵ دەتاوێنێ ... بەڵی ئەوین دەگاتە ئەو رادەیە " معدومی "یەکی شەیدا کە بوونی دە نەبووندا تەخەللوسە و شەو و رۆژ لە گۆشەی حوجرەی مزگەوتدا خەریکی عیبادەت و راز ونیازە وبە ئەسرین و سۆزی دڵەوە ئایاتی قورئان لەبەر دەکا و دڵی تینووی پێ تێراو دەبێ وەک گوناهبارێکی شەرمەزار بناڵێنێ و بڵێ :

من وێم مزانوو بێ ئەمریم کەردەن
ئیتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن
عومرم سەراپا غەرق غەفڵەتەن
زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن
بەڵام مەشیۆ تۆ وە فەزڵەکەی وێت
کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت
ئیغمازکەی جە گرد نابەکاری من
جە رووسیایی و بەدکرداری من

جارێک مانگی موبارەکی رەمەزان بە زمانی بەڕۆژوو لە (رەزاو) بەرەو (دەگاگا) لە هەورامانی تەخت دەگەڕامەوە، زۆر گەرم بوو گەلێکیش ماندوو ببووم ، لەسەر رێ لە جێ یەک کە پێی دەڵێن " کەڵی **مل**" گەیشتمە باغێکی زۆر خۆش و بەسەفا ، کانیاوێکی لێ بوو ئاوەکەی وەک چاوی قرژاڵی روون بوو، دارە هەرمێ و قەیسی و توو سەرنجیان بۆ لای خۆ راکێشام، لام دا لەبەر سێبەریان تاوێک بحەسێمەوە ، نەوسیش زۆری بۆ هێنا بووم رۆژووەکەم بشکێنم و ئەو هەلە لە دەست نەدەم. لە ژێر دارە گوێزێک لەپاڵ کانیاوەکە چاوم بە پیرە پیاوێکی فەرنجی لەشان و کەڵاش لە پێ کەوت کە پیمەڕەیەکی لە باوەش گرتبوو و پاڵی وەدارەکە دابوو. سڵاوم کرد لەبەرم هەستا و بانگی کرد بچمە لای ، دەمێکی خۆش ئەو بە هەورامی و من بە سۆرانی دەگەڵ یەک دواین ، بە هەر شێوەیەک بوو یەکترمان حاڵی دەکرد. لالۆ بەمەی زانی کە زۆر تامەزرۆی هەرمێ و قەیسییەکانم و بەڕۆژووشم ،منیش شەرمم دەکرد داوای شتێکی لێ بکەم ،پاش تاوێک ئاخێکی لە ناخی دڵەوە هەڵکێشا و گوتی : "ئەگەر پەلەت نیا با شیعرێت پەی وەنوو " تکام لێ کرد ئەوکارە بکات ، جا بە سۆزەوە گوتی :



نەفس بەدکردار ،بێ دین بەدبەخت ،
شووم سەرگەردان خەیاڵان سەخت !
پەی چێش عادەتت وەگوناە کەردەن،
ژار مەحروومی رەحمەتت وەردەن ،
راگەی حەقیقەت جە ویرت شیەن ،
یادت پەی مەحبووب حەقیقی نیەن،
مۆتن ئەسڵێت نەخاتر لوان ،
مێخ مۆبەتت نەرووی خاک کوان ،
دایم گورفتار ئارەزووی خامی
یەکسانەن پەرێت نیکی و بەدنامی
گا خەریک دەرد هەوای مەجازی
گا مەشغووڵ کەسب کیبر و نیازی
گا غەرق هەوای وەسڵ نازاری
گا حیرەت زەدەی روخسار یاری
هیچ هۆشت نیەن حەق خەوەردارەن
فەردا رووی حیساب میزان کارەن
فکرێ کەرەوە وادەی لواتەن
وەخت شێویای شەوق سەوداتەن
باوەرە وەدەس زادێ پەی سەفەر
وێت نەوسەفەردا بێ تۆشە مەکەر
وە دەرگای حەق بەر رووی پەشیمانی
عوزر ئاوەری کەر کردەی نادانی
بەڵ لیباس عەفو بکەرۆت خەڵات
جە وەخت مەردەن بەرەڕۆت نەجات
وە نەسیوت بۆ سەرمایەی ئیمان
نەوی وەریشخەند سوخریەی شەیتان
وە رووی مەحشەردا بگێڵی دڵشاد
جە قەید عوسیان دڵت بۆ ئازاد

لالۆ بە گۆشەی پشتێند فرمێسکی گەشی لەسەر ردێنە سپی یە جوانەکەی دەسڕی یەوە و منیش لە شەرمان ئارەقەم دەرکرد ، ئەودەمی نەمزانی ئەو شیعرە جوانە ئی کێ یە و نەشم پرسی بەڵام دوایە لە دیوانە بەرزەکەی مەولەو یدا چاوم پێ کەوت .

دووهەم:تەریقەت و پیر لە شیعردا :

تەئسیری مەعنەوی پیری تەریقەت ، شیخ ـ "سراج الدّین" و باقی گەورەکانی نەقشبەندی لە زۆربەی شیعرەکانی " مەولەوی"دا دیارە. پاش وەرگرتنی ئیجازەی عیلمی دەبێتە خەلیفەی "شێخ" و جوانتر لە هەر ئەویندارێک بە مەحبووبی خۆی هەڵدەلێ و دەبێژی :

....

دەماخ وە نەشئەی سەربەرزان کەیل
موڕشید میرا و سەرجۆی بادەی لەیل
ئەنیس مەجلیس عەیش و نیشاتم
دەسگیر راگەی هات و نەهاتم
جڵەو کێش زەوق ئاهووی رەوێڵم
بەزم ئارای مەجلیس کەمەن وەپێڵم

خەیاڵی ناسک و مەولەوی

شیعری مەولەوی لە ناسکی دا وەک گوڵاڵە سوورەی کۆساڵان کە بە پڕیشکی خوناوەی بەهاری رازابێتەوە و پاراو بووبێ شلک و جوان ، نەرم ، لەبار و گەشە ، خۆی لە تەشبیهاتی کۆن لاداوە و پەنجەرەیەکی بەرەو تەشبیهاتی جوان و نوێ کردۆتەوە کە لە نەوعی خۆیدا کەم وێنەیە .

گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی مەنجۆشان
مدیان گوڵاڵان نەپای دەربەندان
ئەو یەکتر وێنەی ئارەزوومەندان

سەیرێکی ئەم تەشبیهە بکەن، بڕوانن چەند جوان و نوێ یە. چەند بە مامۆستایی و شارەزایی جێگای "مشبّە" و مشبّهٌ بە"ی گۆڕیوە. ئەوە ئەوەڵ و ئاخری ئەم وێنە و تابلۆ جوانانە نیە، بەڵکوو دەیان وێنەی تر

هەن کە لە هەر کامیاندا جوانییەکــــی تایبەتی دەبیندرێ .

شیعرێک لە ناخی دڵدا جێ دەکاتـــەوە شاعیری لە خەو راپەڕاندبێ ، خەوی لـــە چاوان تۆراندبێ وخورپەی خستبێتە دڵـــی . چەند خۆشە ئەو هەستە ناسکە بە شنـــەی وشەی جوان لەرابێتەوە .شیعری مـەولـەوی بە هەموو وردی و ناسکییەوە لە ئاستـــی هەڵبژاردنی وشەی جوان و هاوڕەدیف زۆر خەنی و پـڕە ، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخـــی پتری بۆ نێوەرۆک داناوە . خوێنەر بـــە روانینێک لە بۆنی جیناسە شیـرینەکـان شنۆیەکی بە دەماخ دەگا و تێدەپەڕێ ، وا دەزانی تێگەیوە بەڵام پاش تاوێک لە هەر جێیەکە رادەوەستێ ، ئـەنگـوستـــی دەگـەزێ و دەگەڕێتەوە ، هەر چەند جارێکی دەیخوێنێتەوە شتێکی تازەتری تێدا دەبینێ

خـەرمـانـی خەمان ها وە کەل باوە
شەن کەر یەکێوەن دوو شەن وە لاوە

یا :

یاران ، دڵداران نە تۆی دڵ داران
بێ یاد یاران ، یاران مەویاران

شاعیر ورد بینە ، موو قەڵێشە ، زۆر شت چاوی سەر دەیبینێ بەڵام چاوی گیـــان نایناسێ. سەیر کەن چۆن لەتکی گـــۆزە شکاوێک سەرنجی شاعیر رادەکێشـــێ و دەگەڵ پیری و کەنەفتی خۆی هەڵیدەسەنگێنێ

داخۆ چەن وەدەس نازک نـەوهــالاَن
ئامۆشۆت کەردەن پەی دڵێ مـالاَن
ئیسە ها چون من پەشێویت بێحـاڵ
کەفتەنی نەخاک مەکەرات پامال

مەولەوی لە هیچ شتێک بەپەلە ناگوزەرێ. زۆر بە جوانی لێی ورد دەبێتەوە و تا وەک خۆی هەستی پێ نەکا لێی لانادا ، لە وەرزی بەهاردا کاتێک لە هەر لایەکـەوە گوڵ و گوڵزار بە وێنەی رووی یـــاری

دەدرەوشێنەوە ، لە دووری و فیراقیی یار، چاو دە لالەیەک دەبـڕێ.

جە هەر تەرەفدا مەوینوون گوڵزار
رەنگ رەنگ مەدرەوشۆ بە وێنەی دڵدار
لالە گەردن کەچ تۆی دیدە رەشتەن
گۆیا عەکس یار وە رووشدا وەشتەن

ئەوین و مەولەوی

سەرچاوکەی شیعری روونی ئـەوینـــی مەولەوی " عەنبەر خاتوون"ی خێزانییـــە . عەنبەر خاتوون لــە بنـەماڵـەی ئـەو ئەفغانییانە بووە کە روویان لـــە " چۆڕستانە" کردبوو و لەوێ نیشتەجێ ببوون رەنگبێ هۆی ناسراوی سەید عبدالرّحیم بـە " مەولەوی"ش هەر ئەوان بووبن ، چونکـو دابی حەنەفی مەزەبان ئەوەیە کە بـە مامۆستاکانی ئایینی خۆیان دەڵێـــن " مەولەوی " .

مەولەوی پێش مارە بڕینی عەنبەر خاتوون بۆ خوازبێنی دەچـتەماڵیان و بۆ ئـەوەی چاوی پێ بکەوێ داوای ماستاوێک دەکـا . کاتێک عەنبەر خاتوون ماستاوەکە دێنێ ، دەڵێ: فەرموو خاڵۆ! ئەویش بەو موناسەبەوە ئەم دوو دێڕە دەڵێ :

خاڵۆ خاڵۆتەن کەم واچە خاڵــۆ
خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵــۆ
شەرت بۆ من جە داخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ
ویم کەروو وەکوڕ چواردە ساڵەی نۆ

ئەویندار ی مەولەوی لە کەلێن و قوژبن و جێژواندا پێ ناگا ، بەڵکوو عەشقێکی پاک و بێگەردە کە لە کاتی مارەبڕینەوە دەست پێ دەکا و تا مردن درێژەی دەبێ .

مەولەوی لە ساڵەکانی ئاخری ژیـانـــی تووشی زۆر گیر و گرفت و چەرمەسەری دێ ، کتێبخانەکەی دەسووتێ، زۆر کتێب و شیعـری تێدا لە ناو دەچێ و بە سکالا بۆ دۆستێکـــی

ل ٩٨



تەنزی کۆمەڵایەتی

خوازبێنی ٧

ئیقتیباس

ڕووتەڵە ٧

هەر دووکمان لە وەتاغی شیرکەتێکی سەر بە دەرەوە کارمان دەکرد.من دەفتەردار بووم و ئەویش بایگان بوو.

کوڕێکی زۆر ساویلکە بوو ژن و منداڵی نەبوو . زۆر جاران دادەنیشتین پێکەوە دەردی دڵمان دەکرد. سەربرانەی قسەی ئەو هاوکارەم ئەمە بوو کە لەبەر بێ ژن وماڵی زۆر حەولە و ناتوانێ بە هەموو کارێک رابگا. ماوەیەک لە تەمەنی رابوارد بوو بەڵام ئێستا ئەوەی دەیویست پێی نەگەیشتبوو .

منیش کە بە خۆم و شەش تمەنە حقووقەوە سێ چوار منداڵم بە ریشەوە بوو دەمزانی زۆر ئاسوودەیە و لە لانێک حەق بەو بوو.ئەویش کابرا بە رۆژ کارێ بکا و ماندوو حەسێنەوەی دەسکەنەی نیسکان بێ زۆر ناخوشە .

ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوە کە سەڵت و رەبەن بوو کۆک و پۆشتە بوو، کەوش و پێلاوی بۆ یاغ لێدراو بوو..

بەڵام من بە هیچ رانەدەگەیشتم و کەوش کڕینم لە هەموو شتی دنیایە پێ ناخۆشتر بوو. چون لە لایەک، لایەکی حقووقەکەی بڕ دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە بە ناشکوری ناڵێم لاقم زۆر گەورەیە و کەم وا هەیە ئەو کەوشەی دەستی لەسەردادەنێم نمرەی لاقی من وەدەس کەوێ جا بەم دوو هۆیە کەوشەکانم هەتا شڕ دەبن هەر لە پێم دان .

دۆستایەتی من و هاوکارەکەم ئەوەندە گەرم ببوو کە هیچمان لێک نەدەشاردەوە . تەنانەت رۆژیک لە نێو قساندا درکاندی کە:

ـ فلان کەس تۆش لە خۆی .. من ئەوەی لێی دەگەڕام دیتوومەوە .

ـ یانی مەبەستت ئەوەیە دەتەوی زەماوەند بکەی ؟

ـ بەڵێ بەڵێ ئیدی بەسە من وا هەڵناکەم .

ـ خودا لێت مەبارەک کا . بە سەر و دڵێکی خۆش! بەختەوەر بی ! ئەدی شیرنی کەنگێ دەخۆین ؟

ـ ماڵتە تۆ بۆ هێندە چلێسی پێت خۆشە من وەبەر ماشێنی کەوم شەش مانگان لەسەر رەقی پشتێ بکەوم بەڵام بەو مەرجەی تو بێی و سەرم بدەی و شیرنی بخۆی ؟

ـ کوڕە بابە ئەو فەرمایشە گلاوانە چن دەیانفەرمووی؟

ـ مەگەر هەموو جارێ بۆ خۆت واناڵێی. دەی بە هەر حاڵ کاکە جارێ نەرێسراوە

نە پێچراوە جۆڵا شەقەی دێ !
من دیتوومەتەوە دەمەوێ
بنێرمە سەری .
– ئەها ببوورە نەمزانی.دەی
دیسانیش هەر مەبارەکی دەوێ
– برالە دەمەوێ وەک دوستێکی
باش یاریدەم بدەی .
– دەفەرمووی چ بکەم؟
– عەرز بێ تۆ دنیات دیوە ،
خوازبێنیت کردووە، دەتوانی
لەگەڵم بێی ، وێکرا دەچین ،
بۆ خۆت دەزانی بە هەر کەس
دەڵێم گاڵتەم پێ دەکا و
وا دەزانێ من جەفەنگ
لێدەدەم . بەڵام بەراستیمە!
لانی کەم ئەمجارە بەراستیمە!
– زۆر باشە بەسەر چاوم من
حازرم. بەڵام تەگەرەم زۆر
لەپێشن و ئەوانەم بەم دەم و
دەستە بۆ جێ بە جێ نابێ .
جارێ نە بەرگم هەیە نە پێڵاو
– ئەوە هیچ نیە . ئەوەت
لەستۆی من. ئیدی بیانووت
لێبڕا ؟
– بە سەری تۆ بیانوو نیە
بەڵام ئەگەر ئەوانەم بۆ
جێ بە جێ کەی لەسەر چاوی
دادەنێم و خوازبێنیت بۆ
دەکەم .

بەڵێ قەرار و بڕیمان
دانا هەتا رۆژیک بە پەلە
هاتەوە شیرکەت و گوتی:
فەرموو .

تەمەشام کرد ، دەستێکی
کۆت و شاڵوار بۆ هێناوم
لەگەڵ جووتێک کەوشی بریقەدار
بە دیتنی ئەوان کەیفخۆش
بووم و پێم خۆش بوو دایم و
سەعات خەریکی خوازبێنی بم
بۆ ئەو هاوکارە بەرێزەم.
کۆت و شاڵوارەکەم لەبەر کرد
هیندێک تەنگ بوو دەتگوت
کیفە کێشکە بەڵام قەیدی
نەبوو بۆ ماوەی نیو سەعات
پیاو دەتوانێ خوێ تێدا
رابگرێ، ئەوجار کەوشەکەم
کێشا پێش خۆم هەتا لە پێی
کەم بەڵام بۆ لاقم نەبوو.
گوتم ،دەی هیندێکی دیکە
حەول بدەم بەڵکوو بتوانم
ئەوەندە پێی بڕۆم کە چی
نەخێر دوو نمرە بۆ لاقم
چووک بوو. دەنا قەیتانیشی
تێدا بوو ...

بۆ خۆشی ئەوەی دەزانی
بەڵام دەیویست پێم بسەلمێنێ
کەوشی تەنگ چاکترە. گوتی :
– کاکە گیان ئەو کەوشە
زەلامانەی تۆ دەڵێی قەبری
منداڵی ساوان! جا چۆن لە
رووت هەڵدێ بەم کەوشانەوە
بۆ من بچی بۆ خوازبێنی .
خەڵکی ئەم دەور و زەمانە
عەقڵیان لە چاویاندایە
بۆیە ئەگەر ئەو کەوشە جوانە
بریقەدارە لەبەرکەی وێچووتری
خۆ هیچ نەبێ لەم کەوشە
حەوت رەنگیلەی خۆت جوانترە!
– بێفایدەیە ، بۆ پێم نابێ.
زۆری پێ تێک چوو .دیار بوو
لەم قسەیە ناڕەحەتە چونکوو
گوتی :
– تەمەشای دۆستی ئەم دەور
و زەمانە .حازر نیە نیو
سەعات لەبەر خاتری دۆستی
خۆی تاڵی بچێژێ .
– برالە کەوشەکە بۆ پێم
نابێ دەنا حازرم. خۆ من
هیچ ناڵێم .
– دەی جا چ بوونیو سەعاتمان
پێ دەچێ . دوایە فرێیان دە
ئێستاش بە تاکسی دەڕۆین
هەتا دەگەینە بەردەرکەی.
لەوێش ڕا دوو پلیکانە وەسەر
دەکەوین. لە ژوورێش
کەوشەکان دادەکەنی .
– زۆر باشە. ئەوەندەی گوت
و بە مرخێش مرخێش و کێش –
مەکێش کەوشی لە پێ کردم.
بەڵام لاقم دەتگوت ئاوی
کوڵیوی پێدا کراوە.
قامکەکانم نووشتابوونەوە و
جوان جوان لە بان کەوشەکەوە
دیار بوون . یارەبی
دوژمنیشتان کەوشەکەی تەنگ
نەبێ . ئەوجار نەمدەتوانی
بڕۆم. هاوکارەکەم هاتە بن
پیلم و هەتا سەر خیابانی
بردم. لەوێ سواری تاکسی
بووین و بەرەو ماڵە کابرای
گۆڕین وەڕێ کەوتین .

ئەو ئازارەی من لە
تاکسیدا چێشتم هەر بەشی
کافران بێ . چما یەکێک
خۆی لێدا بام چاوم نەدەکوڵی
نازانم بۆ وابووم. هەر لە
خۆڕا قەڵس و توورە بووم و
پێم خۆش نەبوو کەس بمدوێنێ
هەر کە دەجووڵامەوە دەتگوت
بە تەور داس قامکەکانم
دەپەڕێنن .



تازه چارم ناچار بوو ئەگەر کەوشەکەم بەسەر پێوە کردبایە دۆستەکەم ناڕەحەت دەبوو و دەیگوت نابێ لە مەجلیس کەوش بەسەر پێوە بکەی . ئاخر لەکنە خۆ من نوێنەری زاوا بووم بۆ خواستنی بووک .دەبا نموونەی ئەدەب و حەیا بم .

تاکسی رایگرت و منی شەل و گێژ وەک نەخۆشێکی تازە لە نەخۆشخانە گەڕابێتەوە لە ماشێن دابەزیم. تەپڵی سەرم لە هەموو جێگایەکم پتری دەچریکاند. لەوماوەدا کە من وا دەردە دار بووم هاوکارەکەم بۆی دەگوتم کە دەبێ چ بکەم و چ بڵێم. وەسەری کردبوو نەیدەماڵیەوە

لە شەش حەوت پلیکانان وەسەر کەوتین و لە زەنگیدا. پاش تاوێک دەرگا کرایەوە و وەژوور کەوتین .

یا رەببەنا چ دەبینم؟ خۆ ئەو ماڵە ماڵە دەوڵەمەندانە هەر ئەو جێگایەی قەتم نەوێرا بوو خۆی لێدەم. هەرچی چاوم گێڕا نەمزانی جێگای کەوش داکەندنی لە کوێیە . هەر لەو بیرەدابووم کە دیتم هەموو هەر بە کەوشەوە سەرکەوتوون و لە سالۆنێک لەسەر مۆبڵ دانیشتوون.بە دیتنی میوانان بەرەو پیرمان هاتن و وەک ئەمە کە زۆر خۆشەویست بین بەر لەمە کە ئیزنم بدەن کەوشەکانم دەربێنم وەلای سەروویان خستم . بەلام نەمدەتوانی قسان بکەم. لە تاو دەرد و ژانی قامکە درێژە نووشتاوەکانم عارەقەی رەش و شینم دەردەدا . لە تەپڵی سەرم ڕا هەتا بەری پێم عارەقە بوو . دەستەکانم لە نێوان هەر دووک ئەژنۆمدا رێک دەخشاند. جینگڵم دەدا . پێچم دەخوارد . بە کورتی ئەگەر یەکی ناشارەزا دیبامی دەیگوت رەنگ بێ شمشاڵی لێ بدا .

بەڕاستی هەستم دەکرد کە ئەو قامکانەی من زیادین . دەبێ فڕێیان دەم. یەکێک بێ و بیانبڕێ. هاوکارەکەم بەرامبەر بە من دانیشتبوو خانەخوێش لە تەنیشتم . هاوکاری بەرێز سەمای دەکرد و ئیشارەی بۆ دەکردم هەتا راست بمەوە و قسان بکەم .

لەو دەمە دا شەربەتیان بۆ هێنا ین . کیژۆڵەیەکی رەزا سووکێ کەشەفێکی شەربەت پێ بوو .بەخێرهاتنی کردین و هەر یەکە لیوانێکی شەربەتی سوور لە پێش دانا ین. لەگەڕانەوەدا کە بۆ هەموانی دانا بۆ بەدبەختی لاقی لەسەر لاقم دانا . هاتم هەرچەندی لەتوانام دایە هاوار کەم .وام لێهاتبوو لە حەیفان بگریم . جا وەرە پیاوێکی ئاوا لەبەر تەنگی کەوش بگری

خوشکە شەربەت بە پێکەنینەوە فەرمووی :

ـ ببوورە

هەرچی کردم و لە خۆم نووسام نەمتوانی وڵامی بدەمەوە ئەگەر بە دوو کەسانیش لالغاوەیان کێشابام نەمدەتوانی پێ بکەنم و تەنانەت بزەیەکی بە تۆبزیشم بۆ نەخرا سەر لێو .

دیسان باش بوو تۆزێک سوکناییم لە دڵی گەڕا بەڵام ڕەنگ بێ نەزانن چ دەردێکم چێشت. دەتگوت بە گازی قامکەکانم ڕێک دەکوشن هاوکاریش جار نا جارێک چەپ و چیڕ دەبوو گەرووی ساف دەکرد و بە چاو و برۆ ئیشارەی دەکردم و لێوی هەڵدە چۆقاند. سەری لێ با دەدام بەڵام " وشتر لە خەیاڵێکی و وشترەوان لە خەیاڵێکی" ئاخر من ئەوە بەو دەردەوە گرفتارم کابراش چاوی لە زارمان بڕیوە کە کەنگێ فەرمایشی نازەنینی ئێمە لە زارمان دێتە دەر. دوای هێندێک فەراغ تێ- کردنەوە هاوکارەکەم بۆ خۆی وەقسە هات و خوازبێنی کرد. کابرا چاوێکی لەمن کرد و گوتی:

- با بیری لێ بکەمەوە چەند ڕۆژی دی بۆ خۆم پێتان ڕادەگەیەنم.

ئیدی جێگای ڕاوەستان نەبوو هەناسەیەکم هەڵکێشا و هەستامە حەوا. وەدەرکەوتین لەبەر پلیکانان لە دیوی دەرێ هاوکارەکەم دەستی بە ناز و گلەیی کرد و لەبەر خاتری ئەوە کە ئەرکی خۆم بەجێ نەهێنا بوو لێم زیز بوو و هیندەی نەمابوو هەر لەوێ کەوش و لیباسەکەم لێ بستێنێتەوە و بە ڕووتی هەڵوەدای خەیابانانم کا. بەڵام نازانم چۆن بوو ڕۆژێ ڕا لێم تۆرا بوو. سەری داخست و ڕۆیی.

"خودایە بەکەوشەوە ناتوانم بڕۆم. بە پێخواسیش کە بڕۆم ئابرووم دەچێ ئەدی چارە چیە؟"

بە هەز جیرە بابەیەک بوو هاتمە سەر شەقام و سواری تاکسی بووم. هەر کە گەیشتمەوە ماڵێ. ئۆخژنم کەوتە دڵی. کەوشەکانم چاو پێکەوت ئەو کەوشانەی پێیان ڕازی نەبووم. ئەو کەوشانەی سەرەڕای ئەوە کە زۆر گەورە بوون دوو ڕەنگیشیان دەنواند. سەرپەنجە و پاش پانێیان سپی ببۆوە و ئەم لا و ئەولاشیان ڕەش بوو. ئەگەر ئەو کەوشانەم دیت هێندەی نەمابوو لەسەر تەپڵی سەرمیان دانێم و ماچیان کەم ... دە ڕۆژ ڕابرد. من هەروەها ئەو سەرقامکانەم ببوون بە بلۆق، هەددانیان لێ هەڵگرتبووم. لەم ماوەدا هەر بیرم لەم خوازبێنی یە دەکردەوە کە چۆن دەبێ سەربگرێ و ئەو دۆستەم بۆ وای لە من کرد.

لە ئیدارە دەستم بۆ کار نەدەچوو. لە پشت میزەکەم دادەنیشتم و چاوم لە بلۆقەکانی لاقم دەبڕی. نەمدەوێرا گۆرەویش لە پێ کەم ئیدی ئەو هاوکارەم سەری لێ نەدەدام و لەوێ

هەروا لەو فکر و خەیاڵەدا بووم کە لە دەرگایان دا. فەرموویەکم گوت و دەرگا کرایەوە و کابرای گۆڕین وەژوور کەوت. دوای هێندێک تۆ خۆش من خۆش و دانیشتن چایەکم لە پێش دانا، حەساوە پاڵی داوە، فەرمووی:

- کاکە من چاکم بیر لێ کردۆتەوە. ئەوێ ڕۆژێ لە ماڵی ئێمە بەڕاستی ئەو پەڕی شەرم و حەیات نواند. ماڵتە نەمدیوە پیاو لەو دەور و زەمانەدا ئەوەندە بەحەیا بێ. کوڕە لە شەرمان سەرت هەڵنەدێنا. تەنانەت قسەیەکت نەکرد هەمووگیانت ئارەقە بوو. لێوت دەکرۆشت من هاتووم هەتا پێت بڵێم کچەکەمت دەدەمێ.

- یا دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە !! یا هەموو چاک و پیری دنیایە !! خودایە ئەو کەوشە تەنگانە چیان لێ کردم. خۆ هەر لە لایەک بەڵا نەبوون چەند بەڵایان تووش کردم. دۆستێکیان لە دەس دام. لاق و لەتەریان هەموو بریندار کردم. ئەو جار بەتەما بوو ژن و منداڵەکەشم لێ بکاتە دوژمن.

تۆ لە باتی من بای چت دەکرد؟!!!

لەگەڵ شیعری

ئەمشەو جێژوان سەرەولێژە

فەتاحی فەرهەنگ

نیوە شەوە و ...
شەو نخوونیم ئێشکگری باڵی خەوە
تارماییەک بەبەرچاوما دێت و دەچێ
کێیە ، بەم تاریکە شەوە ؟
سەرە تاتکێم لەگەڵ دەکا ؟
کێیە، بەم ناوەختە شەوە
ژینی تەنیایی و خەڵوەتیم لێ تاڵ دەکا ؟
ئاخۆ کێ بێ ؟
لە کاروانی چراخانی شەو جێمابێ !
کێ بێ بە دوای
بزەی دزراوی تارا بێ !
بۆ نازانێ شەوە و لە ترسی شەوارە
دەرگای دڵم داخستووە !

* * * * * *

لەو دیو دیواری بێدەنگی،
غەڵبە غەڵبێک ...
دێتە بەر گوێم ،
دەڵێی سوارێک وا لە گەرووی تاریکی دا
دەرباز دەبێ و تاو دەدا بۆم .
ئای لەم شەوە،
ئای لەم شەوە،چەند درێژە !

* * * * * *

نیگاکانم ،
لەسەر تووڵە باریکی رێت ،
ئێشکگرن ،
شەو نخوونی بۆ شەوڕاوی تۆوە دەکەم .
بۆچی نایەی ؟
چاوەڕوانتم زۆر لەمێژە ،
ئەگەر هاتی ،
وریای خۆت بە ،
ئەمشەو جێژوان سەرەولێژە .

* * * * * *

لە چاوی بەد بەدوور بن ،خوا دەوا میان بدا و دەستیان بە عومریەوە بگرێ لاوانی کورد ئەوەندەیان شیعر و چیرۆک و پەخشان بۆ ناردووین کە شەرمەزاریان کردووینەوە . چونکە لاپەڕەکانی سروە هەڵیان ناگرێ ، بڕیارمان دا کە نامیلکەیەک بە ناوی " هونەری لاوانی کورد " بڵاو بکەینەوە ،بۆیە داوا لە هەموو لاوێکی هونەرمەند دەکەین کە شوێنەوارەکانی خۆیان (شیعر ، چیرۆک ، نەققاشی ، و وێنەی جوان)مان بۆ بنێرن . دەبێ ناو و نیشانی خۆیان بە تەواوی بنووسن ، جا ئەگەر پێیان خۆش بێ نازناوێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن ، ئێمە شوێنەوارەکانیان بەو ناوەوە بڵاو دەکەینەوە . چاوەڕوانی چالاکی پتری ئێوەین .

بیری کاڵ

«ئارام»

باڵندەکە زۆر مناڵ بوو
بیری کاڵ بوو
گوتیان مەڕۆ
ئەمڕۆ مەڕۆ
داوی باشوو تەشقی ئاسمانی تەنیوە
پێ دەکەنێ
تۆشی دیوە.
بە نەزانی
خۆ داوێیە بەر چنگاڵی
گوێی نەدانێ و فرکەی باڵی
ئەوەندەی دی فریوەی دا بیری کاڵی .

شاعیرانی لاو

بریانە دڵ

ئەحمەدی مەولانی

ناپرسی ئازیزم لەمن بۆ وا بە دەرد و ژانە دڵ
بۆ بێ قەرار و تاقەتە،بۆ بێ سەر و سامانە دڵ

تیری موژەت پێکاویە جەرگ و هەناوم،گیانەکەم
باوەڕ ئەگەر ناکەی بەمن جارێ وەرە بڕوانە دڵ

ڕەنج و پەژارەت کوشتمی،غەرقم لەناو دەریای غەمت
بیماری دەردی عیشقی تۆم ، بێمەڵحەم و دەرمانە دڵ

بێچارە و هیوا بڕاو ،دێوانەیە بۆ زولفی خاو
دیلی دەسی دوومەستە چاو، دنیای لەلا زیندانە دڵ

گریانە کاری ڕۆژ و شەو ،قەت ناسرەوێ یەک لەحزە ئەو
وەک تفلێ ساوا دوورە خەو، کاری گڕووگریانە دڵ

ئاخر بەسە جەور و جەفا ، کاسەی سەبر پڕ بوو ڕژا
بۆ خۆشەویستی و مەیلەکەت وا چاوەڕێی ئیحسانە دڵ

تاکەی بکەم شین و گرین ،شێواو و غەمبار و حەزین
سووتاندمی ئاوری ئەوین ، تۆخوا بەسە بریانە دڵ

داماو و مات و ڕەنجەڕۆ،تاکەی بکەم من شین و ڕۆ
هاوار لەدەست بێدادی تۆ، مەنعی مەکە میوانە دل

سیلەی نیگای چاوی ڕەشت وا شێت و شەیدای کردووم
مەجنوونی لەیلی مەیلی تۆم ئاوارە و وەیلانە دڵ

"ئەحمەد"غەم و گریان وشین،ناکا دەوای دەردی ئەوین
بۆ وەسڵی یاری نازەنین،چارەی دەس و دامانە دڵ

تاسەی ئازادی

«جەعفەری خاوشی»

دنیا جێگەی ژیانە
جێی ژیانی ئینسانە

ئینسان لەهەر ڕەنگێ بێ
سپی و ڕەش ، ئی هەموانە

بەڵام ڕەشی بەستەزمان
کە لە ڕەنگی شەوانە

بەختی ڕەشە وەک لەشی
دیلە ، بێ جێگاو بانە

ناڵەیان لە ژێر قەمچی
دێ پڕ بەم ئاسمانە

دەڵێن بە دەنگی بەرز
ڕۆژی ئازادیمانە

بەڵام ناچێتە گوێ یان
ئەو سپی یە دڵ ڕەشانە

هەر دەیان چەوسیننەوە
بێ بەزەن ئەو ڕێویانە

خودایە کەی دەفەوتێ
زوڵمی ئەو زۆر دارانە

ئازاد و سەربەخۆ بین
لەم دنیا بەرز و پانە

دنیا جێگەی ژیانە
جێی ژیانی ئینسانە

ئینسان لە هەر ڕەنگێ بێ
سپی و ڕەش ، ئی هەموانە

بێ سەروشوێن

هاوار



چوار رۆژ بەسەرون بوونی "سامڕەند"دا رادەبرد . هیچ شوێنێک نەمابوو کەلێی نەگەڕێن . کەس نەیدەزانی بۆ کوێ چووە و چی بەسەر هاتووە ؟ منیش زۆرم پەرۆش بوو . شەو و رۆژ ، بێوچان بیرم لێ دەکردەوە تاکوو ئەمڕۆ نامەیەکم پێ گەیشت و شکێکی هەمبوو وەراست گەڕا.

من لە زەمانی منداڵییەوە سامڕەندم دەناسی دەتوانم بڵێم هاوڕێی یەکتر بووین . هەر لە منداڵی یەرە کوڕێکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ بوو. لە فێرگە و لە ماڵێ هەتا دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوت قەڵەم و کاغەزێکی دەست دەدایە و لە سووچێکی خەریکی وێنەکێشان دەبوو .لەوکاتەوە دیار بوو لە وێنەکێشاندا دەبێتە بلیمەت . باوکی کە بە زەحمەت دەیتوانی بخوێنی و بنووسێ بە ئاواتەوە بوو سامڕەند ببێتە مەلا. بەوهۆیەوە زۆر جاران لەسەر وێنەکێشان بێبەزەییانە لەگەڵی بەشەڕ دەهات و لێی دەدا و وێنە ـ کانی لێ دەدڕاند . پێی وابوو جارجارە بیراز نەکرێ ناخوێنێ و نابێ بە ئینسان .

سامڕەند بە لێدان وکوتانی باوکی راهاتبوو و حازر نەبوو دەست لە وێنەکێشان هەڵگرێ . خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد و بە پێچەوانەی ویستی باوکی نەچوو بۆ حوجرەی فەقێیان و خوێندنی ناوەندی دەست پێ کرد . تا گەورەتر دەبوو لە وێنەکێشاندا کارامەتر دەبوو . کچان بۆ کێشانی وێنە لەسەر دەسرە، بۆ چنین، دەچوونە لای .وردە وردە ناو ـ بانگی هونەروەری دەنگی دایەوە .پێکەوە لە پۆلی چوارەمی ناوەندی دەمانخوێند کە رۆژێک لە دوورەوە بە بزەوە بۆلام هات. رەنگی سوور هەڵگەڕابوو .کە نزیکم بووە گوتم :

ـ چیە ئەمڕۆ زۆر بەکەیفی .

بێ سەروشوێن

بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە:
ـ با بڕۆین بۆت دەگێڕمەوە.
ڕێگای بەستێنی چۆممان گرتەبەر. کە لە شار وەدەر کەوتین گوتی:
ـ دەزانی چیە؟ ئەمڕۆ چاوم بە یەکێکی کەوتووە کە شێتی کردووم. تێی نەگەیشتم مەبەستی چیە گوتم:
ـ نازانم دەڵێی چی؟
ـ ئەمڕۆ بەیانی کچێک داوای لێ کردم وێنەی بۆ لەسەر دەسرۆکەیەک بکێشمەوە. ئاخ. خۆزگە دەتدی و دەتزانی چ فریشتەیەکە؟ڕوانینی، بزەی دوانی شێتیان کردووم.
ـ کێ بوو؟
ـ تۆش دەیناسی؛ "ڕۆژین"
ـ ڕۆژین؟
ـ بەڵێ ڕۆژین هەر ئەوکچەی کە سەدان لاو بە ئاواتەوەن جارێکی نیو نیگایەکیان لێ بکا..
ـ دەی؟
ـ دەی چی؟ تۆ بای چت دەکرد؟ دەسرۆکەکەم لێ وەرگرت و بەڵێنیم پێ دا وێنەیەکی جوانی بۆ بکێشمەوە.

بەو جۆرە سامڕەند لەگەڵ ڕۆژین ئاشنا بوو. ئەو ئاشنایی‌یە وردە وردە بووبە ئەوینێکی ئاگرینی‌گیان و لەش‌تاوێن. ئەگەر ڕۆژێ جارێک یەکتریان نەدیبایە ئۆقرەیان لێ هەڵدەگیرا.

بەڵام قانوونی تەبیعەتە کە هەر بەهارێک پاییزێکی بە دواوە بێ، بەهاری ئەوینی ئەوانیش دوای دوو ساڵ، کەوتە بەر هێرشی گژەبای جودایی و نەهاتی.

باوکی ڕۆژین بە زۆر کچەکەی لە برازای خۆی مارە کرد و ئەوەی گوێ یان نەدایە هاوار و گریانی ڕۆژین بوو. لە ژیانی کوردەواریدا، ئاوێکە ڕژاوە،کچ هەقی دیاری کردنی چارەنووس و هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوبەشی ژیانی خۆی نیە.

لەو ڕۆژەوە ژیانی سامڕەند گۆڕا. لە هەموو کەس دووری دەکرد. لە سووچێکیهۆدەکەیدا خۆی زیندانی کرد بوو وکەمتر وەدەر دەکەوت. وێنەکانی ئیدی دیمەنی جوان و زیندوویان تێدا بەدی نەدەکرا. خەمیان لێ دەباری. لە جیاتی کەروێشکەی گەنم و جۆگەلاڕێزان بوو. دیمەنی خەم تارێنی مێرگ و بژوێن جێگەی خۆی دابوو بە شارێکی چۆلی تۆز لەسەر نیشتووی خاپوور.. بولبولی ئاشقی سوورە گوڵان ببوو بە کوندەبووی سەر دیوارە رووخاوی لای زەردەپەر. کانیاوی سارد و روون، وشک ببوو. شادی و هیوا لە تابلۆکانیدا نەمابووو خەم و ناهومێدی بەسەریاندا زاڵ ببوو..

دایک وباوکی کە دەیانزانی دەردی چیە بۆ ئەوەی کە گوڵچانی پیریان لە دەست نەچێ دوای وت و وێژێک هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە چارەی دەردی سامڕەند ئەمەیە کە ژنێکی بۆ بێنن. پێشنیاریان پێ کرد کە "هەمین"ی کچی مامی لێ مارە کەن. دایک و باوکی چەند ڕۆژێک باسی هەمینیان بۆ کرد و زۆری لەسەر ڕۆیشتن کە دیتیان سامڕەند مل نادا و رازی نابێ باوکی پێی گوت:
ـ ئەگەر کوڕی ئێمەی دەبێ کچی مامت بێنی دەنا، نە تۆ کوڕی ئێمەی نە ئێمە دایک و باوکی تۆین.

سامڕەند بۆ ئەوەی دڵی دایک و باوکی نەشکێنێ زۆر بە نابەدڵی گوتی:
ـ ئێستا کە وایە بۆ خۆتان دەزانن.

زۆر زوو هەمین لە سامڕەند مارە کرا و خێرا گوێزراوە. جار جارە لێم دەپرسی یەوە.

بێ سەروشوێن

سامرەند ئەو سامرەندی چەلان نەبوو. پەیکەرەی خەم و پەژارە بوو . زۆری هەوڵ دەدا کە خۆی لەگەڵ ئەم ژیانەی بەسەری داسەپا بوو رێک بخا بەڵام نەیدەتوانی .من زۆرم پەرۆش بوو کەچی چم لە دەست نەدەهات .

دوو ساڵ لەو ژیانە پڕ لە ژانە رادەبرد کە چوار رۆژ لەمەوبەر ، بوو بە قاو کە سامرەند ون بووە .منیش وەک دایک و باوک و کەس و کاری هیچ شوێنێک نەمابوو کەلێی نەگەرێم بەڵام بە داخەوە هەروا بێ سەر و شوێن بوو ،تا ئەمرۆ کە ئەم نامەیەم بە دەست گەیشت . زانیم نامەی سامرەندە بەپەلە کردمەوە و خێرا دەستم بە خوێندنەوەی کرد . نووسیبووی :

" هاورێی خۆشەویستم !

لێم ببوورە کە بێ ماڵ ئاوایی تۆم بە جێ هێشت.هۆی ئەو کارەش ئەمە بوو کە دەمزانی ئەگەر پێت بڵێم دەرۆم و نایەمەوە ، دەرۆم و وەدوای چارەنووسم دەکەوم بەرگریم لێ دەکەی بۆیە بێ خەبەر رۆیشتم .

نازانم رۆیینی منت بەلاوە سەیرە یا نا ؟ دیارە تۆ تاقە هاورێی ژیانمی بەڵام شارەزای دەردەکانم نی . دوای لە دەست چوونی رۆژین ــ کە تا دەمرم لە بیری ناکەم ــ شادی و خۆشی لە ژیانمدا نەما. کەوتمە گێژاوی خەم وجەخارەوە. تازە دەهاتم ئۆگری ژیانی تازەم بم کە دایک و باوکم ناچاریان کردم لەگەڵ هەمینی کچی مامم کە هیچ دڵم بۆی نەدەچوو رابوێرم . هەرچەند دەمزانی بەیەکەوە بەختەوەر نابین دڵم نەشکاندن تازە دوو رۆژ بوو کە هەمینم گوێستبۆوە بۆ ئەوەی کە بە ژیانی دوا رۆژمان دڵگەرم بێ یەکێک لە جوانترین تابڵۆکانم کە دەیان شەو و رۆژ کارم لەسەر کردبوو ، دایە و گوتم :

ــ هەمین گیان! ئەم تابڵۆیە پێشکەشە بە تۆ .

زۆر بە ساردی لێی وەرگرتم . بێ سپاس کردن گوتی :

ــ چی لێ بکەم ؟ !

ــ ئەمە جوانترین تابڵۆیە کە کێشاومە . بە تۆی پێشکەش دەکەم . تابڵۆکەی بەبێ وازی لەسەر تاقە دانا و گوتی :

ــ جا من بۆ چیمە ...؟!

دەتگوت دنیایان بەسەرمدا وێران کرد . سەرم سوورمابوو ئینسانیش ئەوەندە بێ زەوق و بێ هەست و تێ نەگەیشتوو دەبێ ؟ وەرووی خۆم نەهێنا و گوتم :قەیدی نیە وردە وردە هونەری پێ دەناسێنم . دەیهێنمە سەر رێگا . کەچی بەداخەوە لە دوو ساڵی رابردوو دا هەرچی باسی هونەرم بۆ دەکرد هەر تەقەی لەسەری دەهات و بەبێوازییەوە قسەکەی دەگۆری .زۆر لێک دوور بووین. گڵی من بە ئاوی هونەر گیرابۆوە .هەموو شتێکی جوانم خۆش دەویست . موسیقای دڵنشین مەستی دەکردم .پارچە شیعرێکی جوان دەیبردمە دنیای خەیاڵەوە. بەڵام هەمین .... هەر پێی خۆش بوو دانیشێ مستێک تۆو گوڵە بەرۆژە لە پێش خۆی هەڵرێژێ و غەیبەتی خەڵکی بکا کە فلانە ژن وای گوت ..فیسارە ژن وای کرد. . کاتێک تۆو گوڵە بەرۆژەش تەواو دەبوو زارجوو بنێشتێکی لە زاری دەنا و ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نەبوو . ناچار بووم دەست لەهونەرەکەم بشۆم .رەنگە بزانێ ئەوە بۆ من چ دەردێکی گەورە و گرانە. دوو حەوتوو لەمەوبەر پێی چەقاند و گوتی :

ــ دەچمە ماڵە باوکم .


ساز بووین و بەرەو ماڵە باوکی کە لە شاری " س"ە وەرێ کەوتین . لە رێگا دا دیمەنی چیا و مێرگ و بژوێن و بە تێرامانی سۆڵاو و چۆم و ئەستێر ، بەراستی خەم رەوێن بوو . خۆم پێ رانەگیرا گوتم :

ــ بڕوانە ئەو دیمەنانە چەند جوان و دلرفێنن ..

لووتی هەڵقرچاند و گوتی:

ل ٨٣

هونەروهونەرمەندانی کوردستان



وێنەگەرێکی ڕەنگ مەزنی کورد بناسین

من سەبک ناناسم . لە تەبیعەتی جوانی نیشتمانەکەم ئیلهام وەردەگرم .


هاوینە ! دار و دەوەن لەبەر تین و تەوژمی بێ ئامانی خۆر وەزاڵە هاتووە . توونیمە ! دەمەوێ دەراوێکی روون پەیدا کەم و هێندێک لێی بحەسێمەوە ،

نازانم چۆنە کە لە خۆڕا وەبیری بەهارێ کەوتوومەوە . بەهارێکی خۆش و سەرسەوز . دیلان و گۆوەند دەبینم . راو و شکار دەبینم . بڵێی بۆ راست لەم کاتەدا ئەوەم وەبیرم هاتۆتەوە ؟

وەبیرم هاتەوە . لە سەقزم لە سەقزی خنجیلانە . سەرەڕای ئەوە کە لەم شارە لە دایک نەبووم بەڵام هەست بە نامۆیی ناکەم . مامۆستایەک هەیە تاڵ و سوێری زۆر چێشتووە . تەمەنێکی رابواردووە . دەستەکانی ئاسەواری پیری یان لێ بەدی دەکرێ . هەر ئەو دەستانەی یاریدەی خۆڕسکیان داوە و یارمەتی یان لێ وەرگرتووە .

بەڵێ نەققاشە .ماڵەکەی چوار فەسڵە . لە لایەک زستانە و راوی سەر بەفر . لایەکی دی بەهارێکی پێدەشتی کوردەوارییە لە لایەک زەماوەندە و بووک دەگوێزنەوە . هێدی و لەسەرەخۆ لاقی هاویشتۆتە سەر لاقی و تێ یان راماوە . دەچمە پێشتر ! سڵاوی لێدەکەم . وەک چاوەڕوان نەبێ وایە . لێم دەروانێ . وەڵامم دەداتەوە . بەڵام من ئەوانەم ناوێ . دەمەوێ بیناسێنم . هێندیک دەنگم بەرزتر دەکەمەوە . وادیارە حاڵی نەبووە . بۆیە هەر سەری رادەوەشێنێ . سەر لە نوێ دووپاتی دەکەمەوە . مامۆستا گیان ، تکایە روونتر خۆت بناسێنە .

ـ من (فیض الله) ناهیدم .
زۆر بە ساکاری وەک هیچ کارێکی نەکردبێ وایە . ئاهەنگی نزم و بەرزی کەلامی وام بەسەر دێنی کە هەموو لەش بکەم بە گوێ . لە هەناسەکەم تووڕەم کە بەر هەڵستی بیستنی دەنگە . هەناسەیەک هەڵدەکێشی و ئەمجار دیسان مات و بێدەنگ چاو لە پەنجەرە



دەبڕێ ، پێم خۆشە وەقسەی بێنم . هەستی پیرانەی بجوولێنم . لێی دەپرسم :

ـ تەمەنت چەندە؟ چ ماوەیەکە خەریکی هونەری نەقاشی ؟

ـ تەمەنم هەشتا و پێنج ساڵە .نزیک بە شەست ساڵە نەقاشی دەکەم .شەست جار وەرزە جۆربەجۆرەکانم دیوە ئەزموونی من ئەوانەن .

دەستی بۆ تابلۆکان راداشت. جارێ نەمدەتوانی چاوی لەسەر هەڵ بگرم . پێم خۆشە قسان بکا ،دەیدوێنم . پاش وەی هێندێک لە تابلۆکان راماگوتی:

ـ من هەر بۆخوم فێر بووم مامۆستایەکم نەبوو دەستم بگرێ.هەرچی دەیزانم لە هەست و گوڕ و زەوقی خۆمەوە.

ـ مامۆستا چ ڕێبازێکت لە نەقاشیدا گرتۆتە بەر؟

ـ من نازانم مەبەست چیە؟ ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە چ سەبکێکم گرتۆتە بەر دەبێ بڵێم من سەبک نا ناسم. لە تەبیعەتی جوانی نیشتمانەکەم ئیلهام وەردەگرم

هەناسەیەکی هەڵکێشا ئەمجار سەری بەرز کردەوە .

ـ ئەودەم کە هەڕەتم بوو بە دۆڵ و شاخی کوردستاندا دەگەڕام .چاوەکانم وەک ئێستا پرووش و بێ سۆ نەبوون . هەنگاوەکانم پتەو بوو . قەت شل نەدەبووم ، نەدەوەستام ، وەختی خۆی راویشم دەکرد . ئەمانە هەمووی دەستیان دابوو بە یەکتا ئەم هەستەم پاراو کەن و بتوانم ئەوەی دەیبینم بیکێشمەوە .سەرەڕای ئەوەش من بۆ خۆم جووتێرم چاو لێکە تابلۆکانم هەموو بۆن و بەرامە و چێژی لادێیان هەیە .

ـ ئێستاش هەر وەرزێرن ؟ مەبەستم ئەوەیە کە بە کشت و کاڵ بەرێ دەچن؟ چاوێکم لێدەکا . هێندیک دەروانێتە قەڵەم و دەفتەرەکەم دوایە دەڵێ :

ـ من وەرزێر بووم .بەڵێ زەمانێک بەوە بەرێ دەچووم بە پێچەوانەی هێندێکان قەتم نەویستووە هونەر لەگەڵ




گەوهەر بگۆڕمەوە. ئێستا ماوەیەکە دەرسی نەقاشی بە منداڵان دەڵێم. مانگێ ۱۷۰۰ تمەنیشم پووڵ دەدەنێ. خودا بیانپارێزی لەگەڵ هەموو کوڕەباشەکان، بەڕاستی ئەگەر کوڕەکانم بە هانامەوە نەیەن بە خۆم و شەش کەسەوە ناتوانم رایبوێرم.

ماموستا هیوادارم بە ساخی و خۆشی بژی. پرسیارێکم ماوە ئەویش ئەوەیە کە تابلۆکانت خەیاڵین یا راستە و خۆ لە تەبیعەتت وەرگرتوون؟

- رۆڵە زەمانێک بوو پێم گوڕی بوو، چاوم سۆمایی بوو، دەستم هێزی بوو، ئەودەم تابلۆکانم بۆنی راستیان لێدەهات. چون بەرەو ئێلاخ و کوێستان و چرو زەبەند و هەڵدێر و رژدان دەچووم و وێنەم لێ هەڵدەگرتەوە بەڵام ئێستا سەردەمی ئاویلکەمە و تابلۆکانم تۆز و گەردی خەیاڵیان لێ نیشتووە.

- پێت خۆشە بەرەو ئاوایی بڕۆیەوە؟

- جا چۆن پێم خۆش نیە. من بە ئاو و هەوای کوێستان گووراوم. ژیانم لە دێیە. زەوی و زارەکەشم هەر لەوێیە




زانیم ماندوو بووە. زۆرم وەڕەز کردووە. دەمویست قسەیەکی دیکەی لێ بپرسم و دوایە ماڵ ئاوایی لێ بخوازم. هەر بۆیە:

- ماموستا چ پەیامێکتان بۆ هونەرمەندان بە تایبەت هومەرمەندانی کوردستان هەیە؟


- **هونەرمەندی بەڕاستی ئەو کەسەیە بەرچاو تەنگ نەبێ. بەرهەمی کاری خۆی بنێرێتە بەر نەزەری خەڵک. ئەوەی دەیزانێ فێری خەڵکیشی بکا.**

دیتم. زۆر جوان ناسیم. لەگەڵی ئاشنا بووم. بەڵام ئێستاش هەرکاسم وڵامی زۆر پرسیاری دیکەم ماوە کە لەبەر پیری و بێتاقەتی ماموستا هەڵیان دەگرم بۆ سەفەرێکی دیکە. ئەگەر رێگام لەم لایە کەوت بە خزمەتی دەگەمەوە.



خەرمان پێوان

مەحموودی شکاک نژاد



مانگی خەرمانان بۆ جووتێری کورد ،مانگی بەرەکەت و رەحمەتە وەک لە نێوەکەی دەردەکەوێ مانگی هەڵگرتنی حاسڵات و خەلە و خەرمان و کۆکردنەوەی دەسڕەنجی چەند مانگی بەهار و هاوین و خۆ ئامادە کردن بۆ پایزە.مانگی کێڵ و داخستنی زمهەڕی زستانێیە . مانگی خەرمانان لە کوردستاند شاهیدی هەڵدرانەوەی بە دەیان هەزار کۆگای سپی و زەرد و قاوەیی بە نێوی خەرمانە، لە لایەک سوور شەقڵ کراوە و لە لایەک کای سپی چاوەڕوانی رەشکە و چەتانە.هەتا بخزێتە نێو کادێنان و تفاقی مەڕ و ماڵاتی لە زستاندا دابین بکرێ ، لە لایەک کوێزرە و چاوەڕوانی کەو و باڵەکەوە، کاری خودایە و زۆریش جوانە.

بەڵام ئەو سوورەی شەقڵ کراوە خۆی وەبیر هێنەرەوەی ژیانێکی درێژ خایەن و لە مێژینەی کوردی چەوساوەی حەق خوراوە، لە درێژایی مێژووی پڕ لە کارەساتیدا، دەنک دەنکی ئەو گەنمە سوورە جوانە جاچ گەنمە مەلابێ چ پەڕشی و گوڵ رووت ، سمەوەج بێ یا سەرداری ، بە هارووبێ یا پایزە یا گەنمە شووشە بەسەرهاتێکی هەیە، کە دەگەڕێتەوە سەر دەیان و سەدان و هەزاران ساڵ وەک نەقڵی نەنک و باپیران لە بن کورسی زستاناندا گەرمی بەخشی ژیانی پڕ لە کڵۆڵیمانە، ئەو ژیانەی کە سەردەمێک مانگ و رۆژمان دەپەرست ،یا ئاورمان هەڵدە کرد و بازبازدێنمان لەسەر دەکرد و یا ئاورگەمان ساڵ دوازدەی مانگێ دایسا. یا ئەو رۆژگارەی خۆرەتاوی ئیسلامی

محەممەدی گزینگی هاوێشتە سەر چیای ژیانمان .


ئەو دەمەی کە شوان بووین و گاوانیمان دەکرد ، ئەو چەرخەی کە گاوجووتمان وەپێش خۆ دا و زەویمان کێڵا یا ئەو



ڕۆژەی کە بە کزی و ماتی و چاوی بە مۆلەق وەستاو و بە دەستی بەتاڵ ڕوانیمانە سەر دونیای هاژاوی پێشکەوتووی سەنعەتی و لەباتی حەسانەوە لەبەر بەروبووی لە نێو ڕەشە دووکەڵەکەیدا خنکاین .

دەنک دەنکی ئەو گەنمە جوانە بێپسانەوە حیکایەتمان بۆ دەکەن ، حیکایەتی سەیر سەیر نەک هەر مەڕۆکە و بزنۆکە یا قالۆنچەی پیوازی و دێوی سپی و ڕەش ،بەڵکوو حیکایەتی ئەو سەودایانەی لەسەریان کردین جاچ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوادا ،چ لە چەپ و چ لە ڕاست، لە هەموو لایەک و لە هەموو شوێنێک ، ڕۆژێک ڕووس هات ، ڕۆژێک ئەلمان ، ڕۆژێک ئینگلیس هات و دوێنێ ئەمریکا ،"ئای لەوێ زوڵمێ لەوێ غەدرێ" .ڕۆژێک لە بەرگی پیاو چاکاندا بۆمان مووراقیب بوونەوە ڕۆژێکی تاڵ و تفت و پڕ لە بۆکەن کردیانینە ڕەعیەتی ئاغای، ئەو گەنمە جوانە ، دەنک دەنکی ئەو گەنمە جوانە حیکایەتمان بۆ دەکەن، حیکایەتی مەڕانە و سوورانە و سەرانە و مریشکانە و تەپاڵانە و کەمرانە و دەیانی دیکە، دە و دوومان قەت لە بیر ناچێتەوە و برینی چڵک کردووی بێگاری ڕەنگەبەو زوانە لەسەر شانمان پاک نەبێتەوە ،.

بەڵام ڕاوەستاین ، پێمان چەقاند و ویستمان لەسەر مانەوە بوو، بەردی تیژ ڕاستە سەر و گوێلاکی شکاندین بەڵام پشتی نەچەماندینەوە ، زەوی ڕەق و بەیار وبەرەڵانمان زۆر کێڵاو نەوەستاین ، هاڕە هاڕ و گرمە گرمی سەنعەتیش ڕای نەچڵەکاندین ، بەڵام شنە بای فێنکی ئیسلام و قورئان ئارەقەی لەشی بۆ کردینەوە هەڵم و بە قالبێکی سووک خەریکی داڕشتنی بناغەی ژیانی داهاتوومان بووین ،ئەو ژیانەی کە دوایین قۆناغی ڕەشی سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو. ڕاستە لەو دەمیدا هەرچی هەمان بوو ی ئاغای بوو بەڵام خودامان بە ی خۆمان دەزانی و پشت و پەنا هەر ئەو بوو.ئاغا دەهات سووری لێ شەقڵ دەکردین و لەسەر پێوانەکەی ڕادەوەستا بەڵام نێوی خودامان دەگوێی دەسریواند و کیلە بە کیلە ، مست بە مست نێومان دەهێنا. ئەوا لێرەدا لە زمانی چەند جووتێری کوردی خۆماڵی خەلە و خەرمانمان دەپێوین ، لەم نووسراوەدا حەولم داوە هەر چی شاهید و جووتێر کوتوویەتی بینووسمەوە و دەستی تێ وەر نەدەم بۆ ئەوەی پاک و پاڵێو ڕاو و ڕەسەن بێ، باسی خەرمان پێوانم لە زمان دوو کەسەوە نووسیوەتەوە هەتا ئەگەر جیاوازیەک هەبێ لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستاندا هەتا ئەوەندەی بۆم دەگونجێ ڕوونی کەمەوە ،جیاوازیەکەشی بە ڕوونی دەرکەوتووە هەر وەکی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیاندا بۆی دەردەکەوێ .





ویژەر : کاک سەعیدی جەهانگیری

خەڵکی دەرمان ، مەحاڵی ئاختەچی

یەک : خودا یەکە و دوو نیەکەس لەرەنگی ئەو نیە .

دوو : بیکەینە توو بە ئیزنی تووخودایە

سێ : بەرەکەتی ئایەت و حەدیسێ دەو کۆگایە بڕەخسێ .

چوار : بەرەکەتی هەر چوار یاری دەنەبی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی

پێنج : بەرەکەتی هەر پێنج فەرزان گەنم و جۆ ببێ هەرزان .

شەش : بە شەشەکەی حاجیان بە هیممەتی غەزاییان .

حەوت : یا مەلەکەلمەوت، بەرەکەتی حەوت تەبەقەی عەرز و عاسمانێ تێکەوت .

هەشت : قاپیەی بەهەشت نوور لە ئیلاهی بوو بە گەشت یا ئەڵڵا .

نۆ : نۆی نەبی بە زیاد بی بە کەم نەبی ،بە زیادە خێرێ بێ بۆ خاتری محەممەدی نەبی . (١)

دە : دەهەزار سڵاوەت بێ لە پێغەمبەری .

یازدە : یازدە پسەرانی حەزرەتی یاقووب بە غەیری حەزرەتی یوسف .

دوازدە : بەرەکەتی هەر دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایەت تێ کەوی .

زیادە : زیاد دەبی رسقی ئوممەتی دینی ئیسلامێ .

چاردە : چاردە مەخسودێکی پاکە لە خزمەت خودای بێباکە (٢)

پازدە : نیوەی حیسابێ (٣)

شازدە : یا خودای رۆژی دەهندە

حەڤدە : خەبەرێکی خۆش دەدا

هەژدە : کەمبەر بەستی شاهی مەردان

نۆزدە : نوونە ،کافیروونە لە خزمەت خودای مەحزوونە

بیست : یا حەزرەتی شیست یا محەممەدی خۆشەویست .

---

(١)= نۆی نەبی : بە قسەی مامۆستا مەلا رەشیدی قەرەنی زادە رۆژی نۆهەمی مانگی قوربانە و رۆژی عەرەفەیە و رۆژێکی موبارەکە و پێش جێژنی قوربانێیە. رەنگە مەبەست لە نەبی حەزرەتی ئیبراهیم بووبێ .

(٢) مەعسوومیکی پاکە ، لە زمانی عەوام دا بۆتە مەخسوود.

(٣) حیساب کە دەگەیشتە بیست داڵیەیان لێدەدا . یانی سەرکار دارێکی بە دەستەوە بوو کە دەگەیشتە بیست لەلەیەکی لێدادەبڕی وسەر لە نوێ لە یەکەوە حیساب دەکرا . پازدە نیوەی حیسابێ بە بڕوای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کە داڵیە لەسی لێ دەدرا.





وێژەر : کاک قادری ئازەند، خەڵکی سلۆک، ناوچەی مەنگوڕان •

یەک : خودا یەکە و دوو نیە کەس لە ڕەنگی وی نیە .

دوو : خودایە بە ئیزنی توو .

سێ : بەرەکەتی ئایات و حەدیسێ لەو کۆگایە برەخسێ .

چوار : بەرەکەتی هەر چوار یاری نەبی ، ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان وعەلی

پێنج : بەرەکەتی هەرپێنج فەڕزان ، گەنم و جۆی بکەی هەرزان انشاء الله یا ڕەحمان .

شەش : بە شەشەکەی حاجیان بە ئومێدی غەزاییان .

حەوت : یا مەلەکەلمەوت بەرەکەت دەو کۆگایەی کەوت .

هەشت : قاپی بەهەشت نووری ئیلاهی بوو بە گەشت .

نۆ : نۆی نەبی ، بە کەم نەبی بە زیادەی خێرێ بی بە نسیبی

ساحێبت بی .

دە : دەهەزار سڵاوات لە پێغەمبەری

یازدە : یازدە پسەرانی حەزرەتی یەعقووب (یاقوب) بەغەیری یوسف. یا " یازدە پسرانی حەزرەتی یاقوب با یوسف"

دوازدە : یا دوازدە ئیمامانی دەشتی بەغدایە .

زیادە : زیاد بێ دینی محەممەدی دەگەڵ رسقی ئوممەتێ

چاردە : مەقسوودێکی پاکە لەکن خودای بێ باکە .

پازدە : نیوەی حیسابێ

شازدە : دوبارە پازدە .

حەڤدە : کەمبەر بەندی شاهی مەردان یا عەلی

هەژدە : خەبەرێکی خۆش بدە .

نۆزدە : "نون والقلم و ما یسطرون" .

بیست : بیست هەزار سڵاوات لە دیداری پاکی پێغەمبەری .

روون کردنەوە :

• ئەمن بۆخۆم ئەو بژاردنەم لە کاک قادری وەر نەگرتووە بەڵکوو بۆیان نووسیومەوە و بۆیان هێناوم و ئەوکەسەشکە نووسیویەتەوە نازانێ خەتتی کوردی جوان بنووسێ هەر لەبەر ئەوە لە چەند جێگایان ئەو وشانەی پێم هەڵە بوون ، بە پێی بۆ چوونی خۆم و پێوانەکانی دیکە راستم کردوونەوە.

ئێمە و خوێنەر

بۆکان :کاک ئەحمەدی–
مەجدی
✡ پێشنیارە جوانەکانت گەیشت. بە هیوای خودا لە ژمارەکانی داهاتوودا تا ئەو جێگایەی بۆمان بگونجێ لەبەر چاویان دەگرین.

بۆکان :کاک سەید–
رەسوولی سید قادری
✡ لەم هەموو لوتفەت زۆر سپاس دەکەین و هیوادارین هەر وەکی بۆ خۆت نووسیوتە بتوانین خزمەتێکی بەرچاو بە فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەمان بکەین و هەموو لایەک رازی بکەین.

سەقز : کاک عومەری –
فارووقی
✡ نامە و شیعرەکانت گەیشتن. پێشنیارە جوانەکانت لەبەر چاو دەگرین .بە هیوای خودا لە ژمارەکانی داهاتووی سروەشدا لەو شیعرانەت کە لەگەڵ رێبازی سروە یەک بگرنەوە کەلک وەردەگرین. چاوەڕوانی بەرهەمی تازەتری ئێوەین.

کەرەج :کاک فەرهاد–
پیربال
✡ نامەکەت گەیشت.پێشنیارە جوانەکانت وەبەر چاو دەگرین. چاوەروانی بەرهەمی تازەتری ئێوەی ئازیزین.

مهاباد : کاک کەریم–
رەسوولپوور
✡ برای بەرێز بەداخەوە فەرهەنگێکی کوردی – فارسی وامان نیە کە بە ئێوەی بناسێنین. ئەوانەی هەن زوربەیان کەم وکووڕیەکی یەکجار زۆریان هەیە و سەر لە پیاوی دەشێوێنن، بەو هیوایەی زانایانی وڵاتەکەمان لەبیری کارێکی وەها گرینگ و پڕبایەخدا بن.

نقدە : کاک بازید–
رەشیدی
✡ کاکە گیان نووسین و خوێندنەوەی کتێب و نووسراوەی کوردی دەتوانێ یاریدەتان بدا، هیوادارین ئەم گۆوارەش تا رادەیەکی زۆر ئەم گیر و گرفتەی ئێوە چارەسەر بکا. سەرکەوتووبی.

تاران :مامۆستا سەدیقی
بۆرەکەیی
✡ دیاریە بە نرخەکەت گەیشت. ئەم شیعرەی بە ناوی فۆلکلۆر بۆت ناردووین ،هی شاعیرێکی پایەبەرزە بە ناوی میرزا شەفیع. جا کە وابوو شیعرێکی شاعیرەکەی ناسراوبێ ، فۆلکلۆر نیە. بەو هیوایەی مەبەستی جوانترمان بۆ بنێرن.

سنە : کاک محمد صدیق–
زمانەپور
✡ سوپاسی هەستە جوانەکەت دەکەین. پێشنیارەکانت لەبەر چاو دەگرین .هیوادارین خەتی سروەی ژمارە دوو ئێوەی رازی کردبێ.

مەریوان : کاک حسن –
کبری
✡ لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی وەلی دێوانە دەکەین. هیوادارین بتوانین رەزامەندی ئێوە و هەموو خوێنەران پێک بێنین.

مەهاباد: کاک سەید–
ئیسماعیلی عەلیپوور
✡ نامە جوانەکەت گەیشت. هەستی خاوێنی خوێنەرانی وەک تۆ لەم کارە فەرهەنگیەدا زیاتر هانمان دەدا.

بروجرد :کاک فەرهادی –
قازی
✡ دیاریە جوانەکەت گەیشت. بە هیوایین لە ژمارەکانی داهاتوودا کەلکی لێ وەربگرین.

سنە :کاک عەلی شوکری
✡ نامە و شیعرە جوانەکانت گەیشتن .چاوەڕوانی بەرهەمی دیکەین.

سنە : مامۆستا سەید هاشمی هیدایەتی

✡ ئێمەش هیوادارین بتوانین بۆ جوبرانی رابردوو هەرچی زیاتر خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بکەین .جگە لەوەش مەبەستێکی دیکەمان نیە .جیاوازی کاری ئێمە و کۆڕی زانیاری کورد لە عێراق کە ئێستا ناوەکەشی گۆڕاوە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ سەرەڕای رێزدانان بۆ هەموو لەهجەوبن لەهجەکان بۆ پێک هێنانی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی تێبکۆشین ، کە بەداخەوە ئەو هەلە بۆ وان نەدەڕەخسا .

سەقز : کاک مستەفای ـ حوسێن پور

✡ بەداخەوە نەتاننووسیوە ئەم شیعرە هی چ شاعیرێکە و لەبەر خاتری ئەمەکە ناوی بەسەرەوە نەبوو نەمانتوانی کەلکی لی وەربگرین .

کەرەج : کاک شەماڵ ـ جودایی

✡ نامە و شیعرەکەت گەیشت. سپاست دەکەین .بە هاورێی سروەت دەناسین . بەلام شیعرەکەت لە چوارچێوەی سروەدا ناگونجێ.چاوەڕوانی بەرهەمی جوانتری ئێوەین.

مەهاباد :کاک رەحمانی ـ حاجی

✡سپاسی هەستی خاوێنت دەکەین . لە دیارییەکەت کەلک وەردەگرین .

سنە :کاک سالک

✡ شیعرەکەتان کەم هێزە بەلام بە متالای پتر دەتوانن شاعیرێکی باش بن .

بۆکان : کاک عەلی ـ پەناهی

✡ ئەمجار دەتوانی شیعرەکانت بۆ سروە بەرێ بکەی هەتا رێنوێنیت بکەین .پێشنیارەکانیشت زۆر بەجێ بوون و ئەگەر بۆمان بلوێ لە داهاتوودا لەبەر چاوی دەگرین .

خوێنەری بەرێز...نیگار

✡ دیارییە جوانەکەت گەیشت . حەیف!! ناتوانین بلاوی بکەینەوە . چون ناو و نیشانی خۆت نەنووسیوە . لێرەدا جێی خۆیەتی لە تەواوی ئەو خوشک وبرایانەی نامەمان بۆ دەنێرن داوا بکەین کە ناوونیشانی خۆیان بنووسن جا ئەگەر پێیان خۆش نیە ناویان بلاو بێتەوە ئاگادارمان کەن .چون هەر نامەیەکی ناوی نووسەرەکەی تێدا نەبێ چاپ ناکرێ .

✿ لە وەلامی کاک سەدیقی ئەحمەدی و بەشێکی دیکە لە خوێنەرانی سروەدا کە بە ناردنی نامە و سەردان لە دەستەی نووسەرانی سروە رایانگەیاندووە ئێستا کە دەستمان قەلەم ناگرێ ئایا دەتوانین بە ناردنی یارمەتی مالی بەشێک لەم ئەرکە گرینگە فەرهەنگیە بە ئەستۆ بگرین رادەگەیەنین ئێمە هەر لە سەرەتای کارەوە پشتمان بە یارمەتی خودا و هاوکاری زانایان و ئەدەبدۆستانی کورد بەستووە و لە راستیشدا ئەگەر خودای مەزن یارمەتی نەدابان و ئەدەبدۆستانی کورد بە ناردنی نووسراوەی بە کەلک بێ ئەوەی چاوەروانی پاداشێکی ماددی بووبن بە هانامانەوە نەهاتبان نەماندەتوانی کارێکی وا گرینگ وە ئەستۆ بگرین . دیسانیش تەوەککولمان بە خودایە و داوای یاریدە لە ئێوە دەکەین ، بە هەر شێوەیەک بۆتان دەگونجێ بە هانامانەوە بێن وەک هاتوون . پەرەگرتن یا نەگرتنی کارەکەمان بە رادەی یاریدەی مادی و مەعنەوی ئێوە بەستراوەتەوە .سپاسی هەمووتان دەکەین . بەراستی تەنیا بلاوکردنەوەی ئەو نامانەی بۆ هاندانی ئێمە بە دەستمان گەیشتووە بۆ خۆی نیازی بە گۆوار یا کتێبێک هەیە چ دەگا بەو نووسراوانەی بۆیان ناردووین. ئێمە تەنیا بەشێک لە هەر نامەیەکمان بلاو کردوّتەوە ، ئەویش ئەوەندەمان ورد لە چاپ داون کە خوێندنەوەیان زەحمەتە . هێشتا لە بەشێکی زۆرتر چاوپۆشیمان کردووە کە داوای لێبووردنیان لێ دەکەین .

ڕێنوێنی ئەدەبی

بۆکان :کاک مستەفا ـ ئێلخانی زادە

☆ سپاسی ئەو هەستە جوانەت دەکەین . بە بڕوای ئێمە باسێکی باشتان هێناوەتە گۆڕێ بەڵام پێویستی بە موتاڵایەکی بەربڵاوتر هەیە و ئەم باسە لک و پۆپی زۆر لێدەبێتەوە کە دەبێ هەموویان بناسێنین .

شنۆ :کاک مستەفا رەسوولی

☆جێگای خوشحاڵی ئێمەیە کە گۆوارەکەمان هانی داوی دەست بدەیتە قەڵەم و بنووسی. هەرچەند بە قسەی خۆت ئەمە یەکەم جارە شت دەنووسی، بەڵام لەباری ئەدەبی‌یەوە جوان و دڵگر بوو تەنیا رەخنەمان ئەوەیە کە زۆری ناهومێدی تێدا بوو ، بۆ خۆت جێگای هومێدی ئێمەی هیواداریـن نووسراوەکانیشت پڕ لە هیوا و هومێد بن .

بۆکان :کاک محمدامین ـ شامحمدی

☆ئەگەر پتر هەوڵ بدەن و موتالا بکەن شیعرەکانتان زۆر لەمە جوانتر دەبن . شیعر تەنیا وەزن و قافیە نیە ، بەڵکوو نێوەرۆکی جوان لە هەر قالبێک دابێ شەرتی بنەڕەتی شیعرە .

تەورێز : کاک عومەری ـ حیسامی

☆شیعرەکانت بێهێزن. بەڵام هیوای ئەوەمان هەیە کە ئەگەر پتر خۆ ماندوو بکەی بتوانی شیعری بە پێزتر دابنێی و لەو رێگایەوە خزمەت بە گەل و کۆمەڵ بکەی .

سەردەشت : کاک ابراهیم‌ب

☆ نامەکەتمان پێ گەیشت . ئەگەر پتر هەوڵ بدەی دەتوانی شیعری زۆر جوانتر بڵێی.

تاران :کاک کامەران ـ کوێستانی

☆شیعری نوێش نیازی بە ئاهەنگ و مووسیقا هەیە. بەداخەوە شیعرەکانت ئاهەنگیان نیە. ئێمە لەو بڕوایەدایـن لەسەر پەخشان کار بکەی پتر پێش دەکەوی.

تاران : کاک محمد ـ قهوەای

☆ نامە و شیعرەکانت گەیشتن. دەستەی نووسەران لای وایە کە ئێوە هەستی شیعریتان هەیە و دەتوانن بە موتالایەکی بەربڵاوتر شیعری جوانتر بڵێن . بو ئەو کارە دەتوانن دیوانی شاعیرەکان بخوێننەوە

سەقز :کاک عبدا... کریمی

☆ چیرۆکەکەتمان خوێندەوە. وەسفەکانی ناحەز نەبوون بەڵام تو پێت وایە ئەوەی نەتدیوە لەوەی دیتووتە جوانتری دەنووسی.کاکە گیان ئەم چەشنە سووژانە کۆن بوون و تۆ دەتوانی بە روانینێکی ئەدیبانە لە دەور و بەری خۆت سووژەی جوانتر پەیدا بکەی.بەتایبەتی کە واوێ دەچێ لە کار و باری ئاواییدا شارەزاش بی. لە لایەکی دیکەوە شوێنی ژینی قارەمانەکانت یەکتر ناگرنەوە بۆ وەی پتر لەم بارەوە شارەزا بی دەتوانی لەو کتێبانەی کە لەسەر هونەری چیرۆک نووسی نووسراون کەلک وەربگری .

☆ بۆکان : کاک نادری ـ مستەفا زادە

تۆ ئیستیعدادت هەیە، بەڵام وادیارە ناتەوی کەلکی لێ وەربگری. ئێمە بەرەوڕوو رێنوێنیمان کردی ، ئێستاش داوات لێ دەکەین چیرۆکی مندالانەی وامان بۆ بنێرە کە لە زمانی پیرێژن و پیرەپیاوەکانی گوندەکەی خۆت بیستبێ.بە موتالایەکی زیاتری چیرۆکە نووسراوەکان و ئەو کتێبانەی لەسەر ئوسوولی چیرۆک نووسین نووسراون دەتوانی بۆ خۆیشت چیرۆک بنووسی .

پاشماوەی بێ سەر و...

ـ بە زیادم نەکرد .. ئەو ئاو و بەردە کوێی جوانە . ؟ دیسان ددانم بە جەرگی خۆم داگرت و دەنگم نەکرد . دوو حەوتوو لە ماڵە باوکی مایەوە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوتبوو تا وێنەیەکی کە لە مێشکمدا بوو، بکێشمەوە کچە کوردێک کە لە هەوار خەریکی مەشکە ژاندن بوو .. بەڕاستی جوانم کێشابووە . بۆ خۆم لێی ڕازی بووم ژیانی کوردەواری هەمیشە ئیلهام بەخشی ئاسەواری هونەری منە . تابلۆکە تەواوببوو کە هەمین گەڕایەوە . دوای بەخێر هێنان تابلۆکەم پێشان دا و گوتم:

ـ جوانە ؟

لێی وەرگرتم و چەقۆیەکی دەست دایە و یەک و دووی لێ نەکرد و دڕیەدڕی کرد و گوتی:

ـ نۆرەی ئەوەیە وێنەی کچەتیوانم بۆ بکێشی یەوە؟ دەتگوت چەقۆکەی لە دڵ و گیانی من ڕۆکرد دنیا لەبە پێش چاوم تاریک بوو .هەستم کرد لە ماڵە خۆم داغەریبم . دوو تنۆک فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوار . زانیم ئیدی ئەو ماڵە جێگای من نیە . وەدەرکەوتم و سەری خۆم هەڵگرت و ڕۆییم؟ بۆ کوێ؟ بۆ خۆشم نازانم .ئەوەندەی دەزانم هونەر گیانی منە ، ژیانی منە، بێ هونەر تەنانەت تاوێک ناژیم. دەڕۆم تا دەگەمە جێگەیەک کە هونەر بایەخی بێ .

ڕەنگە لۆمەم بکەی بۆ لێک جیا نەبووینەوە و سەری خۆم هەڵگرتووە ؟ ئاخر باوکم ...باوکم دەست و پێی بەستبووم .چەند جاران پێم گوتبوو کە لەگەڵ هەمین رابواردنمان نابێ هەموو جارێ سەرکۆنەی دەکردم :

ـ ڕۆڵە! جا چۆن کچی کاکم تەڵاق دەدەی و بە سەری دادەیەوە ؟ بێتو کارێکی وابکەی بەلەعنەتت دەکەم.

منیش چارەم نەبوو . دەبوایە بسووچم و بساچم بەڵام ئیدی گەیشتبووە هێچکانم. نەمدەتوانی لەوە پتر توانەوە و لە نێو چوونی خۆم ببینم . تکایە بە کەس و کارەکەم بڵێ لێم نەگەڕێن چوونکە ئیدی نامدۆزنەوە .

سەرکەوتوو بی ."سامڕەند"

نەک جارێک و دوو جار چەند جار نامەی سامڕەندم خوێندەوە خەمێکی گەورە و گران ، گیان و لەشی داگرتم . سامڕەندی هونەروەری هێدی و لەسەرەخۆ ..؛ڕوژینی جوانی بێ وێنە، هەمینی ئێسک گرانی بێهەست و زەوق ... باوکی دوور لە دنیای لاوان ... هەمووی وەک پەردەی سینەما بەبەر چاومدا دەهاتن و دەچوون . منیش کە خۆشەویست ترین هاوڕێمله دەست داوە تەنیا نیم و خەمێکی هەمیشەیی بۆتە هاواڵم ....

نان

هێشتی

رۆژێکی گەرمی هاوین ، لەو رۆژانەی کە هەتاو دار و بەرد دەبرژێنی ، تەنیا بە شەقامێکی شارێکی گەورەدا رادەبردم. هەستم دەکرد گرژم داهێزاوم بەڵام بۆ ؟ باش نازانم .لەسەرەخۆ بەبێوازی هەنگاوم هەڵدەبڕی. جار و بار سەرم هەڵدێنا بۆ دەور و بەر بەڵام نەمدەزانی لە چی بڕوانم. دیمەنی شار بۆم شتێکی ئاسایی بوو. هەمیشە وەکوو گوندێکی چەند گەڕی دیلان و گۆوەندی تێدا بگەڕێ یا چەند مردووی خۆشەویستی لێ مردبێ و لە نێو تەم و مژی خاکەلێوە و دووکەڵی متبەقاندا ون بووبێ، تەم و تومان دایگرتبوو . هاڕەی فڕۆکە ،تەقە و شەقەی کارخانە و هاڕو هووڕی ماشێن و ... لە هەموو شوێنێکی سەر ـ ئاوەڵای شارەوە گوێی پیاویان ئازار دەدا .هەرچەند شەقامەکە تا رادەیەک چۆڵ بوو بەڵام دیسانیش هەرا و هوریای شەقامەکانی دەور و بەر و شوێنەکانی تری شار ، ئیجازەی پێ نەدەدام بیر لەو شتە بکەمەوە کە گنجی خستبووە نێو چاوانم بەڵکوو رۆچنەی

چارەیەک بدۆزمەوە تا تاریکایی خەم و خەفەت بتارێنێ ، زەردە بێتە سەر لێوە بزە لێزیزەکەم .

کە سەرم هەڵدەبڕی بەر لە هەموو شتێک ، خانووبەرە بڵندەکان سەرنجیان رادەکێشام : دیواری خشتی تایبەتی ،بەردی مەڕمەڕ، پەنجەرەی جۆراوجۆر پەردەی حەریر و کرکرە،گوڵدانی بەرهەیوان و بەرپەنجەران هەمووی بۆ چاولێ کردن دەبوون تەماشام دەکردن ، ئەویش بە ناتەواوی چونکە بێتو ویستبام بزانم خانووبەرەکان چەند نهۆمن و سەریان لە کوێ گەڕاوەتەوە و هەتا کوێ لە ئاسمان رۆچوون ، دەبوو بەراو پشت بم ، ناعیلاج چاوم دەبڕییە شەقامی دوور و درێژ و پیادەڕۆیەکەی .

هات و چۆ کەم بوو . بە چلۆنکایی پیرێژنێکی قەرتاڵە بە دەست و پشت چەماو کە چارشێوە رەشەکەی توند لە خۆیەوە پێچابوو و لە درزێکەوە دەیڕوانییەوە بەر پێی یا کیژ و لاوێکی تەڕپۆش کە باسکیان تێک بەزاندبوو ، بە پەنامدا رادەبردن .

تورمبزی ماشێنێکی " ئاخرین سیستم " سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشام .بێئیختیار راوەستام ، دەستم بە نەردەی پیادەڕۆیەکەوە گرت و چاوم تێ بڕی. پیاوێکی مل باریک دابەزی . دەرگای لای خۆی گالە.دا . دەستێکی بە کراواتەکەیدا هێنا . بە پێشەوە دا چوو بۆ ئەودیوی ماشێنەکە . دەرگای ئەولاش کرایەوە .ژنێکی چاویلکە لە چاوی سەر رووت هاتە خوار. پەتجەی کەوشە بریقەدار و پانیە بڵندەکەی لە سەر ئاسفاڵتەکە دانا. بەلەکی رووت



و گۆشتن و سینگ و بەرۆکی نیوە داپۆشراو دەرکەوت .

ئەویش بە ئارامی دەرگای لای خۆی پێوەدا .چاویلکە مەیلە و سوورەکەی بێ ئەوەی کە لە گوێی جوێ بێتەوە بەرەو ژوور برد و لە سەر پەرچەمی رەشی جێگیر کرد . دەستێکی بە سەر و بسکیدا هێناو سەرشانی پێ داپۆشی. چاوێکی لە دامەنەکەی ، کە بە ئاستەم ئەژنۆی دەنگاوت ،کرد، کیفە شیک و جوانەکەی لە قۆڵی کرد و دەستەکەی دیکەی لە باسکی کابرا وەرێنا و بە جووت لە پلیکانەکانی ساختمانێک وەسەر کەوتن کە لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو"سازمان تأمین رفاه اجتماعی"وەژوور کەوتن . دیسانیش چاوێکم بە نووسراوی سەردەرگا و دیمەنی ساختمانەکەدا گێڕا . واقم وڕمابوو . پێم سەیر بوو ئەوانە بۆ دەبێ بچنە ئەم ئیدارەیە .ئەگەر بەوناوەبێ کە لەسەر دەرگاکەی نووسراوە ئەو ژن و پیاوە هیچ پێوەندییەکیان بەم ساختمانەوە نیە. ئەوان چی

و ئێره چی؟ به ناوه‌که‌ی ڕا ئه‌و ئیداره‌یه ده‌بێ ده‌ستی لێقه‌وماو و بێئه‌نوایان بگرێ و ژیانی خۆشیان بۆ دابین بکا .ئه‌وانه‌ش وێ ناچێ له‌م بابه‌ته‌وه که‌م و کووڕییه‌کیان هه‌بێ .ئه‌مجار که‌وتمه دوو دڵی و به خۆم گوت : له‌وانه‌یه کاربه‌ده‌ستی ئه‌م ئیداره‌یه بن . به‌ڵام زۆر له دوو دڵێدا نه‌مامه‌وه .ژن و پیاوه‌که هاتنه ده‌ر و سواری ماشێنه‌که بوونه‌وه و ڕۆیشتن .

هه‌ر چه‌ندی لێکم داوه ، فایده‌ی نه‌بوو .له‌مه‌ڕ پێوه‌ندی ئه‌وان و ئه‌و ئیداره‌یه هیچم بۆ نه‌چۆوه سه‌ر یه‌ک . به‌ڵام چی وا پێ نه‌چوو ژن و پیاوێکی دیکه هه‌ر به‌و چه‌شنه له‌و ساختمانه وه‌ژوور که‌وتن ....

نه‌خێر، دیتم بیر کردنه‌وه بێفایده‌یه و جگه له‌وه که زیاتر سه‌خڵه‌ت بم ئاکامێکی نیه . ده‌ستم له نه‌رده‌ی پیاده‌ڕۆ بۆوه و پێم هه‌ڵبڕی .

له‌به‌ر که‌م برسێتی بیوم حه‌زم نه‌ده‌کرد خۆم زۆر به‌م مه‌سه‌له‌وه خه‌ریک بکه‌م.

هه‌روا چاوم ده‌گێڕا تا به‌ڵکوو شتێکم چاو پێ بکه‌وێ خۆمی پێ بخافڵێنم . چه‌ند هه‌نگاوێک ڕۆیشتبووم ، گه‌یشتمه ڕاستی به‌تاڵاییه‌ک .ئاوڕێکم وێ دا . ڕه‌شاییه‌کم دیت ، ڕاوه‌ستام و پاڵم وه‌دارێکی قه‌راغ شه‌قامه‌که دا . ده‌ستم له پشته‌وه گرێ دا و چاوم تێ بڕی .

ده‌وری به‌تاڵاییه‌که به دیواری ساختمانه‌کان گیرابوو ته‌نیا لای شه‌قام ئاوه‌ڵا بوو .

که‌لاوه بوو .یه‌کێک له‌سه‌ر ئه‌ژنۆ و چنگان له‌وێدا ده‌سووڕایه‌وه .له‌ڕ و لاواز،بۆر و دڕوێن ، سه‌ر قرژن و دزێو بوو .زبڵ و خاک و خۆڵی نێو که‌لاوه‌که‌ی هه‌ڵگێڕ و وه‌رگێڕ ده‌کرد . چنگی تێ وه‌رده‌دا ده‌ست و لاقی وه‌هه‌ر کوێ بکه‌وتایه ، به هه‌ڵپه‌وه چاوی له‌و شوێنه ده‌بڕی . دوای ماوه‌یه‌ک گه‌ڕان ڕاست ده‌بۆوه. کراسێکی شڕی له‌به‌ردا بوو ته‌نیا چه‌ند تیتۆڵ و بزگوڕ بوو ، لاکه‌له‌که و سه‌رشانی داپۆشیبوو .له‌به‌ر چڵکنیان به زه‌حمه‌ت ده‌ناسراوه .به‌ندی شاڵواره‌که‌ی به هه‌ودا به‌نێک به‌ستبوو .هه‌ندێک به‌سه‌ر پێوه ڕاده‌ما و چاوی به ده‌ور و به‌ریدا ده‌گێڕا ، دیسان داده‌هاته‌وه و ده‌ستی ده‌کرده‌وه به پشکنین .دیمه‌ن و ڕواڵه‌ت و سه‌ر و سیماکه‌ی ببووبه هۆی ئه‌وه که به‌زه‌ییم پێیدا بێ . حاڵی خۆم له بیر چۆوه ، پێم خۆش بوو بزانم بۆ واده‌کا ؟ ده‌بێ چی لێ ون بووبێ؟ هه‌روا که چاوم لێ ده‌کرد، له ده‌ور و به‌ریم ده‌ڕوانی به‌ڵام چم بۆ ساغ نه‌بۆوه . بیرم به‌وانه ڕانه‌وه‌ستا و تاوێک له‌وه پێشم هاته‌وه به‌رچاو :ماشێنی ئاخرین سیستم ،به‌رگی ڕازاوه و ڕێک و پێک ، چاویلکه‌ی مه‌یله و سوور ،کیفی تایبه‌تی و له هه‌موویان گرینگتر ، "سازمان تامین رفاه اجتماعی"!

هه‌روا له‌م بیرانه‌دا بووم که وه‌ک برووسکه لێم بدا ،له جێی خۆم وشک هه‌ڵاتم .هه‌ستم کرد ئه‌ژنۆم ده‌له‌رزن و ناتوانم له‌سه‌ر پێیان ڕاوه‌ستم .

له‌سه‌ره‌خۆ هه‌ڵترووشکام .هه‌موو بیر و هۆش و چاو و گوێم ده‌ربه‌ستی کابرا بوو .ئه‌ویش دانیشتبوو .له پشکنین وێستا بوو. پاڵی دابۆوه ، لاقی ڕاکێشابوو .یه‌کێک له لاقه‌کانی سواری ئه‌وی دیکه کردبوو . ددانه‌کانی له بن لێوه چرچ و بۆره‌کانیدا سپی ده‌چوون . ده‌تگوت ده‌یه‌وێ پێ بکه‌نێ .

ئه‌مجار به‌ڕاستی پێده‌که‌نی شتێکی بۆری به ده‌سته‌وه بوو. لێی خورد ده‌بۆوه ، ئه‌م دیو ئه‌و دیوی ده‌کرد. ده‌ستی پێدا دێنا . دوای هێندێک ڕامان بۆ لای ده‌می برد . ڕوون نه‌بۆوه چیه ،زۆری لێ خورد بوومه‌وه .ئه‌مجار بۆم ده‌رکه‌وت ، ده‌سکه‌وتی ئه‌و هه‌موو گه‌ڕان و پشکنینه‌وه‌ی بوو:کوته نانێک بوو که به ئیشتیاوه ده‌یخوارد.

ئه‌ویش چاوی تێ بڕیبووم.

هه‌روا که ده‌می ده‌بزاوت ، پێده‌که‌نی.یه‌کدا به دوو به دڵمدا هات که له‌وانه‌یه شێت بێ . شکم هه‌بوو به‌ڵام له‌وه‌دا هیچ شکم نه‌بوو که : ئینسان بوو، برسی بوو!

⟵ پاشماوەی کورتە باسێک ...

نالکێنین،وەک : **هەڵ لەرزین ، هەڵ لووشین** و ...

١٥ – لەگەڵ ئەوەی پێویستە بڕگەکانی هەر وشەیەک بەسەر یەکەوە و بە جوێ لە وشەکانی ئەم لا و ئەولای بنووسرێن ، دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە " **و** "ی عەتف و زۆر وشەی یەک پیتی و دووپیتی وەک : **چ** ، **چی** ، **دا** (سێهەم شەخس لە فیعلی دان و لێ دان) و ... بۆ خۆیان وشەیەکی جیاوازن و دەبێ بە جوێ لە وشەکانی تر بنووسرێن ، وەک : " **وت و وێژ** " ، " **کشت و کاڵ** "، " **چ دەکەی** " ، " **ئەو کتێبەی بە عەلی دا** "، " **لەو سەگەی دا** " و ...

بەڵام ئەگەر بنووسین " ئەو کتێبەی بە عەلیدا ناردەوە" دروستە چونکو لێرەدا "**دا** " فیعلی سێهەم شەخس و وشەیەکی جیاواز نیە و پاشگرە .

١٦ – ئەو وشانەی تەشدید (گیرەیان) هەیە لە کوردیدا بە شێوەی ئاسایی بەبێ تەشدید دەگوترێن و دەنووسرێن ، وەک : **مەلا ، حەمە ، موزەفەر ، قەساب ، نەجار ، . .** لە جێگای ملاّ ، محمّد ، مظفّر ، قصّاب ، نجّار و ... .بەڵام ئەگەر لە جێگایەک تەشدید تەلەفوز بکرێ ، ئەو پیتەی تەشدیدی لەسەرە دوو جار دەنووسرێتەوە ، وەک : **گوللە ، زللە ، عەییار ، و ...**

(تەواو)

لێرەدا کە کۆتایی بەم کورتە باسە دێنین ، رادەگەیەنین کە تا ئێستا لە لایەن ژمارەیەک لە خوێنەرانی بەڕێزی " سروە "وە رەخنە و پێشنیارمان گەیشتوەتە دەست کە خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا لاپەڕێک بۆ بڵاو کردنەوەیان دەکەینەوە . داواش دەکەین هەر ماموستا و خاوەن ڕایەک نەزەرێکی تایبەتی هەیە بۆمانی بنێرێ. دڵنیا بێ بڵاوی دەکەینەوە . بەڵام هەر وەک پێشتر ڕامان گەیاندووە ئێمە دەست لە رێنووسی خۆمان نادەین تا کونگرەیەک لە ماموستایان و شارەزایانی زمان و ئەدەبی کوردی بڕیاری دوایی لەسەر بدا.

" خوا یارمان بێ "

دەست درێژکەر

«سید جلال الدّین نظامی»

دەستی تە بشکێت ئەی دەستدرێژکەر
ناڤێ تە ببریت ل هەرجی و دەر
مێژوو دبێژیت ژ رۆژێد تاری
ژ بێ بەختی و زولم و زۆرداری
ژ کەدخارنا هێزێد کۆلەدار
ژ زۆرداری و تالانێد هەر جار
ژ ئاه و ئێش و ژ دەرد و ژانان
ژ بێ هێزی یا بێ دەڤ ، زمانان
ژ شین و تازییا دایکێد دل کەسەر
ژان و کوڤانێت سێڤی یێد بەردەر
بەلێ رووپەرێد مێژوویا بەشەر
پڕە ژ خورت و مێرێد خەباتکەر
رابوونە هەمبەر زولم و زۆری یێ
خوئینانە دەر ژ سەر شۆری یێ
ژ کونج و رەخێد جهانا بی سەر
ژ بن دەستی یێ رزگار بوون یێکسەر
جان گۆری کەرێد رێکا راستی یێ
خو گۆری دکەن بۆ سەربەستی یێ
زمان بهاری ، مللەت بوون هوشیار
رابوونە سەرخوە فەقیر و هەژار
بدەنگ و قیرین ، ب مستێد گرێ
بەر هەلاکرن دوژمن بۆ دەرێ
سەری کەد خواران دارێڤە کرن
دەزگاهی زولمێ ئاڤێدا برن
لڤێ دەماکو خەلک شارەزایە
چەکی زانینێ ل دەست و اندایە
عومرێ زۆرداران دێ هەر فەنابیت
دەست درێژکەران دەوام چنابیت

پاشماوەی سروەی ...

هینەکانی کرد ، قانیع نەیهێشت زۆری درێژە بداتێ گوتی باوکم ئەمە چی ئێژی ، بە خوا ئەگەر دایکی (کوتەک)لەترس من بویرێ شیعر بێژێ، زۆر لەمانە خاستر ئێژێ "

پاش حەسانەوە چوونیەوە سەرکار هێشتا کازیوەی نەدابوو هێشتا گوڵە جوانەکانی کوێستانی کوردستان بە سروەی بەیانی نەپشکووتبوون کە " سروە "ی ئێمە کاری تەواو بوو، هیوادارین ئەم سروە تازە نەرمە فێنکایی بخاتە هەناوی سووتاوی کوردی تامەزرۆی بێ بەش و چارە رەش و دڵی وەک گوڵی ئەدەبدۆستان،خاوەن هەستان، رووناکبیران و مامۆستایانی لێزان و دڵسوز و لاوانی زرینگ و وریای کورد بپشکوێنێ .

پاشماوەی یادی...

ئەمرۆ لە کوردستاندا کاریان بۆتە دزی و فزی لە شاعیران و نووسەران ، بێ پرس و ڕا کتێبان چاپ دەکەنەوە و ئاوڕ لە ویژدان و شەرەف نادەنەوە راستی ئەمانە خەتەرن و بەر لە زۆر نووسەران دەگرن کە بە کاری خۆ دڵخۆش کەن . لاوێکی کورد کە بزانێ هەرچی نووسی ئەو دزانە هەر لە حەوا دەیقۆزنەوە و هەق و مەقی بەر پێ دەدن چۆن واز لە نووسین ناهێنی و ناچێ کارێکی تر بکا کە بەرهەمێکی پێ بگا ؟...

راستان دەوێ ئەو کەسانە نەنگی ناو شارەکانتانن، تا دەتوانن لە ناو خۆتانیان دەراوێن.با ئاکاری کۆمەڵگاتان وەک ماڵ و کۆڵانەکانتان پاک و خاوێن رابگیرێ . مامۆستا سەجادی کە مرد، ئەگەر کاری ناپەسەندیشی کرد بێ، کە نەشی کرد .دەگەڵ خۆی بردە بن گڵی . ئەو بەرهەمەی لەو بە میرات ماوەتەوە هەر وشە کوردی یەکانی بێ و هیچی تر نا ، دەتوانین فەرهەنگێ قەبەی لێ پێک بێنین و بیکەینە مایەی شانازی و بە "علاء الدین " بنازین .ئەو کەسەی چوو میژووی ئەدەبە کوردی یەکەی بێ پرس و رای ئەو چاپ کرد و هەقەکەی خوارد، خۆی لەسەر کۆنەی ویژدان بوارد. بەلامەوە ئەو بە سووکی لێ روانینەی نووسەرانی بەکارمانە .پوختەی وتار تکا دەکەم شاعیر و نووسەرەکانتان کە پارێزگاری فەرهەنگ و زمانتانن هەر بە زیندوویی مەمرێنن و بە مردووییش پێی ناوێ بە مۆمیایی بیان هەنوون و تازە نرخیان بۆ دیاری کەن مەیکەن بە نەقڵی چەقەڵی کابرای بەغدا!

خودا حافیز

روون کردنەوەیەک لەسەر فۆڕمی ئابوونمان

ئەو ١١٠ تمەنەی کە دەینێرن بۆ ئابوونمانی شەش مانگ یا ساڵێک نیە ،بەڵکوو بۆ شەش ژمارەی " سروە "یە کە خەرجی پۆست کردنیشی خراوەتە سەر، دیارە بۆ داخوازان لە دەرەوەی وڵات زۆر و کەمی زێدە خەرجی پۆستیشی دێتە سەر ، کە بۆخۆیان دەتوانن بەراوردی بکەن .

اورمیه : صندوق پستی ٧١٧ ، تلفن ٣٥٨٠٠ ،

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتیشاراتی صلاحالدینی ئەییووبی

گاڵته لەگەڵ نووسەرانی سروه — زیانی خۆرو

* چ بنووسین ؟

ـ شتێکی باسی سەر نەبێ .

* ماموّستا پیرەمێرد ....باسی قارەمانەتی صاحبقرانەکان دەکا و ئەوە بە بڕوای من وادەردەخا کە ئەو بنەماڵەیە هەمیشە شاعیر و هۆنەریان بووە .

ـ ئێمەش هاوسێیەکمان هەیە کە بنەماڵەکەیان دارتاش بوون ئەوەش بە بڕوای من وادەردەخا کە ئەو بنەماڵە دوکتۆر و وەکیلی باشیان لێ هەڵ دەکەوێ .

* ئەسپ سەری هەڵتەکاند و دەستی کرد بە کۆڕژن و سەرکێشی،وا دیار بوو دەڵێ.... ئەم چەمەی من دەیبینم ئەسپ سەهلە کلێی پردیش هەڵدەتەکێنێ چاکتر وایە واز بێنی .

ـ چاوی سەرم بی بۆ ئەسپت .لە خاوەنەکەی ژێرترە .

* دایە بەو جلانە لە بیمارستان باشتر دەتوانم هەڵسووڕێم دەنا لیباس ئازادە و دەتوانم بە جلی کوردیشەوە بچمە بیمارستان.

ـ چی..؟ وەباڵ بە ئەستۆی ماموّستا .

* هونەرمەند، زانا، نووسەر، هەر کامیان " پەنجەرەها "یەکن لە شوورەی پۆڵا وبەردینی نەتەوەکەیان ...

ـ تکایە هەمووی بە فارسی بنووسە تا بزانم دەڵێی چی ؟

* ناوی صلاح الدینی ئەیوبی پەیوەندێکی زۆر نیزیکی بە مەڵبەندی فەلەستینەوە هەیە .

ـ باش بوو ڕوونت کردەوە ئەمن پێم وابوو پەیوەندێکی زۆر نیزیکی بەکوردستانەوە هەیە .

* سارد و گەرمی ڕۆژگار مەودای خستبووە نێوانمان .

ـ لە سارد و گەرمی ڕۆژگار پەند وەردەگرن ئەتۆ چ پەندێکت وەرگرتوە؟ ڕەنگە "منداڵە هاج و واجەکان " نەیانهێشتبێ .

* میکرۆب چیە ؟

ـ شتێکە ئەوەندە !

* بەهاری جەوانان .

ـ پڕە لە گیا پشیلە و کەرتەشی و گوێنی و وشتر خۆرکە و بەنگ و شتی والە..

* مزگێنی

ـ بۆ ٥٠ ساڵی دی چاوەڕێی چاپی ٥ کتێب بن .

* چۆن دەبێ ڕەشەبا و زریان ئەرکی خۆیان بەجێ نەهێنن .

ـ کێ ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە تا ئەوان بە جێی بێنن ؟

* بەرکوتێک لە خەرمانی ....

ـ ئای نەوسن چەوەڵێ ناکەی

* لە نەخۆشخانە راوێژکەرم پەرستارێکە .

ـ ئەدی لە " وەتاغی کاولاش " دا ؟

فۆرمی ئابوونمانی گۆواری سروه

من .... سەد و دە تمەن (١١٠) پوولم بە حیسابی ژمارە ٥۴٠٠ ی بانکی سپە ، شوعبەی مەرکەزی ورمێ ، (اورمیە) بە ناوی ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی بۆ ناردوون . داوا دەکەم لە ژمارە .... ی سروه بەدوام جار لەگەڵ جار بۆ بنێرن ، ناو نیشانم ئەمەیە :

ناونیشان : ....

..

شەڕەگەڕەک

مووسا گەرمیانی

گەڕەکی ئێمە تادەهات بەهێزتر دەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوەدانتر و هەراوتر دەبوو، ئەگەر ماڵێکی تازە هاتبایە گەڕەکەکەمان ،ئێمەی منداڵ و مێر منداڵ بەر لە هەموو شتێک زەینمان دەدا چکۆلەکانیان بزانین ئایا بەگوڕن؟ ئازان؟ یا ترسەنۆکن ؟ هێندیان بە شاخ و باڵماندا هەڵدەگوت غوللور بووین و بڕوامان هاتەسەر ئەوەی کە دەتوانین هەڵمەت بەرینە سەر گەڕەکی ڕزگەیان و تێکیان بشکێنین . منداڵی گەڕەکی ڕزگەیان زوربەیان لە گوندەکانی دەوری شارڕا هاتبوون و تازە لەو کوڵانە نیشتەجێ ببوون .ئەوان لە ئێمە مانان باو خۆشتر و توند و تۆڵتر بوون .چەند جار بە شەوی ڕەمەزان دەستەمان لێ ساز کردبوون و لە ئەنجامدا شکابووین و هەڵاتبووین! ئێستا قەدەرێک بوو زۆرتر دەگەڵ ئەو گەڕەکانەی شەڕیان خۆشتر بوو بەشەڕ دەهاتین و وازمان لە ڕزگەیان هێنابوو، گەڕەکی"ئەرمەنیان"کە ئێمەی لێ بووین بۆ دەرمانیش یەک ئەرمەنی لێ نەبوو،"خانم ئەوڕاهام"نەبێ .(کە بۆ دەرمان نەدەبوو.)کۆڵانەکەمان زۆر قەرەباڵغ و خۆش بوو، بە تایبەت ئێوارەکانی کە کچان بەر دەرگای کووچەیان ئاو پرژێن دەکرد و دەیانماڵی بۆنی خۆڵ و فێنکایی هەوا دەگەڵ هات و چۆی جەحێڵان و کۆڕ بەستنی ژنان ، دڵی ئینسانی دەکردەوە . وەک شاعیرمان دەڵێ :

گەڕەک ئەرمەنیە بەهەشتی گۆڕین
ڕوو لە هەر لایە دەکەی هەر حۆرین

لەبیرمە زوربەی ماڵەکان فەقیر بوون بەڵام هێندەی ئێستا خەڵک دەربەستی بوون و نەبوون و ماڵ و سامان نەبوون ژینیان لەگەڵ بێ سامانیش وەک خەونێکی ئارام و بێ ڕووداوە ،ساکار و بێ ئاژاوە، لە نێو کۆڵانی بەپێچ و دەورە لە نێو ماڵی دیوار مۆرە و بازاڕی پڕ هەرا و زەنادا ڕادەبرد .

هێشتا دووکانی سەردارێخانە و قاوەخانەی هەمیشە ئاوەڵە تاک و تەرا هەبوون و شەوانی ڕەمەزان لەوان دووکانانەدا بەزمی "جۆڕابێن"و"میرمیرێن" دادەمەزرا .ڕۆژی جێژنان ئیشکەڕن هەڵدەپەڕین و نەک هەر منداڵ ،پیاوی گەڕاوەش خەریکی کایە و گەمە دەبوون و شەو درەنگانێک بەرەو ماڵ دەبوونەوە .بەڕچاوەی ئەوان لە دونیایان دەڕوانی، ژیان بە هەموو تاڵی و شیرینی و هات و نەهاتی خۆی،ڕووداوێکی پیرۆز بوو .

بەڵام شەڕە گەڕەک بۆ خۆی شتێکی سەیر و سەمەرە بوو، ئێستە کە بیری لێ دەکەوەمە، هیچ هۆیەکی ئەوتۆم وەبیر نایەتەوە کە بۆ ئەوە ببێ ، منداڵی دوو کوڵانی شارێک ئاوا بێبەزەیی‌یانە یەکتر دارکاری بکەن .

سەرگەورەی ئێمە کە هیچمان لە قسەی دەرنەدەچووین کوڕێکی کەڵەگەتی نەترس و بەزیپک و هەتا بڵێی قۆڵم



بوو، زۆریش لە منداڵەکانی نەدەبوو .
گەڕەکی رزگەیان داخدار بوو،
لە دەرفەتێک دەگەڕا لەشکریان
لێ بکا و هەرچۆنێک بێ
نێیان بدا، تا ناوی گەڕەک
هەرمەنی وەک یەکەم گەڕەکی
شار بزرینگێتەوە .

چەند گەڕەکی وەک"پشت قەڵا"
و"سەرپلووسگ" و"سەرخڕێ" و
کۆپین ئاوا"مان بەزاندبوو .
گەڕەکی رزگەیان نەبێ
ئەوانی دیکە لە ئێمە
شکستیان خوارد بوو یا هێند
لە کۆڵانی ئێمە دوور بوون
کارمان بەسەریانەوە نەبوو.
ئەوەندە دەگەڵ گەڕەکان
بەشەڕ هاتبووین ئەگەر
یەکێکمان بەتەنێ بە کوڵانێکی
دیکە دا چووبا، بەسەر و
گوێلاکی شکاو نەبا دەرباز

ئەو شەوەی باسی دەکەم،
دوای راوێژ و تەگبیرێکی زۆر
بڕیاری هەڵمەت بردن بۆ سەر
گەڕەکی رزگەیان درا .

هەموو لە سووچێکی کۆڵان
کۆ بووینەوە کەوش و پێڵاومان
توند کرد و گۆپاڵ و گالۆکمان
بەدەستەوە گرت و وێڕای
هاندانی سەرگەورە، کە بە
دەنگێکی نێرانە دەنگی
دەداین ،ئەو لە پێشەوە و
ئێمە چل پەنجا منداڵی کوتەک
بەدەست بە پێکەنین و
قیژە و هەرا ،بە دوایدا وەڕێ
کەوتین .

هێند بەپەلە بووین و
بڕوامان بە خۆمان پەیدا
کردبوو، نەمانزانی چۆن
گەیشتینە ئەو مەیدانەی رۆژی

پێش بۆ شەڕ دیاری کرابوو،
چمان دیت ؟ لەشکرێک زەلامی
قۆچاخ و رەش و رووت و قۆڵ
هەڵماڵیو کۆ ببوونەوە کە
هیچیان لە منداڵ نەدەچوون !
ئەی خودایە! جا ئەوانە
بابەکانیان دەبێ چۆن بن ؟
گۆپاڵەکانی ئێمە لەچاو هی
ئەوان دەتگوت شووڵە بین ؟
بۆ بەدبەختی هێندێک لەوان
سەری گۆپاڵەکانیان بە مز
و بزمار والێ کردبوو ئەگەر
لە سەری فیلت دابا سەکەتی
دەکرد .هێشتا فەرمانی هێرش
لە لایەن سەرگەورەکەمانەوە
نەدرابوو، ئەوان هەر وەک
سامۆرایی بە قیژە قیژ و
جنێو دان دەورەیان گرتین ،
جنێو چ جنێو! شتی وایان
دەگوت بەردی دەتواندەوە .

قسه و فەزیحەتی وایان بەسەردا دەباراندین لەزەبری گۆپاڵەکانیان گورچووبڕتر بوو . لە هێندێک جنێوەکانیان هەر نەدەگەیشتین . دەنگی تەپە و شەقەی شەق و گۆپاڵ کە لە پشت و سەر و پۆتراکمان دەدرا لەگەڵ هەڕەشە و گوڕەشە و شیرە شیر و قووله و هەرای کرمانجی گەڕەکی رزگەیان تێکەڵ دەبوو . هەراو بەزمێک بوو هەر وەرە سەیری .خەڵکی گەڕەک سەریان لە پەنجەرە و دەلاقە و دەرگاوە هێنابووە دەر و تەنانەت هێندێکیش بۆ نێو بژی و بەریوانیمان هاتن. بەڵام لەمەیان پتر وەسەر و گوێلاکی کەوت و بۆی دەرچوون.

کوڕەکانی ئێمەش چاکیان دەوەشاند بەڵام وادیار بوو ئەستێرەی بەختمان لە خامۆشی دابێ . ئاخری سەرگەورەکەمان قیژاندی و فەرمانی پاشەکشەی دا . دەگەڵ دەرچوونی لەشکری ئێمە دەنگی هەڕەشە و گوڕەشەی زەلامەکانی گەڕەکی رزگەیان بەرزتر بۆوە :"هەڵاتن ! هەڵاتن ! یا خوا بەخێر نەهاتن ! نەیەنەوە مارز بابینە! ...

بەو کووچە و کۆڵانە تاریک وتنووکەدا،بە سەر و گوێلاکی خوێناوییەوە ، لێک هەڵبڕا و تاک و تەنیا لەگەڵ دوو سێ کەسی دراوسێ ، لوور بووینەوە . سەرباقی ئێشی گیانم ترسی دارکاری بابیشم لە دڵدا بوو، دەبوو بە لینگێک کەوش و دەلینگێکی داقەڵشاو و سەر و لووتی داژەنیوەوە ، چووبامەوە بەر دەستی دایک و بابم !

شەو راشکابوو، ئەو چەند چرایەی ماڵان کە شەوقیان لە پەنجەرەکانەوە دەگەیشتە کۆڵان و تۆزە رووناکییەکیان دەدا بەر پێیان،کوژابوونەوە. بێ دەنگی شاری داگرتبوو. لە دەنگی کارخانەی بەرق بەدەر کە لە سەرەوەی گەڕەکی ئێمە بوو ،هیچ هەست و خوستێک نەبوو.ئەو کارخانە ئەوەندەی تەقە تەق و شات و شووتی بوو، ئەگەر ئەوەندەی چرا هەڵکردبا هەموو شاری چراخان دەکرد .

بە شەلە شەل هەڵدەهاتم کە زووتر بگەمەوە ماڵ،هەروا بیرم لە کاری خۆم دەکردەوە لە نەکاو ئەوەندەم زانی ژێر پێم رۆ چوو، کەوتمە نێو چاڵێک،بۆگەنیوی چاڵەکە و تێوە چوونی پێ و پلم هەست پێ کرد، بەهەزار کێشمەکێش خۆم هەڵکێشا و هاتمە دەر ، بە جارێک کارم کرا ! زانیم ئەگەر هەتا ئێستا هەر بابم لێم توورە دەبوو ئەوجار دایکی پاک و خاوێنیش لێم دەتۆرێ و تازە لەسەرم ناکاتەوە !

هەروا کە بەرەو خوارووی کووچە دەهاتم گەیشتمە بەر دووکانەکەی "میرەی"،چراتۆکەی دووکانی میرەی مەیدانێکی رووناک کردبوو، لە سووچێکی دانیشتم و لەبەر تیشکی چراکە بە قاقەزە شڕان دەستم بە خاوێن کردنەوەی لاق و لەتەرم کرد .میرە سەرێکی لە پەنجەرەی دووکانەکەی هێنا دەر،کە چاوی پێم کەوت بزەیەکی هاتێ و سەری بردەوە ژوور . بە شەرمەزاری هەستام و خۆم گەیاندەوە ماڵ، لە دڵی خۆمدا هەر جنێوم بە سەرگەورەکەمان دەدا .دەرگای ماڵ پێوە درابوو بەڵام گۆڵەکەیان نەخستبوو ، بە ئەسپایی خۆم دە ژوورێ خزاند .دایکم هێشتا خەوی لێ نەکەوتبوو. بابم وادیاربوو تازە نوستووە. بە ترسەوە سڵاوم کرد ،دایکم بە سرتە جوابی دامەوە و گوتی : ئەوە هەتا ئێستا لە کوێ بووی؟ بە خودای بابت هێندە توورەیە دەتکوژێ ! (دە دڵی خومدا گوتم: وەڵڵا کەمیان کوشتووم !)

دوایە هەستی بە بۆنی بەرگ و پێڵاوم کرد و هاواری لێ هەستا : ئەیە رۆ ئەو بۆگەنیوە چیە؟ ئەوە بۆ وات لە خۆ کردوە؟ دەنگم نەکرد . بە بێ‌وازی جلەکانم داکەند و لە پاشخانەم دانان و چوومە ناو جێگاکەم . دایکم لەبەر خۆیەوە هەر پرتە و بۆڵەی بوو .

شەڕی گەورە سبەینێ هەڵدایسا!

چارەنووس

سەلاحی عەرەبی

هەر وەک شەوان، تاسەی دانانی پارچە شیعرێک ، لە ژوورە گچکەلانەکەیەوە رەپاڵی نابووە ،قولینچکی زارکی ئەشکەوتە تاریکەکەی ئەوپەڕی دێ .

شنەی زریانی بلاوێن و خەم رەوێن دڵدانەوە و لاواندنەوەی زەوی برژاوی بزە و نیگای ئاورینی هەتاو بوو .

لەسەرەخۆ ، بە ئارامی بێ لەمپەر و بەرگر، شاباڵی لێک دەدا و ئۆخژنی دڵانی بە دیاری دێنا .

تریفەی کانیاوی مانگ ، گۆمیلکە گۆمیلکەی ئەستێرانی وەها پڕکردبوو ، کەلاویان دەکرد، شۆق بەلووزە دەباری .. پاڵی دابۆود ، چاوی بە تاقی ئاسماندا دەخشاند . بە سپایی سەری قەڵەمەکەی لە نێوردێن و سمێڵیدا دەگێڕا .

دەتگوت خەریکی بووژە دەرهێنانە ،بەڵام لەبەر گیا و گۆڵ و فریزووی تێکچڕژاو دەبێ زۆر وردی بکێڵێ و باشی وەرد بداتەوە و خۆشی بکا .

جار جارەش لە ناکاوڕا هێڵ و هۆگانی بەجێ دەهێشت نووکی قەڵەم سەرەوخوار لە گوێن فرمێسکی هەتیو دادەڕژا و بە رووومەتی کاغەزدا دەخوشی

سەرخۆش و دڵخۆش لە مێرگۆڵەی شیعردا ئاولان و دەستەملانی هەستی راکشابوو و لە نێو دۆشەگی نەرمی گیا و گژدا دەتلایەوە.هەر چرپە و چرتە و خورتە و سرتەیەک لە ناخیدا شوێن و شوێنەواری بەنرخی بەجێ دەهێشت، تا لە دێڕی شیعرەکانیدا بۆ هەمیشە بمێنێتەوە .کۆتوی دڵی دەیناڵاند و دەیگماند .

رادەما ، تێنەدەما . لە دەریای خەیاڵدا سواری لۆتکەی وشە دەبوو ، سەوڵی دەدا ، دەسووڕایەوە تا بەدی کردنی مەبەست و وەدی هێنانی ئامانجی . دەریای خەیاڵ بێسنوور بوو ،جار جار شەپۆلێک قەڵبەزەی دەکرد و بڵاو دەبۆوە .

ماشەری رەشی شەو بێپسانەوە هەڵدەوێزرا .

زەمان بێوچان لە تەمەنی هەڵدەبڕی و دەسەر تەمەنی دەکردەوە .نوقمی خەیاڵ لە جێگای خۆی خزیبوو ،گەیشتبووە پلەی رەوەزێک ، هێندەی نەمابوو هەڵدێرێ ، کەچی خشپەیەک وەخۆی هێنایەوە، سڵ بوو، تێکرابوو، کشایەوە کە سەرنجی دا و چاک خورد بۆوە ، ناسینیەوە ،شیعری کۆنی بوون .

بزەی هاتێ !

چۆنە بەسەریان کردوومەوە سەیرە ! .

بە دەم ئەم قسانەوە، گەیشتنە پێشێ .لەبەر دەمی لێک هاڵان و پێی هەڵگەران ، شاگەشکە بوو،وای دەزانی لە خۆشیانە و بۆنی پێوە دەکەن!

ویستی بیانگرێتەوە ئامێز، بەڵام گەمارۆی دەستیبان شکاند ،وا رەکێش کرابوون ، تا ئەوقای ملی نەبوون، نەوەستان ، گرێ دران ،وردە وردە ئەوکیان رێک کوشی ، رەنگی بزڕکا ، کەوتە دوودڵی چیە ؟ چ قەوماوە ؟ ناکا..؟ ئاخر بۆ ؟ بە تفی خۆخنکان ؟!



زانی کار لەکار ترازاوە وچی پێ ناکرێ ، بە هەموو دەمای خۆی تێکۆشا پشوویەک هەڵکێشی و هاوار کا ، بەڵام نا ، نا ، نەیتوانی ، بەری بینە قاقای گرا ،

ژیانی وەک شریتێک لە پێش چاوی هەڵوێزرا ، ژیان پڕ بوو لە ناکامی و بێبەشی و کوێرەوەری ،لە تێگەیشتن و پێ نەگەیشتن ،لە تەنیایی و پیش خواردنەوە ،لە هاوار و بانگاوازی بێوەڵام ، بە کورتی لە تراویلکەی هیوا .

هەناسەی نەبان خۆی تێنەگەیاند. دوور لە چاوان لاقی جووت کرد و سەری نایەوە !

تۆماری ژیانی ژان تێزاوی پێچرایەوە ،بەرەو جیهانی بێدەنگی کەوتە رێ .

پاش دڵنیا بوون لە مەرگی ،شیعری ملی کرانەوە سەرەوخوار خلیسکانەوە بەر دەمی !

سەریان هەڵبڕی ، تێی رامان ،دیمەنی دڵتەزێنی بێتاوان سکاڵای لێدەباری. تاو و تویێ پەشیمانی دایگرتن ،راتڵەکان ، لێک رەها بوون .

خۆیان پێ رانەگیرا ! ئاخر ئەوان هەستی ئەو بوون.

هاواریان لێ بڵند بوو. گوڕەی نیوەشەو لە دەرگای زۆر گوێیدا بەڵام بە داخەوەکەم کەس بە دەنگیانەوەچوون .

پاشماوەی نامەیەکی ...

بینووسم و نەبتوانم بەڕێی کەم هەر لە دڵمدابێ باشترە . بەڵام خۆ سەرەڕای ئەوانەش گلەییم زۆر لە دڵدایە گلەیی لە دڵم دەکەم زەمانێک من بە ویست و تەما و داوای ئەو داو داوی هەودای ژیانم دەڕست. بەڵام ئەو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ رەزا نادا لەسەر ویستی من بێ ،رەنگ بێ چون من لە نووسین وەستام تۆش ماندوو بووبی و چاوەکانت لەسەر یەک دابنێی بەڵام تۆ بی و جوانیت ،کە منت دی ئاوڕێکی بەرەحمەتم وێدە..ئێستا خۆش ویستن لەگەڵ سەردەمی من زۆری نێوان و مەودایە .

نازانم ئێستاش بۆ وەدەست هێنانی دڵی خانوو مانێک چەپکە گوڵێکی خوێناوی بەسە یا لەوەش ئەستەمترە . هەرچی بێ ئەوەم بۆ نووسی بەڵام تۆش ئەوەم بۆ بنووسە با حاڵی بم. جا ئەوەدەم کە وەڵامی پرسیارەکانت دامەوە نامەیەکی پیرانەت بۆ بەڕێ دەکەم .ئەوەش بزانە کە ئەگەر دەستم بە یۆسف راناگا بەبەرامەی کراسەکەی لە دوورەوەش رازیم . ئەگەر چاوم توانا و بڕست وبڕشتی دیتنی باڵای بەرزی تۆی نیە خۆ چاوی تۆ من دەبینێ و هەست بە بوونم دەکا . من پیرم دەزانی پیری چیە ؟ دوامین هەناسەی بەندی بەندیخانەیە لە ژوورێکی سارد و سڕدا . بە پیریت دەدوێنم و بە لاویت دەبینم .

دیاری

مەتەڵ

دەمی شاخە شاخی چەرم
دەنگی زلە تووکی نەرم

*　*　*

ڕەشە لاوازە بێچاو و گوێیە
کەچی کێشکچی بەردەرکی تۆیە

*　*　*

شاخی گایە بە باڵ مەلە
پشت ماسییە بە چوار پەلە

*　*　*

پارووی ڕەشە کشپەڵ سوورە
دەوری حەوزە نێو تەندوورە

*　*　*

وەک چەڵەمەی چەماوە
چوار دەوری چەرمی خاوە
زیندووم لە مردوو ناوە

*　*　*

قسەی خۆش

" برنج "

کابرایەک زۆر زوو قسەی لەبیر دەچوو ،ڕۆژێکی ژنەکەی پێی دەڵێ بۆ ئەوەی ئەمجاریش لەبیرت نەچێتەوە برنج بکڕێ با ئەو لاوێچە برینجە لە مستتدا بێ، کە دەیبینی وەبیرت دێتەوە ،

کابرا زۆر بە بازاڕیدا دەگەڕێ،بێ ئەوەی لەبیری بێ بۆچی هاتووە. پاش ماوەیەک بە عارەقەی دەستی ناڕەحەت دەبێ برینجەکە دەڕێژێ و دیسانیش وەبیری نایەتەوە .دەگەڕێتەوە خێزانی دەپرسێ ؛

ـ کوا برینجەکە ؟

ـ برینجی چی ؟

ـ ئەدی نەمگوت با ئەو لاوێچە برینجەت پێ بێ تا لەبیرت نەچێتەوە

ـ سبحان ا ... برینجەکەم رشت ، هەرچەندم بیر لێ کردەوە نەمزانی بۆچیم پێیە!

" تانجی و کەروێشک "

کابرایەکی راوچی تانجی لە کەروێشکێک بەردا ، کەروێشکەکە بەم هەڵاتنەوە خۆش خۆش ئاوڕی دەداوە و بە تاجییەکەی دەگوت :

ـ خۆ ماندوو مەکە ، نامگرێوە . ڕێوی دەیگوت :

ـ چۆن ناتگرمەوە لاقم لە لاقی تۆ درێژترە و لە تۆش بەهێزترم .

کەروێشک دەیگوت :

ـ ئاخر من بۆخۆم هەڵدێم تۆ بۆ یەکی دیکە .

(وەڵامی بەجێ)

مامۆستا : ئێمە لەتۆرەی ئادەم و حەواین .

قوتابی : ئەدی بۆ باوکم دەڵێ ئێمە لە تۆرەی مەیموونین؟

مامۆستا : کارم بە بنەماڵەی ئێوە نیە !!

پەندی پێشینان

خۆ مەزن نەکە داتۆ نەشکێ .
خەو و کەو ناگەهین ئێک .
داری ستویر نابت کوپال،
داوەتا میرا و گر لە فەقیرا .
شەوا تاری دیارە لە ئێڤاری .
لێڤ ژ ددانا پێشترن .
نکارت کەرێ دکارت کورتێن .
کەس بێ سەلا نابت مەلا .
شێر ژ بیشیا خلاس نابن .
تێری چی هایی ژ برسی هەیە .

لە عەرشەوە تاکوو قورش.
کەس بە دۆی خۆی نالێ ترش.
هەر عەقڵەی لە خەسارێکی.
براما ن برایەتی کیسەما ن جودایەتی.
قشقەڵە بە خۆرایی پشتی گامێش ناخورێنێ.
خوا هێلانە بۆ داعبای کوێریش دەکا.
بەرخ هەتا هەتایە لەبن سەوەی دانابێ.
دەستە وەستا ن چ لە گەرمێن چ لە کوێستا ن.
دزی خومالێ ناگیرێ.
مەنجەڵی میران بە حەوت سال دێتە جۆش.



نەخۆش

کابرایەکی چرووک لاقی دەشکێ و دەچێتە لای جەڕاح.
ـ لاقت دەبێ لە گێچ بگرین ، خەرجیشی دوو هەزار تمەنە .
ـ ئای دوکتۆر ! ناکرێ لە قوڕی بگری و هەزار تمەنم لێ بستێنی ؟



جەسارەتە!

٨ لە خوا لێخۆش بوو ،مەلا ـ ئەحمەدی تەوحیدی یان پرسی: لە خۆت قسە خۆشتر دیوە ؟ گوتی بەڵێ : جارێک لە تەورێز زۆر تەنگاو بووم، لە تاوان خۆم لە رستۆرانێکی مەلا نەخۆرە هاویشت ،گارسۆن هات و ناوی‌خواردەمەنی‌یەکانی خوێندەوە لە نیوەی‌دا قسەم بڕی و بە تورکی گوتم : جەسارەت... نەهیشت ، قسەکەم تەواو بکەم و دەستی گرتم و بردمی‌یە بەردەرکی ئاودەست و گوتی جەسارەتیشمان هەیە .



لێرەدا سوپاسی کاک ئەحمەد دەشتی ، کاک عەلی زەبیحی ، کاک ئیبراهیمی ئەفخەمی ، کاک ئازاد عیسا، کاک کاوەی شنۆیی مەحموود ـ زادە ، کاک بیهزادی میر ئەحمەدی دەکەین کە بە ناردنی دیاری ئەم لاپەڕەیان بۆ رازاندینەوە.

گاڵتەی جێژن

جۆگەلەی خوێنە لە ناو دیدەیی گریانم دا
زۆر لەمێژە نیە هیچ "عانە" لە گیرفانم‌دا

هەر دەڵێی جەرگی منە لەت‌لەت و سوور و کون کون
ئەو "تەماتە"ی هەڵی خست "مێرێ" لە سەربانم‌دا

"جگەرە"ی "رۆزمەن" ئەڵێن زۆرە بەڵام من‌نەم‌دی
غەیری ئەو رۆژە لە ناو باخەڵی میوانم دا

سەرم "ئەسلەع"بووە هەر چەشنی "کەدو" ئێستە نیە
دانەیەک ئەسپێ لەناو زولفی پەرێشانم دا

تۆ کە "جووجە"ی وەرە ناو کاولی مەعدەم!چ دەکەی؟
لە سەرانگوێلک و ،تەویلە،لەبن هەیوانم دا

من کە دەمگوت نیە "شوخێک" کە دڵم بڕفێنێ
"گۆشت‌بزن " هات و بە جارێک سەروسامانم دا

من لەلام وابووکە هەر "گیپە."یە رێی چارەکەچی
"ساوەریش" چەشنی مەسیحایە لە "دەرمانم" دا

" رانک و چۆغە "شرەکەی من کە بە سووری هاوین
لەرز و تام لێیە ئەبێ چۆن بێ لە زستانم‌دا

دەنگی ریخۆڵەمە شمشاڵ لە زگم‌دا چ دەکا
ئەوە سازێکە لە ناو "بەزمی" فەقیرانم دا

شیعرەکانم مەبە کاکە نەکوو رۆژێک لە نەکاو
تۆش بدەی کەولی "خەز" و "تورمە"بەسەرشانم‌دا

هەموو کەس دەردی هەیە کاکە بەڵام دەردی من
هەر گرانتر دەبێ وەک گوێلکی لە پزدانم دا

"جێژنە"یە وبۆنی "کەباب" دێ لە هەموولاوە ومنیش
هەر کولۆی خوێیە کە قرچەی دێ لە قەلیانم‌دا

مامەلی خۆش‌بی ئەتۆ ودەرد و بەڵات هەرچی هەیە
با لە نانی رەق و چای شیرنی بەیانانم دا

پەیامی ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

بۆ مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکارانی کورد بە بۆنەی

برایان ، خوشکینە، قوتابیان خوێندکاران،مامۆستایان !
لە بەرەبەری کرانەوەی قوتابخانە و زانستگاکاندا ، کە وەرزی پشکووتنی خونچەکانی عیلم و زانستە ،پەیامێکمان هەیە بۆ هەموو ئەوانەی قەڵەم بە دەستەوە دەگرن تا تێشوو و زەمهەڕی زانست بۆ دوارۆژێکی رووناک پاشەکەوت کەن !

دەبێ هەموو هەل و مەرجی ناسکی وڵات و کوردستانی خۆشەویستمان بناسن و بۆ رزگاری ئەوانە کە کۆیلەی دەستی دێوەزمەی نەخوێندەوارین خەبات بکەن .

بروانِنە دەستی لەرزۆک و شەقاری پیرەپیاوان و پیرێژنان کە لەبەر کاری بڕست بڕ خوێنیان لە تەواوی ئەندامی لەشی زاوە .بڕوانِنە دەم و چاو و توێڵی توێ توێی هەژارەکان لە دێ و دێهاتی وڵات کە هەرکامیان چیرۆکێکی دوور و درێژی پڕ لە تاڵی و سوێرییان تێدا دەخوێندرێتەوە، هەموو نوێنەری مەینەت و ئازارێکی جەرگبڕن، هەموو وینەگەری خەبات و بەربەرەکانییەکی درێژ خایەنن لەگەڵ خۆڕسک و تەبیعەتی سەرکێش . جا چ لە بەرزایی چیاکان و چ لە قووڵایی دۆڵ و دەرەکاندا. ئێمە دەمانەوێ ئەم ناسۆرانە بنەبڕ کەین .**کە وابوو ئەرکی سەرشانی هەر ئینسانێکی بەشەرەف و هەر کوردێکی شەریفە کە لەو رێگا پڕ کەند و کولۆیەدا بەخەباتی بێ وچانی خۆی درێژە بدا هەتا شوێنەواری نالەباری نەخوێندەواری لەسەر روخساری ژیانی ئەم گەلە چارەرەش و ستەم لێکراوە راماڵێ.**

چینی پێشەنگ لەو جیهادە پیرۆزەدا ئێوەن، بەرپرسی ئەم کارە بەشی زۆری لەسەر شانی ئێوەیە .ئێوەن کە دەبێ دیمەنی دوارۆژی کوردستانتان لەبەر چاو بێ.جوانی و دزێوی ئەم دیمەنە بە دەس ئێوەیە .

ئێستا ئێوەن کە لە مەتەرێزی عیلم و زانستدان بە یارمەتی خودا و بڕوا بە خۆ و پشت بەستن بە نرخ و ئیستیعدادی نادیاری خودا پێداوتان دەتوانن لەم راپەڕینەدا بەشداری بکەن و دوارۆژ لەبەر بەر و بووتان بحەسێتەوە دێوەزمەی رەشی نەزانی سمکۆڵ دەکا پەلاماری بەرنە سەر و ژیانی فەرهەنگی رەسەن و مەکتەبی خۆتان رزگار کەن .

مەوەستن و وچان مەدەن، تا ئەو رۆژەی جووتێری داپەڵۆسراوی بێ بەش دەحەسێتەوە ،تا ئەو کاتەی دوکتور و دەرمان زۆر بێ و ژنی دووگیان لە نێو نەچێ و داخێکی بە جەرگی خوشەویستەکانی دیکەیەوە نەنێ .تا ئەو رۆژەی مامەپیرە بۆ نووسینی نامەیەک دەرک بە دەرک نەگەڕێ.

بەڵێ ئەرکی ئێوە زۆر لەمە گرانترە ! ئێستا ئێوەن و هەزاران چاوی چاوەنواڕی ژن و پیاو و گەنج و لاو .هەموو چاویان لە دەستووبردی ئێوەیە .بۆ دیتنی تەنانەت ساتێکی خۆش چاوەڕوانن چاویان لە ئاسۆ بڕیوە ،ئاخۆ

«ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی»

ساڵی تازەی خوێندن

کەی گزینگی بەختەوەریی سەر لە سوێگە و کێوی بەرز دێنێتە دەر و لک و پۆپی دارستانی ژیان بەیان باش دەڵێ!

ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بە شانازییەوە خۆی هاوبەشی ئەم خەباتە دەزانێ و شان بە شانی ئێوە بۆ بوژاندنەوەی فەرهەنگی رەسەنی کوردی و پەرەپێدانی ئاگاداری و زانستی گەلی موسڵمان و زۆرلێکراوی کورد هەنگاو دەنێتەوە. هەر بۆیەش هانا دەباتە بەر شەپۆلی پڕ تەوژمی چینە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی. لەسەر ئەو بڕوایەیەکە هاوکاری هەموو لایەن دەتوانێ دواڕۆژی رووناکمان بۆ نزیک کاتەوە و رێگای پڕ لە تەنگ و چەڵەمەمان بۆ خۆش دەکا.

لەم هەل و مەرجەدا کە بە لوتفی خودا ئەم راپەڕینە فەرهەنگی ئەدەبییە بە هیممەتی مامۆستایانی ئایین و ئەدەب، ئەدەبدۆستان و زانایان دەستی پێکردووە و سروەکەی فێنکایی دەخاتە دڵ و هەناوی تینووانی ئەدەب، لە وەدی هێنانی ئامانجەکانی دا پشتی بگرن، کە دەتوانێ رۆژ لە رۆژ پتر حەول بدا، هەموو لا باریدەی بدەن.

لە کۆتاییدا پێشنیارمان ئەوەیە کە ئەم ساڵ بە ساڵی جیهادی فەرهەنگی بناسرێ و ئەو پەڕی حەول و تەقەلای خۆمان بۆ بنەبڕ کردنی نەزانی و نەخوێندەواری بدەین.

ئێمە ئامادەین بۆ هەر چەشنە هاوکارییەکی ئەدەبی ـ فەرهەنگی هەرکەس رێنوێنی ـ مان بکا بە باوەشێکی ئاوەڵاوە بەرەو پیری دەچین، ئاواتمان ئەوەیە سروەش بە شێوەیەکی رێک و پێکتر و پڕ نێوەرۆکتر بخەینە بەر دەستی خوێنەران. سەرکەوتووبن. والسلام

ئینتیشاراتی

صلاح الدینی ئەییووبی

ناوەندی بڵاو کردنەوەی

فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

بقیهء سرمقاله

متعال، همه برادران و خواهران کرد را بیاری می‌طلبیم و درحالیکه یقین داریم بدون پشتوانهء مردمی این تلاشها بثمر ننشسته و این نسیم پایان می‌پذیرد، اعلام می‌داریم که این نشریه متعلق به هیچ قشر خاصی نبوده و از همه اقشار مردم مظلوم کرد از جمله:

علما و روحانیون معظم، فرهنگیان ارجمند، دانشجویان و دانش آموزان گرامی علاقمند و خلاصه قاطبه ادبدوستان و اساتید عزیز و بزرگوار، انتظار داریم که کماکان "سروه" را از آن خود دانسته و با دقت و عنایت به محتویات، شکل، قطع، قیمت، و...و خلاصه تمامی ابعاد آن با انتقادات و پیشنهادات اصولی و سازندهء خود، موجبات پشتگرمی و امیدواری دست اندرکاران را فراهم و ما را در تحقق طرحهای آینده و در خدمت به فرهنگ غنی خود یاری نمایند.

سلامتی و سعادت همهء عزیزان را از خداوند منان مسئلت می‌نمائیم.

" هیئت تحریریه"

پاشماوەی مەوەلەوی

ئەم شیعرە دەنووسێ :

خامەی سەراوێز نە چای سیایی
مەرێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی
نامەی سەد شکەنج وەهەم پێچ وەردەن
چون من سەرتا پاش شکەستەی دەردەن
دەوات دووی سیاش جە دەم مەخێزۆ
نامە سیا خاک وە سەر مەرێزۆ
دەوات دووی دەروون گێج دان وەهەمدا
لیقە وێش کێشان وەلیتەی خەم دا
خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە
زار زار مەنالۆ وە دەم دەردەوە
مەوات هەی ئاوات واستەکەی جەستەم
هەی مۆمیایی پێشەی شکەستەم
کام زام بی جە تۆ من نەویم نەسیب
جەفا هەر وەمن ، وەفا پەی رەقیب
زامان تاونان هوونا وان جۆجۆ
دەرد وەبان دەرد یەجە دووری تۆ
بڕیان تای رووباب قافیە خانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم
دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم
نە کوورەی دەروون پڕ جە خارەکەم
ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنان کتاو مەجمووعەی فەردم

لەو سووتانەدا نەک هەر کتێبخانە بەڵکوو حوجرەی دڵیشی دەسووتێ عەنبەر خاتوون بەشێک لە سەرچاوەی ژیان و شیعری ، وەفات دەکا و پۆلوویەکی سووری ئاورین بە گیانە نازەنینەکەیەوە دەنووسێ و بۆ چزە و چرووکی دەگاتە هەموو شاخ و داخ و داوێن و بەندەنەکانی کوردستان . بەڵێ مەرگ نازدارە مەحبووبەکەی بە دیل دەبا و ناڵە لەگیان و دڵی دەخا :

شووڕای عاشووڕان دیسان بەزمش بەست
(موحەڕڕەم)ئاما (مەحرەم) شی نەدەست
ئەو خەریک نە چۆڵ شار عەدەمدا
من نە (کەربەلا)ی سارای ماتەمدا
ئەو (یەزید) مەرگ وەئەسیر بەردە
من زادەی (زیاد) خەم یەقیر کەردە
بازاڕەن ، وادەی مامەڵەن، ساقی
هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی
رۆ ، (حسەین) ئاسا فەردا کە رۆبۆ
داخۆم سەر جەکۆ،لاشەم جەکۆ بۆ ؟

حەوت ساڵ بەر لە وەفاتی چاوە گەشبین و جوانەکانی کوێر دەبن و لە ساڵی ١٣٠٠ ی کۆچی پاش ٧٩ ساڵ تەمەنی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و خزمەت ، کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی (ئەسحابە) لە نزیکی(سەرشاتە)ی تاوەگۆز بە خاک دەسپێردرێ .

شەوەن خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
ئاڵەم گرد وتەن، دۆس خەوەردارەن

(بێسارانی)

پاشماوەی جوغرافیای ... هەوایەکی تایبەتی دەسنیشان وێژرا لە سنووری شێوەی بکەین ، بۆ نموونە ئەو گشتی تێ ناپەڕێ ، چونکوو مەڵبەندەی کە شاری سنەی فەلاتی کوردستان بەوەی تێدا هەڵکەوتووە چونکوو زۆر کە هەموو بابەتە جیاجیاکانی رۆژان هەتاوی تێدەکا لە جوغرافیایی هەیە لە هەموو مەڵبەندی هەورامان و مەریوان جێگایەکی ئاو و هەوای وەکوو زۆر گەرمتر و وشکترە و بە یەک نیە، بەڵکوو دەتوانین گشتی داوێنەی رۆژهەلاتی بۆ هەر مەڵبەندێکی ئاو و چیاکانی زاگرۆس گەرمتر و وشکترن لە داوێنەی لای رۆژئاوای ئەو چیایانە و ئاوەڕۆی چۆمەکان و ئەندازەی بەرزایی مەڵبەندەکانی کوردستان لە ئاڵ و گۆڕ بوونی جۆری ئیقلیمی ئەم مەڵبەندەدا زۆر کاریگەرە .

(تەواو)

درکلیه شهرستانها نماینده فروش «انحصاری فعال» میپذیریم

انتشارات صلاح الدین ایوبی (مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی) درنظر دارد بمنظور رساندن هر چه بهتر و سریعتر مجلهٔ سروه و سایر کتب و نشریات خود بدست علاقه‌مندان در کلیهٔ شهرها بویژه در شهرها و مناطق کردنشین و شهرهای تهران ، تبریز و کرج نمایندهٔ فروش انحصاری انتخاب کند .

یکی از شرایط مهم برای نمایندگی فروش انحصاری در هر شهر این است که بتواند بدون استثناء تمامی کتابفروشیها و مطبوعات فروشیهای آن شهر را که مایل به توزیع نشریات ما باشند تحت پوشش خود قرار بدهد .

ضمناء برای نمایندگی انحصاری فروش نشریات این مرکز ، نمایندگان فروشی که قبلا فرم قرارداد با ما را امضاء کرده‌اند حق تقدم دارند .

برای عقد قرارداد و یا کسب اطلاعات بیشتر می‌توانید با آدرس زیر تماس برقرار کنید .

" اورمیه : صندوق پستی ۷۱۷ ـ خیابان باکری ـ انتشارات صلاح‌الدین‌ایوبی"
" تلفن : ۳۵۸۰۰ "

در ضمن باطلاع خوانندگان عزیز مجلهٔ سروه میرسانیم که در حال حاضر میتوانند این مجله را از مرکز زیر تهیه فرمایند .

۱ ـ بوکان : خیابان انقلاب کتابفروشی صالحی .

۲ ـ مهاباد : فلکهٔ شهرداری،مطبوعاتی قربانعلی کریمی .

۳ ـ مهاباد : کتابفروشی خانی .

۴ ـ مهاباد : خیابان سید نظام ، جنب مخابرات ، کتابفروشی حمیدی .

۵ ـ مهاباد : کتابفروشی موفقی .

۶ ـ سنندج : خیابان شهدا ،روبروی داروخانهٔ رازی ، کتابفروشی گوران .

۷ ـ سنندج : خیابان فردوسی ، نمایندگی روزنامهٔ اطلاعات .

۸ ـ اورمیه : خیابان امام ، کتابفروشی انزلی .

۹ ـ اورمیه : کتابفروشی واقع در ترمینال بزرگ .

۱۰ ـ اورمیه : خیابان شهید باکری، نبش‌کوی ساعد ، انتشارات و کتابفروشی صلاح الدین ایوبی .

۱۱ ـ باختران : مسجد جامع اهل تسنن .

۱۲ ـ سقز : جنب مسجد جامع کتابفروشی محمدی .

۱۳ ـ سقز : کتابفروشی نیما .

۱۴ ـ زیوه : آقای خالد شکری (فعلا ساکن دیزج مرگور)

۱۵ ـ نقده : جنب ژاندارمری ،کتابفروشی خیام .

۱۶ ـ سردشت : نمایندگی روزنامه اطلاعات.

۱۷ ـ تهران : روبروی دانشگاه ،کتابفروشی طهوری .

شیعرێک لە مەستەفابەگی

کوردی

عەزیزان من ئەوا رۆییم لە لاتان — لە مەزلوومان بلەد چۆڵ بێ ولاتان

مەڵێن کەلکی نەبوو رووی جەهەنەم — سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان

لە ئێوەن پادشای لوتف و عەدالەت — بە خاتیرەی بەرێ بمبەخشن لە کەداتان

ئەگەرچی خاکی خۆڵی راگوزارم — بە سەرما خۆڵ نەکەن ناکا سەرباتان

لەگەڵ رۆیشتم جەهەنەم پڕ مەکەن لێم — لە من خاڵی مەکەن گۆشەی دەستەلاتان

منم سەرکردەتان بۆ لەشکری خەم — دەترسم من بڕۆم لەشکری سوپاتان

ئەگەر سەربوونە کەر دڵ بووە کەر رووح — هەموو رۆیین چیە ئیتر تەماتان

سەفەرمان چونکە رێی هات و نەهاتە — دوعامان بۆ بکەن نێوی خەڵاتان

نە فەنز ئەرجووم دەکا کوردی لە جارجار — بلێن یادی مووحیبی بێ ریاتان




نرخی پانزده تومەن